# دەربارەی ڕۆڵی ڕامیاریی و سەربازیی ژنان لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا

بەرهەم جەنگڤان

چاپی یەکەم
٢٠٢٥

ناوی کتێب:

# دەربارەی ڕۆڵی ڕامیاریی و سەربازیی ژنان لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا


نووسەر: بەرهەم جەنگڤان

بابەت: توێژینەوەی مێژوویی

پیتچنین: نووسەر

پێداچوونەوە و هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵڵا

نەخشەسازیی بەرگ و ناوەرۆک: ئومێد محەمەد

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم- ٢٠٢٥

تیراژ: ٥٠ دانە

نرخ:

چاپخانە: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٥٧٦)ی ساڵی (٢٠٢٥)ی پێدراوە

# دەربارەی ڕۆڵی ڕامیاریی و سەربازیی ژنان لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا

بەرهەم جەنگڤان

چاپی یەکەم
٢٠٢٥

## پێشکەشکردن

* پێشکەشە بە دایکم، یەکەمین مامۆستای ژیانم.

* پێشکەشە بە (شنۆ)ی خوشکم.

* پێشکەشە بە گیانی گەشمەردان (مارگرێت جۆرج، لەیلا قاسم، عەزیمە عوسمانی، شیلان ئاراس، زەکیە ئاڵکان، سەما یوجە)، کە لەپێناو ڕزگاریی کورد و کوردستاندا گیانی شیرینی خۆیان بەخت کرد.

* پێشکەش بە گیانی بەرزەفڕی فەرماندەی یەکینەکانی پاراستنی ژن (ئارین میرکان)، کە لە کاتی گەمارۆدانی کۆبانێ و لە چالاکییەکی گیانبازییدا شەهید بوو.

* پێشکەش بە گیانی پاکی (ئاڤێستا خابور)، کە وەک فەرماندەیەکی یەکینەکانی پاراستنی ژن لە بەرخۆدانی دژ بە داگیرکاریی عەفرین و لە چالاکییەکی گیانبازییدا شەهید بوو.

* پێشکەش بە ژنانی قوربانیی پڕۆسەکانی کۆمەڵکوژیی کورد، بە تایبەت پڕۆسەکانی بەدناوی ئەنفال، کە لەلایەن حیزبی بەعسی عێراقەوە ئەنجام درا، لەگەڵ کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان، کە لەلایەن داعشەوە ئەنجام درا.

* پێشکەشە بە یەکینەکانی پاراستنی ژن و ئەو ژنانەی لەناو یەکە و ڕێکخراوە سەربازییە کوردییەکاندا لە خەباتی چەکداریی بەردەوامن.

* پێشکەشە بە ژنانی ناو دامودەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان و خۆبەڕێوەبەریی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا (ڕۆژئاوای کوردستان)، کە بەردەوام تێدەکۆشن بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەم دوو خۆبەڕێوەبەرییەی کوردان لە هێرش و پیلانگێڕیی دوژمنان.

## سوپاس و پێزانین

* سوپاس بۆ خودا، کە کات و توانای پێ بەخشیم تا لە نووسینی ئەم بەرهەمە تەواو ببم و بیخەمە بەر دیدی خوێنەران.
* سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم، کە کەم تا زۆر لە هێنانە بەرهەمی ئەم پەرتووکەدا هاوکارییان کردم.
* سوپاس بۆ (عەبدوڵڵا تاهیر موستەفا)ی هەڤاڵم، کە خەمی نووسینی ئەم پەرتووکەی لەگەڵ بەشکردم.

«کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ»

هێمن موکریانی

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


پێشەکی.......................................................................................................... ٩

**توێژینەوەی یەکەم:** ڕامان لە ڕۆڵی سەربازیی ژنان لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا........ ١١

**توێژینەوەی دووەم:** ڕۆڵی ماتیلدا لە تسوکانی لە خەباتی چەکداریی چاکسازیخوازانی کڵێسا دژ بە ئیمپراتۆر هێنری چوارەمی ئەڵمانیا و لایەنگرانی......... ٤٣

**توێژینەوەی سێیەم:** ئاوڕدانەوەیەک لە ژیانی ڕامیاریی ئیمپراتۆرە ماتیلدا (١١٠٢-١١٦٧)ز......... ٧٩

**توێژینەوەی چوارەم:** مارگرێت لە ئەنجو و ڕۆڵی لە جەنگەکانی دوو گوڵدا (١٤٥٥-١٤٨٥)ز........ ١٠٩

پەراوێز و سەرچاوەکان............................................................................. ١٣٩

**فەرهەنگۆک**.......................................................................................... ١٧١

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

به خوێندنەوەیەکی سەرپێییانە بۆ مێژووی ڕامیاریی و سەربازیی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بۆمان دەردەکەوێت، کە ژنان لەو مێژووانەدا جێگەیەکی کەمیان هەیە، وەلێ گەر خوێندنەوەیەکی قوڵ و ورد بۆ ئەم مێژووانە بکەین، دەگەین بەو ئەنجامەی کە ژنان بە درێژایی ئەم قۆناغە ڕۆڵی خۆیان بینیوە و بەشێکی گرنگی مێژووی ڕامیاریی و سەربازیی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا پێکدەهێنن و کردەوەکانیان باشترین و دیارترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی ڕۆڵی کاریگەر و ڕاستەقینەی ڕامیاریی و سەربازییان لەم قۆناغە مێژووییەدا، کە بە سەدەکانی ناوەڕاست ناسراوە.

ئامانجمان لە نووسینی ئەم توێژینەوانە ئەوەیە، کە توێژەرانی کوردی بواری مێژوو پتر گرنگی بە ژن لە مێژوودا بدەن و خۆیان لە بیروباوەڕ و تێڕوانینە نێرسالاریی و کۆنەپەرستەکانی مێژوونووسانی پێش خۆیان، لە نووسینەوەی مێژوودا بەدووربگرن و هەوڵ بدەن مێژوو بە دیدگایەکی نوێ و مرۆڤانەوە بنووسنەوە، کە خاڵیی بێت لە دەمارگیریی و ڕق و ڕەگەزپەرستی...

ئەم پەرتووکە پێنج توێژینەوەی مێژوویی لەخۆدەگرێت. لە توێژینەوەی یەکەمدا کە ناونیشانەکەی: (ڕامان لە ڕۆڵی سەربازیی ژنان لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا)یە، بایەخمان داوە بە ڕۆڵی سەربازیی ژنان لە مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و هەوڵمان داوە بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی ژنان لەم بوارەدا بخەینە بەر باس. لە توێژینەوەی دووەمی ئەم پەرتووکەدا بە ناونیشانی: (ڕۆڵی ماتیلدا لە تسوکانی لە خەباتی چەکداریی چاکسازیخوازانی کڵێسا دژ بە ئیمپراتۆر هێنری چوارەمی ئەڵمانیا و لایەنگرانی) ڕووناکیمان خستووەتە سەر ڕۆڵی ژنێک لە ململانێ سەربازییەکانی نێوان چاکسازیخوازانی کڵێسا و ئیمپراتۆر هێنری چوارەمی ئەڵمانیا و لایەنگرانی، کە یەکێکە لە گرنگترین ململانێیەکانی نێوان دەسەڵاتی ئایینی و دونیایی لە ئەوروپای سەدەکانی ناڤیندا. ناونیشانی توێژینەوەی سێیەمیش بریتییە لە: (ئاوڕدانەوەیەک لە ژیانی ڕامیاریی ئیمپراتۆرە ماتیلدا ١١٠٢-١١٦٧ز) وەک لە ناونیشانەکەدا دیارە، لەم توێژینەوەیەدا ئاوڕێکمان لە ژیانی ڕامیاریی یەکێک لە بەناوبانگترین و کاریگەرترین ژنەکانی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا داوەتەوە و هەوڵمان داوە گرنگترین وێستەگاکانی ژیانی ڕامیاریی ناوبراو بە کورت و پوختی بۆ خوێنەران بخەینە ڕوو. لە توێژینەوەی چوارەمدا کە ناونیشانەکەی

بریتییە لە: (مارگریت لە ئەنجو و ڕۆڵی لە جەنگەکانی دوو گوڵدا ١٤٥٥- ١٤٨٥ز)، سەرنجمان خستووەتە سەر ڕۆڵی مارگریت لە جەنگەکانی دوو گوڵدا، کە بە یەکێک لە خوێناویترین و وێرانکەرترین جەنگە ناوخۆییەکانی مێژووی ئینگلتەرا دادەنرێت.

هیواداریـن هـەر خوێنەرێک کە ئـەم پـەرتووکە دەخوێنێتەوە، بـە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بیخوێنێتەوە و هەر هەڵە و کەموکورتییەکی بەرچاو کەوت، ئاگادارمان بکاتەوە، تا بۆ چاپێکی تر چاکیان بکەین.

لە کۆتاییدا سوپاس بۆ خودا، کە پاش هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر توانیم لە نووسینی توێژینەوەکان تەواو ببم و هیوادارم ئەم پەرتووکە کەلێنێکی بچووک لەنێو پەرتووکخانەی کوردی پڕ بکاتەوە، هەروەها سەرچاوەیەکی باشیش بێت بۆ خوێنەران و توێژەران. ئەمە و هیوادارم ئەم توێژینەوانە دەروازیەک بە ڕووی توێژەرانی کورددا والا بکات و هاندەرێک بێت تا لە ئایندەدا پەرتووکێکی تێروتەسەل دەربارەی پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاست بنووسرێت و پێشکەش بە پەرتووکخانەی کوردی بکرێت، کە ئەوەندەی ئاگادار بین، تا هەنووکە پەرتووکخانەی کوردی پەرتووکێکی مێژوویی دەربارەی پێگە و ڕۆڵی ژنان لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا بەخۆیەوە نەدیوە.

**چەمچەماڵ**
**دووشەممە**
**(٢٠٢٥/١/٢٧)ز**

هەموو نامەی کتێب

# توێژینەوەی یەکەم:

# ڕامان لە ڕۆڵی سەربازیی ژنان لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا

## پێشەکی

کۆمەڵگەی ئەورووپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کۆمەڵگەیەکی نێرسالاریی بووە و نێر لە بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، وێڕای ئەمەش مێینە بە درێژایی ئەم قۆناغە ڕۆڵی خۆیان لە بوارەکانی ژیاندا بینیوە و جێپەنجەیان بەسەر ڕووداوەکانەوە دیارە و یەکێکیش لەو بوارانە بواری سەربازییە.

لە دیرۆکی سەربازیی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا، ژنان لە هەندێک کات و شوێندا ڕۆڵی کاریگەر و ڕاستەقینەیان بینیوە و کردەوەکانیان باشترین و دیارترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی ڕۆڵی چالاکیی سەربازیی ژنانان لەم قۆناغە مێژووییەدا، کە بە سەدەکانی ناوەڕاست ناسراوە، بەڵام ئەوەندەی ئاگاداربین ئەم ڕۆڵە چالاکانەی ژنان تا ئێستا بابەتی توێژینەوەیەکی زانستی سەربەخۆ نەبووە، ئەمەو لەبەر حەزمان بۆ بابەتەکە و پێویستیی هەبوونی توێژینەوەیەک لە دونیای توێژینەوەی مێژوویی کوردیدا، کە بایەخ بدات بە ڕۆڵی سەربازیی ژنان لە مێژووی ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، پاڵنەر و هۆکار بوون لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتەدا، تا توێژینەوەکی تایبەتی لەسەر بنووسین.

لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا تووشی چەندین گرفت و ئاستەنگ بووین، لەوانە: نەزانینی زمانە ئەورووپییەکان، بەردەست نەبوونی هەندێک لە بەڵگەنامە و سەرچاوەکان.

ئامانجمان لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی سەربازیی ژنان لە قۆناغی مێژووی ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بخەینە ڕوو.

بێجگە لە پێشەکی و دەروازە و ئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان، ئەم توێژینەوەیە لە چوار تـەوەر پێکدێت، لە تـەوەری یەکەمدا هەوڵمان داوە پاشخانی مێژوویی تێڕوانینە نەرێنییەکانی بیرمەندان و فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست لەسەر پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا بە گشتی و تێڕوانینیان بۆ ڕۆڵی سەربازیی ژنان بەتایبەتی ڕوون بکەینەوە. لە تەوەری دووەمیشدا ئاماژەمان بە هەندێک لەو تێڕوانینە نەرێنییانە کردووە، هەروەها بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک هەوڵمان داوە وێنایەکی گشتیی هەڵوێست و تێڕوانینی جڤاکی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ پێگە و ڕۆڵی ژنان لە جڤاکدا بە گشتی و ڕۆڵیان لە بواری سەربازییدا بە تایبەتی، بکەین. لە تەوەری سێیەمیشدا کە بەشێکی گرنگی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنێت، ڕۆڵی سەرکردایەتیی سەربازیی ژنـان، کە لە دوو پلەی جیاوازی

هەواڵنامەی کتێب

فەرمادەیی و دیبلۆماسی کاتی جەنگدا خۆی دەبینێتەوە، خستووەتە بەر باس.
لە تەوەری چوارەمیشدا کە بەهەمان شێوەی تەوەری سێیەم، بەشێکی گرنگی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت، هەوڵمان داوە ڕۆڵی پاڵپشتی سەربازیی ژنان، کە دوو جۆر بووە، یەکەم: لە پاڵپشتی فیزیکی، ڕۆحی... هتد لە شەڕگە و بەرەکانی جەنگدا، دووەم: پشتیوانی دارایی ژنانی ماڵەوە و بەرەی ناوخۆ بۆ چالاکی و هەڵمەتە سەربازییەکان بخەینە بەر باس.

هیوادارین ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەک بە ڕووی توێژەرانی کورددا واڵا بکات و لە داهاتوودا توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی ژنان لە بوارەکانی تری ژیانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا بنووسرێت.

ماوەتەوە بڵێین، کە هیچ کارێکی مرۆڤ، بێ هەڵە و کەموکورتی نییە، بەم پێیەش بێت ئەم توێژینەوەیەی ئێمە لە هەڵە و کەموکورتی بەدەر نییە و دەخوازین خوێنەران بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ئەم توێژینەوەیە بخوێننەوە و لە هەڵە و کەموکورتییەکان ئاگادارمان بکەنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## دەروازە: کورتەیەك دەربارەی ژن لە گوتاری مێژووی سەربازیی لە ڕۆژئاوادا

ئەو بیرۆکەیەی کە ڕەنگە ژنان بە درێژایی مێژوو بەشداربووبن لە جەنگدا، سەرنجی زۆرێک لە نووسەرانی لە هەردوو سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست و مۆدێرن ڕاکێشاوە. ئەم نووسەرانە بەهۆی کۆمەڵێک گریمانەی گشتی و پێشوەختە سەبارەت بە ژنان، هەوڵیان داوە لە توانا جەنگییەکانی ژنان بکۆڵنەوە و ئەو ڕێگایانە دیاری بکەن، کە ژنان دەتوانن، یان ناتوانن بەشداری لە کاروباری سەربازییدا بکەن(١).

مێژوونووس و نووسەر و چاکسازیخوازی ئەمریکی ماری ڕیتەر بێرد(Mary Ritter Beard) ، لە پەرتووکی ژن وەک هێز لە مێژوودا(Woman As Force In History)، دەربارەی ڕۆڵی سەربازیی ژنان لە سەردەمە بەراییەکاندا نووسیویەتی:
**«لەو شوێنانەی کە دەسەڵاتیان هەبوو وەک فەرمانڕەوا ، یان لە خێزانە فەرمانڕەواکاندا ، زۆرجار هانی جەنگیان دەدا و ڕایان دەگەیاند و تەنانەت سەربازەکانیان کۆدەکردەوە کاتێک دەچوونە شەڕەوە. لە بەرەکانی شەڕدا پیاوەکانیان هان دەدا بۆ کاری دڕندەیی. لە هەڵمەتە تاڵانچییەکاندا لەگەڵ پیاواندا بوون. لە ڕیزەکاندا شەڕیان کرد. بۆ بەرگریکردن لە ماڵەکانیان چەکیان هەڵگرت»(٢).**

وا دیارە ماری دڵنیابووە لەوەی کە ژنان بەڕاستی ڕۆڵێکی چالاکیان لە جەنگدا هەبووە و تەنانەت شانبەشانی پیاوان جەنگاون[٣]، وەلێ بە پێچەوانەی مارییەوە دیرۆکنڤیسی سەربازیی بەناوبانگ جۆن کیگان(John Keegan) لە پەرتووکی مێژوویەکی جەنگ (A History of Warfare)دا نووسیویەتی: «**ژنان چاویان لە پیاوە، بۆئەوەی لە مەترسی بیانپارێزێت... هەرچییەک بێت ناجەنگن. بە دەگمەن لەنێوان خۆیاندا دەجەنگن و هەرگیز بە هیچ مانایەکی سەربازیی جەنگ لەگەڵ پیاوان ناکەن. ئەگەر جەنگ هێندەی مێژوو کۆن بێت و وەک مرۆڤایەتی گشتگیر بێت، ئێستا دەبێت بچینە ناو ئەو سنووردارکردنە گرنگە بالآیەی، کە چالاکییەکی تەواو پیاوانەیە**»[٤].

لە ماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا مێژووی سەربازیی بۆ یەکەمجار وەک دیسیپلینێکی ئەکادیمی سەریهەڵدا، هەر لەم ماوەیەدا بەهۆی گۆڕانکارییەکان لە پێکهاتە و ڕێکخستنی سوپاکاندا، مەیلی دوورخستنەوەی ژنان لە سوپای هاوچەرخدا هەبوو، یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم پێشهاتانە ئەوە بوو، کە خزمەتکردنی ژنان وەک شەڕڤان و ناشەڕڤان (دەستێگری سوپا، باربەر، جل شۆر... هتد) پشتگوێ بخرێن. وەک بارتۆن سی هاکەر (Barton C. Hacker) ئاماژەی پێ کردووە، کە مێژوونووسانی سەربازیی دەیانتوانی سوپای ئاسایی ببینن، کە تەنها لە پیاوان پێکهاتوون. ئەم تێڕوانینەش کاریگەری لەسەر خەڵکی دانا و تا ئەم دواییانە، گریمانەیەکی باو لە گوتاری زانستی مێژووی سەربازییدا ئەوە بووە، کە ژنان وەک شەڕکەر خزمەتیان نەکردووە، یان بە دەگمەن خزمەتیان کردووە[٥].

ئەوەی دواجار ڕێگای بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی ڕژد لەسەر ئەم مژارە خۆشکرد، دوو پێشکەوتنی نزیک لە یەکەوە بوون: یەکەمیان، فراوانبوونی جەماوەریی فێمینیزم و مێژووی ژنان لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا. دووەمیان، مشتومڕە زۆرەکان لەسەر دیاریکردنی ڕۆڵی ژنان بۆ شەڕکردن لە سوپا مۆدێرنەکانی ڕۆژئاوادا لە چەند ساڵی ڕابردوودا، دوای ئەوەی ژنان بە ژمارەیەکی زۆر چوونە ناو دامەزراوە سەربازیی و ئەکادیمییەکان. وێڕای ئەمانە مشتومڕەکانی نێوان لایەنگران و نەیارانی شەڕکەرانی ژن نەبڕانەوە و تا ئەمڕۆش بەردەوامن، بەڵام لە درێژەی ئەو مشتومڕانەدا هەندێک لە توێژەران سەرکەوتوو بوون لە سەلماندنی ئەوەی کە لە سەردەمەکانی پێشوودا ژنان دەیانتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر و بە ژمارەیەکی زۆرەوە بەشداری لە جەنگەکاندا بکەن، وەک کەتیبە شەڕکەرەکانی ژنانی سۆڤییەت لە جەنگی دووەمی جیهانیدا[٦].

لە بواری مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستشیدا، مشتومڕ لەسەر ڕادە و گرنگیی ڕۆڵی سەربازیی ژنان هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدان. هۆشیاریی لەسەر شەڕکەرانی ژن، هێواش هێواش بڵاودەبێتەوە، بە تایبەت لەنێوان مێژوونووسە سەربازییە ئەکادیمییەکان، بەڵام ئەو گریمانەیەی کە ژنانی سەدەکانی ناوەڕاست بەشدارییان لە جەنگەکاندا نەکردووە، هێشتا لەناو نەچووە، بۆ نموونە لە کۆتایی سەدەی پێشوو و لە کاتی تێبینیکردنی چالاکییەکانی جاندارک (Joan of Arc)دا، مێژوونووسی ئەمریکی کێلی دیڤریس (Kelly DeVries) ئاماژەی بەوە کردووە، کە جگە لە جاندراک، هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ژنانی جەنگاوەر لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا نەدۆزیوەتەوە. پێدەچێت دیڤریس زۆر بە وردیی سەیری نموونەکانی کۆتایی سەدەی ناوەڕاستی نەکردبێت، کە ژنان بەشدارییان لە جەنگدا کردووە. لە ڕاستیدا بەڵگەی پێویست لە سەرچاوە ڕەسەنەکاندا هەیە، کە بەشداریی ژنان لە جەنگدا بسەلمێنن، بۆ وێنە لە کاتی خوێندنەوەی نامەکانی مارگریت پاستۆن (Margaret Paston)، یاخود تۆمارەکانی ژنانی وەک ئانگێس لە دونبا(Agnes of Dunba) و کاترینا دی گراندیسۆن(Katherine de Grandison) دەردەکەوێت، کە ژنان ڕۆڵی سەربازیان گێڕاوە. ئەمە و نووسینەکانی کریسیت دی پیسان (Christine de Pisan) دەکرێت بەڵگە بن بۆ ئاستی تێگەیشتن و ئاشنایی ژنان بۆ کاروبار و چالاکییە سەربازییەکان. ناوبراو نووسەری زانستنامەیەک(treatise) لەبارەی جەنگەوە و هەوڵی داوە خانمە ئاغاکان بە هەموو شتە سەربازییەکان ئاشنا بکات، بۆ نموونە نووسیویەتی: **«هەروەها وتوومانە کە دەبێت دڵی پیاوێکی هەبێت، واتە دەبێت بزانێت چۆن چەک بەکاربهێنێت و ئاشنا بێت بە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان پێوە هەیە، بۆئەوەی ئامادە بێت فەرمان بە پیاوەکانی بکات ئەگەر پێویست بوو. پێویستە بزانێت چۆن هێرش بکات، یان بەرگریی لە هێرشێک بکات...»**[٧].

سەرەڕای بەرەنگاریی بەشێک لە مێژوونووسانی سەربازیی، لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو ژمارەیەک وتار (article)ی نایاب دەربارەی بەشداریکردنی ژنانی سەدەکانی ناوەڕاست لە جەنگدا نووسران. ئەم وتارانە دەستیان کردووە بە تێکدانی ئەو گریمانەیەی کە پیاوان بە تەنیا لە ڕووی مێژووییەوە جەنگیان ئەنجامداوە[٨]. بۆ نموونە لە ساڵی (١٩٩٠)ز مێگان مەکلۆفلین(Megan McLaughlin) وتارێکی لەبارەی ژنانی شەڕڤانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە نووسی، کە بە کورتی لێکۆڵینەوەی

هەولێرنامەی کتێب

لەوە کرد، کە ژنە جەنگاوەرەکان لە سەرانسەری ئەوروپادا چەندە باو بوون و پێدەچێت دەرگای لێکۆڵینەوەی پتر لەم بوارەدا بکاتەوە[٩].

ماوەتەوە بڵێین، کە زانستی مێژووی مۆدێرن نەیتوانیوە دان بە تەواوی ڕادەی بەشداریی سەربازیی ژنان لە سەدەکانی ناوەڕاستی بەرز تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا (هەروەها سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستیشدا) بنێت، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بووبێت، کە دیرۆکنووسان لە ڕابردوودا گەڕانەکەیان تەنها لە دیارترین نموونەکانی چالاکیی سەربازیی ژناندا سنووردار کردبێت، وەک ئەو ژنانەی کە لە ڕووی جەستەییەوە بەشدارییان لە شەڕدا کردووە، یان ئەو ژنانەی کە وەک سەرکردەی سەربازیی فەرماندەییان وەرگرتووە. لەلایەکی دیکەوە بەشێک لە مێژوونووسان جەختیان لەوە کردووەتەوە، کە ژنان وەک قوربانیی جەنگ ئازار دەچێژن، بەڵام ئەم جەختکردنەوەیە ئەو ڕاستییە دەشارێتەوە، کە زۆرجار ژنان ئەرکێکی چالاکانەی سەردەمی جەنگیان هەبووە. بە کورتی، مێژوونووسان لێکۆڵینەوەی پێویستیان بە بەستێنی فراوانتری ئەزموونە سەربازییەکانی ژنان نەکردووە و پێویستە مێژوونووسان تێگەیشتنێکی فراوانتریان لە پێگەی ژن لە مێژووی سەربازیی ئەم قۆناغەدا هەبێت[١٠].

هەولێرنامەی کتێب

## تەوەری یەکەم: پاشخانی مێژوویی تێڕوانینە نەرێنییەکانی بیرمەندان و فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا لەسەر پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگادا

لە کولتووری ئەورووپیی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەردەوام نێرینە سەنتەر بووە و پێگە و بەهای مێینە کەم دەکرایەوە. ڕیشەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کولتووری یۆنانی کۆن، کە لەو کولتوورەدا ڕقێکی زۆر لە ژن هەبوو، پاشان لە کولتووری ڕۆمانیدا درێژەی پێدرا، دواتریش لە سەرەتای دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحییەتدا بەرگێکی ئایینیی بە بەر کولتووری یۆنانیدا کرا و مۆرکێکی ئایینیی پێدرا[١١]. لەم سۆنگەیەوە وامان بەباش زانی لەم تەوەرەیەدا سەرەتا ئاوڕێک لە دۆخی ژنان لە یۆنان و ڕۆمای کۆن و پاشان لە تێڕوانین و تیۆرییەکانی هەندێک لە فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن و باوکە فەیلەسوفەکان[١٢] بدەینەوە، لەبەرئەوەی بێ تێگەیشتن لە دۆخی ژنان لە یۆنان و ڕۆمای کۆن و تێڕوانین و تیۆری فەیلەسوفەکانی یۆنانی کۆن و باوکە فەیلەسوفەکان، مەحاڵە تێبگەین لەو تیۆری و یاسایانەی کە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا داڕێژران، یان کۆکرانەوە، یاخود نووسران، کە تێیاندا تیۆریستەکان و یاسادانەرەکان پاساویان بۆ دوورخستنەوەی ژنان لە بوارەکانی ژیاندا (بە تایبەت ڕامیاریی و سەربازیی) هێناوەتەوە.

لە کۆمەڵگەی یۆنانی کۆندا ژنان وەکو کۆیلەکان بۆیان نەبوو توخنی ئەو شوێنانە بکەون، کە وتاری سیاسییان تێدا دەخوێنرایەوە، چوون دەبوو زمانیان لە باسکردنی پرسە گشتییەکانی ڕۆژانە بگرن[١٣]. ئەمە و بۆیان نەبوو بچنە ناو گیمناسیا (gymnasia)وە، کە باڕازێکی گشتی بوو، هەروەها بۆ ناو سیمپۆزیا (symposia) ش، کە دادگایەک بوو[١٤]. زەینەفۆن ئامۆژگاری داوە، کە کێلون و کلۆم لە دەرگای ئەو شوێنە بدرێت، کە لە ماڵدا بۆ ژن دانراوە، ئەرستۆڤانیش دەڵێت: ئەوان سەگیان ڕاگرتووە بۆ گەستن، تا پاسەوانیی لە ژنان بکات و پیاوە دۆستەکانیان بترسێنن. بۆیە دەتوانین بڵێین، کە لە یۆنانی کۆندا ماڵ زیندانی ژنان بووە[١٥].

دەگوترێت ئەفلاتون یەکەم کەس بووە بانگەشەی بۆ (ئازادبوونی ژن) کردووە، یاخود یەکەم کەس بووە بانگەشەی یەکسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا کردووە و لە جیهانی دێریندا پەیامبەریی مافی ژن بووە، بەڵام دواجار ئەوانەی پێیان وایە ئەفلاتون پشتیوانی ژن بووە، ناتوانن نکوڵی لەوە بکەن، کە هەمیشە ژنی لەگەڵ منداڵان و ئاژەڵان و کۆیلەکاندا داناوە. لە ڕاستیدا ئەفلاتون لە چوارچێوەی ئەو ترادسیۆنە یۆنانییە دەرنەچووە، کە لە ناخی خۆیدا دوژمنایەتی بەرانبەر ژن هەڵگرتبوو[١٦].

ئەگەر ئەفلاتون لە ڕووی فەلسەفییەوە دۆخی ژنانی یۆنانی وەک ئەوەی هەبوو، باسکردبێت، ئەوا ئەرستۆ ئەو دۆخەی کردە یاسایەک، کاتێک هەوڵی دا تیۆرێک لەسەر ژن دابنێت، کە پایە سەرەکییەکانی لە میتافیزیکەوە وەرگرتبێت، پاشان بەسەر بایۆلۆژیا و دواتریش بەسەر هەریەک لە ڕەوشت و ڕامیارییدا پراکتیزەی کرد، ئەمەش بۆئەوەی ڕاستی و دروستی ئەو دۆخە نالەبارەی ژنان بسەلمێنێت، کە خوو و نەریتە یۆنانییەکان بۆیان دروستکردبوو. ئەم تیۆرەی ئەرستۆ، دوای خۆشی هەر هەژموونی هەبوو و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مۆرکێکی دینی پێدرا، بۆیە هاوڕای سوزان گرۆگ بێڵ (Susan Groag Bell)ین، کە دەڵێت: «**ئەو وێنەیەی ئەرستۆ بۆ ژنی داتاشیوە، زۆر گرنگە، کاریگەرییەکی زۆریشی هەیە، چونکە لە قوڵاییەکانی کولتووری ڕۆژئاوایيدا جێگیر بووە، هەر ئەویش بوو بە سەرچاوەی ناسینی ژنان بە شێوەیەکی گشتی**»[١٧]. گەر بیشڵێین ئەم تیۆرەی ئەرستۆ گواستراوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵات، زیادەڕەویی نییە، بۆ نموونە گەر لە سیاسەتی ئەرستۆدا ژن شیاو نەبێت بۆ ڕابەرایەتی، یان سەرۆکایەتی، یان حوکم، یاخود بەشداری لە بەڕێوەبردنی وڵات و دادپەروەریی... هتد، ئێمەش ئەم بیرۆکانە دەڵێینەوە و پێمان وایە ئەوەی بۆ ژن شیاو و گونجاوە ئەوەیە، کە ژنی ماڵەوە بێت[١٨].

شایەنی باسە، کۆمەڵگەی ڕۆمانی سێ چین ژنی لەخۆ دەگرت، کە ئەمانە بوون:

١. **ژنی ئازادی ڕۆمانی**: ئەویش یەکێک لەمانە بوو: هاوسەر، دایک، کابان، یان خاتوون(Domina) .

٢. **ژنی بیانی**: ئەمیش وەک پیاوی بیانی هیچ ماف و ئیمتیازێکی نەبوو.

٣. **کەنیزەکەکان**: ئەمانەش موڵکی تایبەتی ئاغاکانیان بوون[١٩].

ڕۆما گرنگیی بە ژنانی ئازادی ڕۆمانی دەدا، بە تایبەت پاکێتی و داوێنپاکی، بۆئەوەی نەوەیەکی ڕۆمانی وا بخاتەوە، کە شیاوی ئەوە بێت میرات ببات، کە زەوی و خانوو و پارەش دەگرێتەوە، کەچی هیچ گرنگییەک بە هەڵسوکەوتی پیاوی ڕۆمانی نەدەدرا، پیاو بۆی هەبووە لەگەڵ ژنی بیانی و کەنیزەک ڕابوێرێت، بەڵام نەوەکانی لەو ژنە دانپێنراو نەبوون و هیچ میراتێکیان بەرنەدەکەوت، چونکە بە هاوڵاتییانی ڕۆم نەژمێردراون. ئەمەو دەوڵەت هیچ گوێی بەو پەیوەندییانە نەدەدا، کە لەنێوان پیاوی ڕۆمانی و ژنی بیانی، یاخود کەنیزەکدا دروست دەبوو، کۆمەڵگەش لای خۆیەوە هیچ بەهایەکی بۆ دانەدەنا.

هەرچەندە لە دیرۆکی سەرەتایی ڕۆمدا چەند ژنێکی بیانی کەم دەرکەوتوون، کە ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە، بەڵام لە مێژووی دواتر و شکۆداری ڕۆمادا بیانییەکان هیچ ناو و ڕۆڵێکیان نەبووە[٢٠]. هەرچی کەنیزەکیشە لە ڕۆمادا هیچ مافێکیان نەبووە، چونکە وەک ئاژەڵێک، یان بە گوتەی هەندێک مێژوونووس وەک مانگایەک مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. کەنیزەک بۆی نەبوو شوو بکات، چونکە خۆی و منداڵەکانیشی موڵکی تایبەتی ئاغاکانیان بوون. ڕەنگە کۆیلە و کەنیزەک ژیانێکی هاوشێوەی ژن و مێردایەتی پێکەوە ژیابێتن. کەنیزەک ئەگەر منداڵی ببووایە، ئەوکات مامەڵەی باشی لەگەڵدا دەکرا. لە سەردەمە کۆنەکانی ڕۆمادا، ئەو کەنیزەکەی سێ منداڵی دەبوو، لە کارە قورسەکانی ناوماڵ دەبەخشرا. زۆرجار ڕۆمانییەکان مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ ئەو کۆیلانەدا دەکرد، کە لە ماڵی خۆیاندا هاتوونەتە دنیاوە و لەگەڵ ئەو منداڵانەی خێزانەکەدا کە هاوتەمەنی خۆیان بوون، بەخێویان دەکردن. لێرەوە پەیوەندییەکی دۆستانە لەنێوانیاندا دروست دەبوو و زۆرجاریش هەستکردنی موڵکداریی ڕەهای، کەمی دەکردەوە، چونکە لە وەها حاڵەتێکدا بە چاوێکی تایبەت سەیری کەنیزەک دەکرا. بێگومان بە کاریگەری ئەم هۆکارەش، حاڵی کەنیزەکەکان باشتر بوو، تا ئەوەی دەبینین لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتدا چەند یاسایەک بۆ پاراستنیان دانراوە و زۆرجاریش ڕوویداوە کە ئازاد کراون[٢١].

هەرچەندە نووسەرانی مەسیحی پشتیان بە پەرتووکی پیرۆز بەستبوو، بەهۆی ئەوەی کە نوێنەرایەتی وشەی پیرۆزی خودا دەکات و بە گشتی لەم پەرتووکە پیرۆزەشەدا وێنەی ژن، وێنەیەک نەرێنی بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە نامەکانی پۆڵس (Saint Paul) بوون، کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر نووسەران و بیرمەندانی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست لەسەر تێڕوانینیان بۆ پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا هەبوو[٢٢]. لەم سۆنگەیەوە وامان بەباش زانی، کە پێش ئەوەی تێڕوانینی باوکە فەیلسەفەکان لەسەر ژن بخەینە ڕوو، بە کورتی ئاماژەیەک بە تێڕوانینی پۆڵس لەسەر ژن بدەین.

قەشە پۆڵس یەکێکە لە بەناوبانگترین کەسایەتییەکانی مێژووی بەرایی ئایینی مەسیحی. ئەم پیاوە ڕقێکی زۆری لە ژن بووە و هەمیشە باسی خەسڵەتە خراپەکانی ژنانی کردووە. دەتوانین بیروباوەڕە سەرەکییەکانی قەشە پۆڵس دەربارەی ژن، کە زۆرجار لەلایەن باوکە فەیلەسوفەکان و زانا و لاهوتیی سەدەکانی ناوەڕاست سوود و ئیلهامیان لێ وەرگیراوە، لە سێ خاڵدا کورت بکەینەوە:

**١. پیاو میانگیری نێوان خودا و ژنە.**

**٢. ژن بوونەوەرێکی پلە دووە، کە لەپێناو پیاودا دروستکراوە.**

**٣. ژن بنەڕەتی گوناهە[٢٣].**

کلیمێنتی ئەسکەندەرییە (Clement of Alexandria)، یەکێکە لە باوکانی کڵێسا و یەکەمین فەیلەسوفە مەسیحییەکانی کۆتایی سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی سێیەمی زایینی و بە یەکێک لە دیاترین فەیلەسوفانی ئەسکەندەرییە دادەنرێت. لە ڕوانگەی کلیمێنتەوە؛ ژن هەبوویەکی نزمترە لە پیاو، ئەوەش بەهۆی ئاوەزەوە، کە بە پیاو بەخشراوە و تاجی سەریەتی. لە دیدی کلیمێنتەوە ئەرکی ژن ئەوەیە، کە لە ماڵەوە بیمێنێتەوە و کارێک نەکات هیچ کەسێک لە هیچ شوێنێک بیبینێت[٢٤].

یەکێکی دیکە لە باوکە فەیلەسوفە بەناوبەنگەکان تەرتولیان (Tertullian) بوو، کە لەگەڵ ناوبراودا ڕقی مەسیحییەت لە ژن گەیشتە چڵەپۆپە و بوو بە عەقیدەیەک، کە کڵێسا پێی قبوڵ دەکرا. شایەنی باسە هەڵوێستی تەرتولیان لەسەر ژن، بە شێوەیەکی نائاسایی کیناویی و تۆڵەسەندەوە بوو! ڕەگەزەکانی ئەم هەڵوێستەشی بەم شێوەیە پێکهاتبوون لە: وێناکردنی خراپیی غەریزەکانی ژن و وەزیفەکانیان، گاڵتەکردن بە وەزیفەی دایکایەتی و بێزێزیکردن پێی، تۆقین لە جوانیی ژن، نیگەرانی لە توانای بە هەڵەدابردنی و پێداگرتن لەسەر بەرپرسیاریێتیی ژن لە وەدەرنان لە بەهەشت. ئەم ڕەگەزانەش دوای خۆی بە زەقی لەلای جێنشین و شوێنکەوتووانی و فەیلەسوفە مەسیحییەکانیش دەبینرێت[٢٥].

یەکێکی دی لە باوکە فەیلەسوفەکان، قەشە ئۆگستینە. ئەم پیاوە بە سەرکێشی و پەیوەندیی زۆری بە ژنان و ئەنجامدانی گوناهـ و هەڵەی زۆرەوە بەناوبانگە و خۆشی بەشێکانی لە پەرتووکی دانپێدانانەکاندا گێڕاوەتەوە. ژن لە دیدی ئۆگستیندا لەلایەک لە شێوەی دایکیدا بەو ڕۆڵەی لە ژیانیدا گێڕاویەتی، تروسکایی ئومێد و ڕۆحی پێ بەخشیوە، لەلایەکی دیکەشەوە لە شێوەی دۆست و یاردا چێژی جەستەیی پێ بەخشیوە. وێڕای ئەمانە ئۆگستین زۆر بە توندیی بە بیرۆکەی گوناهی یەکەم کاریگەر بووە، ئەوەش عەقیدەیەک بوو کە خۆی داینەهێناوە، چونکە پۆڵس و تەرتولیان و ئامبرۆز و جگە لەوانیش فێری خەڵکیان کردووە. ئەم جۆرە عەقیدە و ئەو گوناهانەی کە ئەنجامی داون، هەستی ئەوەیان تێدا چاندووە، کە ویستی مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە بەلای شەڕدا کێشکراوە. ئۆگستین هەر ئەوەندەی لە تواناوە بوو، ویستی مرۆڤ بۆ خراپە و گوناهـ بەوە لێک بداتەوە، کە ئەنجامی گوناهەکەی حەوا و خۆشەویستی ئادەم بۆ حەوابێت[٢٦].

هەوڵنامەی کتێب

# تەوەری دووەم: هەڵوێست و تێڕوانینی کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوین لەسەر پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا

لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا کۆمەڵێک یاسا دانران، یاخود نووسران و کۆکرانەوە، ئەم یاسایانە دوو جۆر بوون، یاسای کڵێسا و یاسای دونیایی. بە خوێندنەوەی ئەم یاسایانە، تێڕوانینی بەشێکی کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاستمان لەسەر پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا بۆ بەدیار دەکەوێت.

یاساکانی کڵێسا بە گشتی دژی ژن بوون، تەنانەت هەندێک لە یاساکانی کڵێسا لە ملکەچپێکردنی ژناندا زیادەڕەوییان کرد[٢٧]. لە ڕاستیدا یاساکانی کڵێسا بەتەواوی یاسای ئایینی نەبوون و هەندێک بڕگە و مادەی یاسای دونیایی سەرکوتکەریان لەخۆگرتبوو، بە تایبەت لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە کۆکەرەوەکان زۆرجار یاسا دونیاییەکانیان دەخستە ناو یاساکانی کڵێساوە. بۆ نموونە ئامادەبووانی جڤاتی نانت، کە ساڵی (٨٩٦)ز-دا بەڕێوەچوو، سەرچاوەیەکی پیرۆز، کە نامەیەکی پۆڵسی (Paulism letter) بوو لەگەڵ سەرچاوەیەکی دونیایی، کە بەشێک لە یاسای تیۆدۆسیانۆس (Theodosian Code) بوو، تێکەڵ کرد، ئامانجیشیان لەم کارە، قەدەغەکردنی ژنان بوو لە هەڵگرتنی پۆستە گشتییەکان، کە پۆستە سەربازییەکانیشی لەخۆگرتبوو. لە ڕاستیدا ئەم قەدەغەکردنە بەڵگەی ئەوەیە، کە بەشداریکردنی ژنان لە جەنگ و سیاسەتدا لە سەرەتای سەدەی ناوەڕاستدا پەسەندکراو نەبوو، چونکە وەک ئەوەی لە یاساکەدا ئاماژەی پێدەکات، ژنان تەنها لە کڵێسادا قسەکردنیان قەدەغە نەبووە، بەڵکو بەشدارییان لە دادگا و کۆبوونەوەکاندا لێ قەدەغە دەکرا. ئەگەر یاسایەکی لەو شێوەیە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، ئەوا بەکارهێنانی فەرماندەی سەربازیی بۆ ژنان مەحاڵ دەکرد[٢٨]. لەمەڕ یاساکانی کڵێسا ماوەتەوە بڵێین، کە هەرچەندە ئەم یاسایانە تەنها نوێنەرایەتی بۆچوونەکانی بەشێکی بچووکی دانیشتووانی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست دەکەن و نابێت وەک نوێنەری گشتی هەڵوێستی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست بەرانبەر بە ژنان سەیر بکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەتوانین بڵێین، کە تایبەتمەندیی گشتی، گوتاری یاسایی و تیۆریی کڵێسا سەرکوتکەر و پیاوسالاریی بووە[٢٩].

یاسای مەدەنی (دونیایی) لە یاسای کڵێسا پتر دوژمنایەتیی ژنی دەکرد، بۆ نموونە بەپێی یاسا مەدەنییەکان شوێنی گونجاوی ژنان لەناو ماڵ بوو و بڕیار نەبوو خزمەت بە پاشا بکەن، نە لە سوپا و نە لە هیچ خزمەتێکی شاهانەی تردا. جگە لەوەش لە

یاسای مەدەنیدا لێدانی ژن ڕێگەپێدراو بوو(٣٠)، هەروەها ئەو ئافرەتانەی هاوسەرگیرییان کردبوو، ناسنامەی یاساییان دەخرایە ناو ناسنامەی مێردەکەیانەوە و لە ئەنجامدا مێردەکە بە شێوەیەکی یاسایی کۆنترۆڵ و بەرپرسیاریێتی تەواوی هەبوو لەسەر هەموو موڵک و ماڵی ژنەکەی، واتە هاوسەرگیریی مافی تەواوی بە پیاو دەدا، کە سوود لە هەموو موڵکێکی ژنەکەی وەربگرێت و مامەڵە بە قازانجەکەشییەوە بکات. جگە لەوەش لە یاسادا، ژن لەلایەن مێردەکەیەوە نوێنەرایەتی دەکرا و بەهۆی لاوازیی ژنەوە پێویست بوو لە بەردەم دادگادا ڕێگە نەدرێت ژن یەک وشەش بڵێت و زۆربەی کات پێش ئەوەی بتوانن لەسەر هەر بابەتێک لە دادگا ئامادە بن و شایەتیان لێ وەربگیرێت، پێویستیان بە ڕەزامەندیی مێردەکانیان بوو، تەنیا لە دوو حاڵەتەندا ژنان پێویستیان بە ڕەزامەندیی مێردەکانیان نەبوو تا لە دادگادا شایەتیان لێ وەربگیرێت، ئەوانیش یان دەستدرێژیی بکرایەتە سەری، یاخود مێردەکەی لەبەرچاویدا بکوژرایە، بەڵام بە پێچەوانەوە کچان و بێوەژنەکان دەیانتوانی بە ناوی خۆیانەوە لە دادگادا ئامادە بن و نوێنەرایەتی خۆیان لە دادگادا بکەن(٣١). ئەمەو بەپێی یاسا مەدەنییەکان سزای ژنان توندتر بوو لە سزای پیاوان، بۆ نموونە غەرامەی پیاوێک کە خراپ مامەڵەی لەگەڵ ژنەکەیدا کردبوو، نیوەی غەرامەی ژنێک بوو کە خراپ مامەڵەی لەگەڵ مێردەکەیدا کردبوو(٣٢).

یەکێکی دیکە لەو یاسا دونیاییانەی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست، یاساکانی لۆمبارد بوون، یەکێک لە فەرمانەکانی ڕۆتایر (Edictum Rothari)، کە سەرەتاییترین یاسای لۆمبارد بوو، وەک یاسای سەرکوتکەر بۆ ژنانی چەکدار دەبینرێت، کە تێیدا ئەو ژنانەی کە بەشدارییان لە شەڕ و پێکدادانەکاندا کردووە، کارەکانیان بە ڕەفتارێکی بێشەرمانە بۆ ژنان ناودێر کراوە. ئەمەو گەر فەرمانی لیوتپراندی پاشای لۆمباردەکان(Liutprand, King of the Lombards) لە ساڵی (٧٣٤)ز بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە هەوڵی دا کۆتایی بە بەکارهێنانی چەک بهێنێت لەلایەن ژنانەوە دژی پیاوان(٣٣).

جیا لە یاساکان، دەتوانین ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕە باو و چەسپاوەی کە تاکە شوێنی گونجاوی ژنان ماڵەوەیە، لەناو تیۆری و بەرهەمەکانی بیرمەدان و فەیلەسوفانی مەسیحی ئەوروپای ئەوێ دەمێ بدۆزینەوە، بۆیە هەوڵدەدەین ڕووناکییەک بخەینە سەر گرنگترین ئەو تیۆری و بەرهەمانەی، کە لەلایەن تیۆریست و بیرمەندان و نووسەرانی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپاوە داڕێژران، یان نووسراون.

شایەنی باسە بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست تیۆرەکانی کڵێسا بوونە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەی هەر کەسێکی ئەورووپیدا، تیۆرەکانی کڵێساش لە سەرەتای

سەدەکانی ناوەڕاستدا بەزۆریی پشتیان بە نووسینی باوکە فەیلەسوفەکان دەبەست[٣٤]. لەم سۆنگەیەوە ئێمەش هەوڵ دەدەین ئاوڕێک لە تێڕوانینی هەندێک لەو فەیلەسوف و نووسەرانە بدەینەوە کە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیاون.

تۆماس ئەکوینیی گەورەترین فەیلەسوفی مەسیحییە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و چەند نازناوێکی لێنراوە، لەوانە: مامۆستای گەورەی کڵێسا، مامۆستای فریشتەیی. دەربارەی نووسینە زۆرەکانیشی وتراوە، کە کاتدرائییەکی گەورەی بیرۆکەکانە[٣٥]. تێڕوانینی ئەم فەیلەسوفە بۆ ژن نەرێنییە، بۆ نموونە وتوویەتی: «**ڕەنگە ئافرەت تەنانەت لەگەڵ شەیتان پەیوەندی هەبێت**»[٣٦]. ئەمەو لای وی ڕۆڵی سەرەکیی ژن لە زاووزێدایە، پێویستە لەبەر ئەم هۆکارە سەرەکییەش پارێزگاریی لێ بکەین، بۆیە دەتوانین بڵێین تێڕوانینی تۆماس بۆ ژن لەسەر بە کەمسەیرکردن بەند بوو[٣٧].

یەکێک لەوانەی دژی پرسی بەشداریی ژنان بوو لە جەنگدا، گایلز لە ڕۆما(Giles of Rome) بوو، ناوبراو یەکەم کەس بوو کە ڕووبەڕووی پرسی چەکداریی ژنان بووە. گایلز بە پشتبەستن بە کارەکانی مامۆستاکەی (تۆماس ئەکوینی)، ئاماژەی بەوە دابوو کە ژنان ئەرکی ماڵەوەی خۆیان هەیە و پێویستە خۆیان لە کاری مەدەنی بپارێزن، بانگەشەی ئەوەی کرد، کە لە ڕاستیدا ژنان لە ڕووی جەستەییەوە ناشایستەن بۆ شەڕ، چونکە (چاوی وریا و پشتی ڕاست، گۆشتی ڕەق، ماسولکەی توووند، قاچی درێژ و مەمکی پان) نییە، کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی شەڕ، بەڵکو دەوترێت ژنان پێستیان نەرمە و هێزی جەستەیی پێویستیان نییە بۆ شەڕکردن و بەکارهێنانیان، جگە لەوەش، ژنان لە ڕووی دەروونییەوە بۆ داواکارییەکانی جەنگ ناگونجێن، کە پێویستیان بە ئاوەزێکی بەهێزە. بە بڕوای گایلز ئەگەر ژنان بچنە شەڕەوە، ئەوا سەربازانی نێر سەرقاڵ دەکەن و ترس لە سەرانسەری سوپاکەدا بڵاو دەکەنەوە، بۆیە لەژێر هیچ بارودۆخێکدا، ژنان ناتوانن هیچ پەیوەندییەکیان بە شەڕەوە هەبێت و ئەگەر بەشداریی شەڕ بکەن، ئەوا پێچەوانەی سروشتە[٣٨].

چەند ساڵێک دواتر مێژوونووس و تیۆریستی ڕامیاریی ئیتاڵی بەتلیمۆس لە لوکا (Ptolemy of Lucca)، ڕووبەڕووی هەمان پرس بووەوە، کە بیری گایلزی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. مامەڵەی وی لەگەڵ ژنانی جەنگاوەردا هاوشێوەی گایلز بوو[٣٩].

ناوبراو پێی وابوو، جەستەی ژنان بە تەواوی ناشایستەن بۆ شەڕکردن، چونکە ژنان تەنها بۆ مەبەستی زاووزێ و پەروەردەکردن دروستکراون. وەک شێوەی جەستەیان ئاماژەی پێدەکات، تەنها مەمک و کونی و سکی ژنان گەورەترن لە پیاوان،

لەکاتێکدا ئەندامەکانی تریان باریکتر و لاوازترن، بە تایبەتی لەو ئەندامانەی وەک قۆڵ و قاچ، کە بناغەی خۆڕاگریین، ئەم کەموکوڕییە جەستەییانە ئاماژەن بۆئەوەی کە ژنان چارەنووسیان ژیانی ناو ماڵە و ئەرکی سەرەکییان ڕاپەڕاندنی کارەکانی ناو ماڵە، بۆیە بە پێویست دەزانرێت لە شەڕکردن دوور بخرێنەوە. لەمەڕ ئەمازۆنەکانیش (خێڵێکی جەنگاوەری ژن، کە لەو سەردەمەدا پێیانوابوو لە ڕاستیدا بوونیان هەبووە)، بەتلیمۆس ئاماژەی بەوە دا، کە دەوترێت مەمکی ڕاستیان بڕیوە، تەنها بۆئەوەی بتوانن تیرێک بهاوێژن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ژنان دەبێت چەند بچنە پێشەوە، بۆئەوەی بەسەر بەربەستە جەستەییەکاندا زاڵ بن. ئەمەو بەتلیمۆس پێیوابوو، کە توانای مێشکی ژنان لە مێشکی پیاو کەمترە، هەروەها بەتلیمۆس هەستی بەوە کرد، کە ژنان سەربازەکان بە خودی خۆیانەوە سەرقاڵ دەکەن، ئەمەش توانای سەربازەکان لاواز دەکەن بۆ شەڕکردن بە شێوەیەکی کاریگەر، چونکە شەهوەتی ژنان، دەبێتە هۆی ئەوەی پیاوان بە لاڕێدا بچن و سەرنجیان لەسەر شەڕ نەمێنێت. لەبەر هەموو ئەم هۆکارانە پێشنیاری ئەوە دەکات، کە ژنان ناتوانن و نابێت بچنە شەڕەوە و پێویستە لە ماڵەوە بمێننەوە، لەو شوێنەی کە زۆرترین سوودیان هەیە و دوور بن لە هەر سەنگەرێکی جەنگ[٤٠].

هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی سەدەکای ناوەڕاستی بەرز و کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ پاساوهێنانەوە بۆ وەدەرنانی ژنان لە جەنگ، باوەڕێکی گەشەسەندوو هەبوو، کە ژنان لەگەڵ کەسانی دیکەی ناشەڕکەر دەبێت لە توندوتیژیی جەنگ پارێزراو بن، سەرچاوەی ئەم باوەڕە دەگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەی ئاشتی خودا(Peace of God) ، کە لەلایەن کڵێساوە بەڕێوە دەبرا. کە لەو بزاڤەدا ژنان بەشێک بوون لە گرووپە بێ چەک و ناشەڕکەرەکان و بە هەوڵدان بۆ وەرگرتنی بەڵێن لە ئاغاکان، کە هێرش نەکەنە سەر ژنان، هەوڵدرا ژنان لە وێرانکارییەکانی جەنگ دووربخرێنەوە و بە تێپەڕبوونی کاتیش ئەم باوەڕە شوێنی خۆی لەنێو یاسا کڵێسایی و دونیاییەکان کردەوە، بەپێی ئەم یاسایانە، ژنان ناتوانن و نابێت ناچار بکرێن بچنە جەنگەوە[٤١].

زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەند و تیۆریستەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دژی بەشداریی ژنان بوون لە جەنگدا، بەڵام لەهەمان کاتدا هەندێک نووسەر هەبوون کە پشتگیرییان لە دەسەڵاتی سەربازیی ژنان دەکرد[٤٢]. یەکێک لەوانە کریستین دی پیسانە(Christine de Pizan) ، کە هەندێکجار وەک یەکەم ژنە نووسەری پیشەگەری سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا وەسف دەکرێت. ناوبراو لە هەردوو پەرتووکی شاری خانمان (The Book of the City of Ladies) و گەنجینەی شاری خانمان(The Treasure of the City of

هەواڵنامەی کتێب

Ladies) ، کە بە پەرتووکی سێ فەزیلەتەکە(The Book of the Three Virtues)ش ناسراوە، کە هەردووکیان لە ساڵی (١٤٠٥)دا بڵاوکراونەتەوە، پشتگیری لە جەنگاوەریی ژنان دەکات، یان لە ڕاستیدا هاندەری ژنان بووە و دەتوانرێت وەک یەکەم بەرگریی سەربەخۆ لە چەکداریی ژنان لە تەواوی سەدەکانی ناوەڕاستدا سەیر بکرێت. شایەنی باسە کریستین لە پەرتووکی شاری خانماندا نموونەی مێژوویی، نەک تەنیا ئەو ژنانە دەخاتە ڕوو، کە هەست دەکات ژیر و بەتوانان، وەک فریگۆند، شاژنی فەڕەنسا، بلانچ لە کاستیل و جین دیڤرۆ، بێوەژنەکەی چارڵی چوارەم، بەڵکی نموونەی ئەو ژنانەش دەخاتەڕوو کەوا هەست دەکات بەهۆی لێهاتوویی سەربازییەوە بەناوبانگ بوون، بۆ نموونە شاژن فریدۆگوند. لە پەرتووکی گەنجینەی شاری خانمانیشدا هەوڵ دەدات ئامۆژگاریی ژنان بکات لە هەموو چین و توێژەکان سەبارەت بە ڕۆڵی خۆیان لە جڤاکدا. بۆ نموونە لە باسی ئەرکەکانی ژنە ئاغاکاندا، کە موڵکەکانیان بەڕێوە دەبەن، ڕێنماییان دەکات کە چۆن لە هێرشەکاندا بەرگریی لە موڵک وماڵەکانیان بکەن، لە حاڵەتێکدا گەر هاوسەرەکانیان ئامادە نەبوون[٤٣].

هەرچەندە کۆمەڵگەی ئەورووپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کۆمەڵگەیەکی نێرسالار بووە، بەڵام وێڕای ئەوەش هەندێک لە ژنان توانیویانە لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. جێی خۆیەتی بپرسین؛ چۆن هەست بە کردەوەکانی ئەم ژنانە کراوە؟ کاردانەوەی نەیارانیان چۆن بووە؟ ئەی هەڵوێستی لایەنگرانیان چی بووە؟ بە ئاوڕدانەوەیەک لە هەڵوێست و کاردانەوەی کۆمەڵگەی ئەورووپی بۆ ڕەفتار و کردەوەکانی هەندێک لەو ژنانە، هەوڵ دەدەین بەرسڤی ئەم پرسیارانە بدەینەوە و پتر تێڕوانینی کۆمەڵگەی ئەورووپی بۆ پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا بخەینە ڕوو.

یەکێک لەو ژنانەی کە جێپەنجی دیارە بەسەر ڕووداوەکانی ناو شانشینی فرانکەکان، شاژنی فرانک برۆنهێلدا (Brunhilda) بوو. ئەم شاژنە بەشداریی ململانێ ڕامیاریی و سەربازییە ناوخۆییەکانی ناو شانشینی فرانکەکانی کردووە و لە هەوڵدا بووە، کە دیسان شانشینی فرانکەکان یەکبخاتەوە[٤٤]و پاپا گریگۆری مەزنیش بۆ هاندانی لە خەباتەکانیدا نووسیویەتی و ئاماژەی بەوە کردووە، ئەرکی لەسەرە کە هێز لە دژی دوژمنەکانی بەکاربهێنێت. بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخەکە و بۆچوونەکانی گریگۆری، وا دیارە پاپا ئەو بۆچوونە باوەی بەرپەرچ دابێتەوە، کە دەبێت سزای برۆنهێلدا بدەن، چونکە هێزی بەرکاهێناوە[٤٥]. لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت بە گشتی کۆمەڵگەی ئەورووپی بە توندیی دژی دەسەڵاتی ژنێک بوون.

یەکێکی دیکە لەو ژنانە ئێرین (Irene of Athens) بوو، کە دوای زنجیرەیەک ڕووداو بووە ئیمپراتۆری ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتی. کارەکانی ئەم ژنە مشتومڕێکی گەرم و درێژخایەنی لێکەوتەوە، بە تایبەتی لە دەرباری کارۆلینجیدا، کە کە شارلمان و دەستوپێوەندەکەی هێرشی توندیان کردە سەر ئێرین، بەڵام پاپا هادریان، کە دەیویست پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێرین بپارێزێت، هەوڵی دا دەرباری کارۆلینجی نەرم بکاتەوە، بەوەی نموونەی ژنانی باشی ئینجیلی وەک مارتا و مێری هێنایەوە لەگەڵ قسەیەکی تاڕادەیەک ناڕوون لە ئۆگستینەوە، کە دەیگوت ژنان توانای چاکەیان هەیە، بەڵام شارلمان و دەربارەکەی بە لێکدانەوەیەکی درێژ لەسەر کارەکانی پەترۆس و پۆڵس و باوکانی کڵێسا وەڵامیان دایەوە. لە ڕاستیدا دەگوترێت وەڵامەکانی وەشانی ڕەسەنی ئەم بابەتە، هێرشێکی تاڵتری تێدابووە لەسەر ئەو ئیمپراتۆرە، کە دواتر لەبەر بەرژەوەندیی دیپلۆماسی[٤٦] سڕایەوە، وەلێ تەنانەت وەشانی ئێستاش بە ڕوونی دەیسەلمێنێت، کە شارلمان و دەربارەکەی بە توندیی دژی دەسەڵاتی ژنان بوون[٤٧].

یەکێکی دی لەو ژنانە ماتیلدا لە تسوکانی (Matilda of Tuscany) بوو، کە ژیانی نموونەیەکی دەگمەنی ژنێک دەخاتە ڕوو، کە توانیویەتی لە ماوەی درێژخایەندا بەشداری لە چالاکییە سەربازییەکاندا بکات. ئەمەو یەکێک بوو لە چالاکترین و سەرکەوتووترین ژنە سەربازییەکان لە تەواوی سەدەکانی ناوەڕاستدا و یەکێک لەو ژنە کەمانەی، کە بە پلەی یەکەم بەهۆی دەستکەوتە سەربازییەکانیانەوە یاد دەکرێتەوە و بە ژنەخانەدانی گەورە (gran contessa) ناسراوە[٤٨]. لەم سۆنگەیەشەوە وامان بەباش زانی هەڵوێست و ڕوانگەی هەندێک لە هاوچەرخەکانی بۆ بەشداریی ناوبراو لە ململانێکانی نێوان پاپا گریگۆری حەوتەم و ئیمپراتۆر هێنری چوارەمی ئەڵمانیا بخەینە ڕوو، تا بەرچاوڕوونیی زۆرترمان لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاست (بە تایبەت سەدەکانی ناوەڕاستی بەرز) بۆ پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا هەبێت. دەتوانرێت سەردەمی گریگۆری وەک سەردەمێکی مشتومڕ وەسف بکرێت، کە نەک تەنها سەبارەت بە دەسەڵاتی پاپا، بەڵکو مەودای یاسایی دەسەڵاتی ژنان، چونکە ژیانی سەربازیی ماتیلدا ناکۆکییەکی لەسەر شەرعییەتی فەرماندە ژنەکان دروستکرد، کە تەنانەت ڕژایە ناو ڕیزەکانی چاکسازیخوازانی کڵێساوە، کە هەرگیز بە تەواوی یەکگرتوو نەبوون و ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان هەندێکجار هێندەی دژایەتیکردنیان بۆ ئیمپراتۆر و دژە پاپا توند بوو[٤٩].

جێی گوتنە کۆمەڵێک ئارگیومێنتی داهێنەرانە پێشکەشکرا بۆ پشتگیریکردن لە دۆزی ماتیلدا و سەرکردایەتیی سەربازیی ژنان بە گشتی. لەنێو یەکەم کەسەکاندا ڕێزمانزانێک

بوو، بە ناوی جۆن لە مانتوا (John of Mantua)، کە تەنها بە شرۆڤەیەکی پەرتووکی پیرۆز ناسراوە، کە لە نزیکەی ساڵی (١٠٨١)ز لەسەر گۆرانیی گۆرانییەکان (بەشێکە لە پەرتووکی پیرۆز) نووسیویەتی. ناوبراو هەوڵی داوە ماتیلدا قەناعەت پێ بکات، کە ژیانێکی چالاک کە بەرەنگاربوونەوەی بیدعە و جوداخوازیی لە کڵێسادا، لە چاوی خودادا شەریفە و لە ڕاستیدا بەسوودترە لەوەی ژیانێکی تێراماناویتر وەک ڕاهیبێکی داخراو بەسەرببات، هەروەها جۆن فۆرمێکی تەمثیلی لە ڕاڤەی ئینجیلی بەکارهێنا، بۆئەوەی بڵێت هەوڵەکانی ماتیلدا لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی بەکارهێنانی ڕەوای (شمشێری عەلمانی) دەکەن بۆ بەرگریکردن لە کڵێسا، کە خۆی (شمشێری ڕۆحی)ی بەکارهێناوە[٥٠]. لە بەرانبەردا لایەنگرانی ئیمپراتۆرییەت بۆ بەرچدانەوەی لایەنگرانی ماتیلدا، کە بەرگرییان لە کردەوە سەربازییەکانی دەکرد. کۆمەڵێک ڕەخنەیان ئاڕاستەی بەشداریی سەربازیی ماتیلدا کرد[٥١].

یەکێک لەوانە بۆنیزۆ لە سوتری(Bonizo of Sutri) بوو. ئەم قەشەیە لە سەرەتادا بەهۆی ئەوەی لە ساڵی (١٠٨٢)دا لەلایەن ئیمپراتۆر هێنرییەوە دەرکرا و دواتر لە دەرباری ماتیلدا خۆی بینییەوە، لایەنگریی ماتیلدای کرد و لە یەکێک لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی خۆیدا بە ناوی (Liber ud amicum)، پەسنی ماتیلدا دەکات و بە سەربازێکی خودا و کچێکی ڕاستەقینەی سانت پیتەر ناودێری دەکات، کە دەبێت بۆ بەرگریکردن لە کڵێسا لە دژی کلیمنتی سێیەم و لایەنگرانی شەڕ بکات، بەڵام دوای ئەوەی بە شێوەیەکی مشتومڕاویی هەڵبژێردرا بۆ کورسی پیاچێنزا و لەلایەن ماتیلدا و پاپاوییەتەوە پشتیوانییەکی لاوازی کرا و نەیتوانی پێگەی خۆی لە بەرامبەر نەیارەکانیدا بپارێزێت و لە ساڵی (١٠٨٩)دا بە شێوەیەکی دڕندانە لە پۆستەکەی دوورخرایەوە. لەو کاتە بەدواوە، کەوتە دژایەتیکردنی ماتیلدا و بێهیوایی بۆنیزۆ لە ماتیلدا لە بەرهەمێکی بە ناوی (Liber de vita christiana)، ڕەنگدەداتەوە[٥٢]. بۆنیزۆ هەوڵی دا ئەو نموونانە بشێوێنێت کە زۆرترین جار لە مشتومڕەکانی چاکسازییدا بەکارهێنرابوون، بە مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ چالاکییە سەربازییەکانی ماتیلدا. بۆ نموونە ژنانی مێژووی ئینجیلی و عەلمانی وەک: (مارتا، مەریەم، یائیل، دیبۆرا... هتد) لەلایەن چاکسازیخوازانەوە وەک پێشینەیەک بۆ چالاکییە سەربازیی و سیاسییەکانی ماتیلدا ئاماژەیان پێ دەکرا، لە بەرانبەردا بۆنیزۆ کۆمەڵێک ژنی ئینجیلی و مێژوویی وەک: (کلیۆپاترا، شاژنی فرانک فریدۆگوند، شاژنی لۆمبارد ڕۆزالیند... هتد) بە نموونە هێنایەوە، کە شەرمەزاریی، یان تەنانەت لەناوچوونی خوداییان بەسەر خۆیان و خەڵکانیادا هێناوە، کاتێک دژایەتی

یاساکانیان کردووە و هەوڵی وەرگرتنی پۆستی سەربازیی، یان ڕامیارییان داوە[٥٣].

بۆنیزۆ ئامۆژگاری دەکات، کە شوێنی ژن لە ماڵەوەیە و دەبێت ئەرکی ناوماڵ ئەنجام بدات، نەک سەرکردایەتیکردنی سوپاکان لە بەرەکانی شەڕدا، بە واتایەکی تر خەباتی ماتیلدا تەنیا دەتوانێت زیان بەو کەسانە بگەیەنێت، کە بەشداربوون و دەبێت واز لە چالاکییە سەربازییەکانی بهێنێت[٥٤].

تێبینی ئەوە دەکەین، کە بەهۆی ئەوەی لەو سەردەمەدا گوتاری نووسینی مێژوویی دژە ژنانە بووە و جەنگ بە ڕۆڵی پیاوانە دادەنرا، بەرگریکارانی ماتیلداش کە شەڕیان لەگەڵ ئەم گریمانە باوەدا دەکرد، بۆئەوەی بتوانن لە ژینگەیەکی ئاوادا بەرگریی لە ماتیلدا بکەن، ناچار بوون وەک ژنێکی لاواز و نیعمەتی خودایی وێنای بکەن، یاخود فەزیلەتێکی پیاوانە بە ماتیلدا بدرێت، بە تایبەت وەک پیاوێکی بەشەرەف وێنای بکەن. وێناکردنی ماتیلدا وەک ژنێکی لاواز لەلایەن هەندێک لە مشتومڕخوازانی ماتیلداوە بۆ ئەوە بوو، کە ناتەواوییەکانی هێنری و دادپەروەریی دۆزی چاکسازیی دەربخەن، چونکە شکستی ئیمپراتۆرییەتێکی بەهێز لەلایەن تاکە ژنێکی لاوازەوە لەلایەن زۆر کەسەوە وەک لایەنگری خودا بۆ چاکسازیخوازان دەبینرا. بەرهەرحاڵ ئەم نووسەرانە بەرگرییان لە مومارەسەی فەرماندەیی سەربازیی ماتیلدا کردووە و ئامادە بوون بە شێوەیەکی زۆر بنووسن بۆ بەرگریکردن لە بەشداریکردنی ژنێک لە جەنگدا. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پاڵپشتیی ماتیلدا و گرنگیی گەورەی ئەو بۆ بزاڤی چاکسازیی[٥٥].

پێشتر تێبینیی ئەوەمان کرد، کە لایەنگرانی ماتیلدا ناچار بوون ماتیلدا وەک ژنێکی لاواز وێنا بکەن، یان فەزیلەتی پیاوانەی پێ بدەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە بۆ ستایشکردنیان و ئاماژەدان بە فەزیلەتی ژنە جەنگاوەرانی سەدەکانی ناوەڕاست، بە سیفەتە جەنگاوەرەکانی نێر وەک (ئازایەتی)و (خۆڕاگریی) پێناسە دەکران. لە هەر شکستێکیشدا مێژوونووسان هەڵوێستی ژنکوژتریان هەبوو، بۆ نموونە شکستەکانی هەڵمەتە سەربازییەکەی ئیمپراتۆرە ماتیلدا[٥٦] پەیوەست کرا بە سروشتی خۆبەزلزانیی ژنێک، کە دەرفەتی پێدراوە دەسەڵات و بەرپرسیارێتیی سەربازیی بەرچاو لە ئەستۆ بگرێت. وا پێدەچێت ئەوان پتر حەزیان لەوە بووبێت، کە وەک قوربانییەکی میزاجی ژنانەی خۆی وێنای بکەن، نەک وەک ژنێک کە توانای بڕیاردانی سەربەخۆیی خۆی هەبێت و ڕەخنەگرتنەکانیان ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو، کە ئیمپراتۆرە ماتیلدا وەک ماتیلدای پێش خۆی (ماتیلدا لە توسکانی) خەریکی شکاندنی ئەو نەزمە کۆمەڵایەتییە ئاساییە بوو، کە پیاوان ڕۆڵی سەربازیی سەرەکییان تێدا دەبینی[٥٧].

## تەوەری سێیەم: ڕۆڵی سەرکردایەتیی سەربازیی ژنان لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا

شایەنی باسە سەرکردایەتیی سەربازیی ژنان لە دوو پلەی جیاوازدا ڕوویداوە. یەکەم و باوترین شێوەی سەرکردایەتی کاتێک ڕوویدا، کە ژنان پۆستێکی فەرماندەیی سەربازییان بەدەستەوە بوو، کە لەو حاڵەتەدا ژن دەتوانێت فەرمانی جوڵەی سەربازەکان و بڕیاری ستراتیژیی بدات و بەرپرسیارێتی ئەنجامی کۆتایی شەڕ، یان گەمارۆدانەکەی بگرێتە ئەستۆ، کە تێیدا بەشدار بووە. دووەم کە کەمتر باو بوو، بەڵام هەر پەیوەستە بە ڕۆڵی سەرکردایەتیی سەربازیی ژنانەوە، ئەویش بەشداریی ژنان بوو لە پرۆسەی دیپلۆماسی لە کاتی جەنگدا، کە بە گشتی وەک نێوەندگیر، یان تکاکار بە ناوی لایەنی سێیەمی شەڕکەرەوە بەشداربوون و توانییان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت لە دڵنیابوون لە سەرکەوتوویی دانووستانەکان. ڕۆڵی سەرکردایەتییان لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ژنانی بەشداربوو پێگەی خۆیان بەکارهێناوە بۆ کاریگەریکردن لەسەر یەکێک، یان هەردوو سەرکردەی لایەنی جەنگەکە، بۆئەوەی بگەنە ڕێککەوتن و بەم کارەش ئەگەری جەنگیان کەمکردووەتەوە، تەنانەت ئەگەر تەنها بە شێوەیەکی کاتییش بووبێت. شایەنی باسە هەندێکجار ئەو ژنانەی کە پەیوەندییان بە دیپلۆماسییەوە هەبووە، فەرماندەیی پیاوانیشیان دەکرد (وەک ماتیلدا لە تسوکانی)، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە نزیکەکانی نێوان پۆستی فەرماندەیی و بەکارهێنانی دیپلۆماسی بووە لە جەنگدا[٥٨].

لە ڕاستیدا زۆرێک لەو ژنانەی کە ڕۆڵێکی سەربازیی فەرماندەییان گرتە ئەستۆ، لە دۆخێکی بەرگریدا بوون، کە بەزۆری بەهۆی پێویستییەوە ناچار دەکران بەرگریی لە قەڵا، یان خاکی ماڵەوەیان بکەن و تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی بووە، واتە تا ئەو کاتەی بارودۆخەکان ڕێگەیان بە نێرێک دا جارێکی دیکە پۆستی سەرکردایەتیی سەربازیی بگرێتە ئەستۆ. هەرچەندە ئەو بەرپرسیارێتییەی کە بەسەریاندا سەپێندرابوو، کاتیی بوو، بەڵام ئەمە ڕاستییە و نابێت لەم ڕاستییە کەم بکرێتەوە، کە ئەرکێکی سەربازیی گرنگیان ئەنجامداوە. ئەمەو ژمارەیەکی کەمی ژنان توانییان هەڵمەتی سەربازیی، یان هێرش بە دەستپێشخەریی خۆیان ئەنجام بدەن[٥٩].

پێش ئەوەی باس لە هەندێک لە ناودارترین ئەو ژنانە بکەین، کە پۆستی فەرماندەییان وەرگرتووە، جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین، کە هاوسەرگیریی و

میرات ئاسانکارییان بۆ ژنان کردووە تا پۆستی فەرماندەیی وەربگرن. لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە، بەرپرسیارێتیی سەربازیی بەرچاو دەبەخشرا بە ژنان، بە تایبەت بەو ژنانەی کە بەشێک بوون لە ئەرستۆکراسی سەرەوە، یان ئاغاکان، چونکە کاتێک هاوسەرگیرییان دەکرد، ژنانی ئاغا زۆر بەرپرسیارێتییان لە ئەستۆ گرت، یەکێک لەو بەرپرسیارێتییانە لە حاڵەتە نائاساییەکاندا بوو (بۆ نموونە، ئەگەر گەمارۆ بدرێت)، کە ژنان دەکران بە بەرپرسیار لە بەرگریکردن لەو قەڵایانەی کە تێیدا دەژیان، بە تایبەت کاتێک هاوسەرەکانیان ئامادە نەبوون، یان مردبوون[٦٠]. لەلایەکی دیکەوە باس لەوە کراوە، بەهۆی ئەوەی ژنە ئاغاکان لە ماڵدا دەژیان و کاریان دەکرد، دەرفەتی زۆرتریان هەبووە لەگەڵ پیاوانی سوارچاک و شەڕەکەردا کارلێک بکەن، هەروەها لەوانەیە گوێیان لە گفتوگۆ سەربازییەکان بووبێت، یان بەشێک بووبن لە گفتوگۆ سەربازییەکان، بەمجۆرە ڕەنگە هۆشیارییەکی زۆرتریان هەبووبێت لە چەمکە سەربازییەکان. ئەمەش ڕەنگە ئاسنکاریی بۆ کردبن تا لەلایەن ئەو پیاوانەی کە لەژێر فەرمانیدا بوون، قبوڵ بکرێن، کاتێک کە بانگهێشت دەکران بۆ بەرگریکردن لە موڵک و ماڵی خۆیان[٦١]. لەلایەکی دیکەوە دەبێت بگوترێت کە بە پێچەوانەی ژەنەڕاڵەکانی ئێستا و زۆر لە هاوشێوەی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمان، یان پاشاکانی سەرەتای مۆدێرن، زۆرجار فەرماندەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ناچار نەبوون پێش ئەوەی پۆستێکی فەرماندەییان پێ بدرێت، شەڕ بکەن بۆ سەرکەوتن، بەڵکو ئەم جۆرە پۆستانە دەتوانن پەیوەست بن بە موڵک و ماڵی بۆماوەییەوە، یان دەتوانن خۆیان بە میراتی بگرن، وەک ئەوەی لە ماتیلدا لە تسوکانی و هێنری چوارەمی ئەڵمانیادا ڕوویدا. هەرچەندە بێگومان لێهاتوویی کەسیی، سەرمایەیەکی بەنرخ بوو بۆ هەر فەرماندەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست، وەلێ پێویستییەکی ڕەها نەبووە[٦٢].

بێگومان لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا هاوسەرگیریی دەرفەتێکی نایابی بۆ ژنانی ئاغا ڕەخساند، کە ڕۆڵی سەربازیی ڕەوا و گرنگ لە بەریگرکردن لە موڵک و ماڵی مێردەکانیان بگرنە ئەستۆ. یەکێک لەو ژنانە مارگرێتی فلاندەرز(Margaret I, Countess of Flanders) بوو، کە لە ساڵی (١١٦٩)ز لەگەڵ بلاودینی پێنجەمی کونتی هاینۆت (Baldwin V count of Hainaut) هاوسەرگیریی کرد، بەهۆی هێرشەکانی واساڵە ناپاک و خۆپەرستەکانەوە ناچار بوو قەڵاکانی بەهێز بکات و پتر لە جارێک بەرگریی لە قەڵاکانی بکات. یەکێکی تر لەو ژنانە کوانتێس سیبیلای فلاندەرز (Countess Sybilla of Flanders) بوو، کە دوای ئەوەی ئەرکی بەرپرسیارێتیی

سەربازیی لەلایەن مێردەکەیەوە پێ سپێردا، توانی لە ساڵی (١١٤٨)ز بە ناوی هاوسەرەکەیەوە (لە جەنگی خاچدروشماندا بوو) و بە سەرکەوتوویی سەرکردایەتیی سەربازەکانی بکات لە دژی لەشکرکێشییەکی کونت بلادوینی هاینۆ[٦٣].

جێی گوتنە لەنێو ئاغاکانی سەرەوەدا، هاوسەرگیریی دەرفەتێکی بۆ هەندێک لە ژنان ڕەخساند، کە بە دەستپێشخەریی خۆیان سەرکردایەتیی سەربازیی نیشان بدەن. یەکێک لەو ژنان ئیزابێلای فەڕەنسا (Isabella of France)ی هاوسەری پاشا ئێدواردی دووەمی ئینگلتەرا (Edward II of England) بوو، کە لە ساڵی (١٣٢١)ز-دا و لە ڕووداوێکدا بەشداربوو، کە تێیدا فەرمانی بە مارشاڵەکانی کرد بە زۆر بچنە ناو قەڵای لیدز، دوای ئەوەی لەلایەن مارگرێت دی کلێر (Margaret de Clare, Baroness Badlesmere)ەوە، کە هاوسەرەکەی پشتگیری لە دوژمنەکانی ئێدوارد دەکرد، ڕەتیکردەوە شاژن و دەستوپێوەندەکەی لە قەڵاکە بۆ شەوەکەی بمێننەوە و فەرمانی بە تیرهاوێژەکانی کرد، کە تیربارانی پیاوەکانی ئیزابێلا بکەن و لە ئەنجامدا شەش کەسیان کوشت و شاژنیان ناچار کرد پاشەکشە بکات. ئەوەی لەم ڕووداوەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە دوو ژن فەرماندەیی هێزی سەربازییان دەکرد لە دژی یەکتر، یەکێکیان بەرگریی لە موڵک و ماڵی هاوسەرەکەی دەکرد، ئەوی دیکەیان فەرمانی هێرشەکەی دەدا، کە شەڕ و پێکدادانەکەی دەستپێکرد. لانیکەم بۆ ئیزابێلا ئەمە تاکە دەستپێشخەرییەکەی نەبوو، کە پێویستی بە هێزی سەربازیی هەبوو، بەڵکو تەنها دوای پێنج ساڵ و لە ساڵی (١٣٢٦)ز یارمەتی پلاندانانی بۆ داگیرکردنی ئینگلتەرا دا و بە پشتیوانی ئاغاکانی فەڕەنسا، هاوسەرەکەی لە دەسەڵات دوورخستەوە خۆی وەک سەرپەرشتی ئێدواردی سێیەمی کوڕی و شانبەشانی خۆشەویستەکەی ڕۆجەر مۆرتیمەر(Roger Mortimer) فەرمانڕەوایی کرد[٦٤].

یەکێک لە نموونە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی دەستپێشخەریی سەربازیی لەلایەن ژنێکەوە، کە ناچار بووە بەرگریی لە دۆمەینی هاوسەرەکەی بکات، جین دی مۆنتفۆرت (Jeanne de Montfort)ی هاوسەری جۆنی چوارەم لە مۆنتفۆرت (John IV, Duke of Brittany) بوو. ناوبراو بەهۆی کارەکانی لەمیانەی گەمارۆدانی هێنێبۆنت(siege of Hennebont) لە ساڵی (١٣٤٢)ز، کە بەشێک بوو لە جەنگی جێنشینی بریتۆن(War of the Breton Succession) لەنێوان ماڵەکانی بلۆیس و مۆنتفۆرت بۆ کۆنترۆڵکردنی دوکایەتیی بریتانی ناوبانگی دەرکردووە. شایەنی باسە جین لە هێنێبۆنت بوو کاتێک سوپایەک بە سەرۆکایەتیی چارلزی بلۆیس(Charles of

Blois) ، کە داواکاری دوکایەتیی بریتانی بوو، گەمارۆی شارۆچکەکەی دا لە وەڵامی ڕەتکردنەوەی هاوسەرەکەی بۆ ڕادەستکردنی دوکایەتیی بە چارلز. لە سێیەم ڕۆژی گەمارۆدانەکەدا ئاغاکانی فەڕەنسا دەستیان بە هێرشێکی یەکلاییکەرەوە کرد بۆ سەر هێنیبۆنت، ئەمەش پاڵنەرێک بوو بۆ خانمەکە، کە سەرکردایەتیی بەرگریی شارەکەی دەکرد، بۆئەوەی داوا لە خەڵکی شارەکە بکات تا بەرگریی لە شارەکە بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش هانی کچان و ژنانی دیکەی دا شانبەشانی پیاوەکان شەڕ بکەن، پاشان خانمەکە بووە پێشەنگ و بە چەکدارەوە هاتە دەرەوە و لەگەڵ سێسەد سوار و سەرکردایەتیی هێرشێکی سەرکەوتووی کرد بۆ ناو سەربازگەیەکی فەڕەنسی، دواتر هەڵات بۆ قەڵای برێست، بۆئەوەی خۆی ڕێکبخاتەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ هێنیبۆنت بۆ بەرگریکردن لە شارۆچکەکە لە هەر هێرشێکی دیکەی نەیارانی. لە ڕاستیدا کردەوە بەرگرییە بوێرەکانی جین زۆر گرنگ بوو، کە وزەی بەرگریکارانی بەرزکردەوە کە بە ژن و پیاوەوە خۆیان ڕابگرن، تاوەکو هێزەکانی ئینگلیز لە ڕێگەی دەریاوە دەگەن و گەمارۆکە دەشکێنن. لەسەر ئەم ڕووداوە دوو شت شایەنی سەرنجە، یەکەم: بەشداریکردنی ژنانی گەنج و پیر لە بەرگریکردن لە شارۆچکەکەدا، کە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆڵە پشتیوانییانەیە کە ژنانی سەدەی ناوەڕاست زۆرجار بەجێیان دەهێنا، لەکاتێکدا پیاوان شەڕیان دەکرد. دووەم هەوڵەکانی جین لە سەرکردایەتیکردنی بەرگریکردن لە هێنیبۆنت و هەروەها هێرشکردنە سەر سەربازگەی فەڕەنسی. لەمەوە دەتوانین بڵێین کە حاڵەتەکەی جین حاڵەتێکی زۆر نائاساییە، لەبەرئەوەی ژنێکمان هەیە کە چالاکانە فەرماندەیی هێرشێکی سەربازیی کردووە و بەشداریشی کردووە، بۆیە سەیر نییە کە ژان فرۆیسارت (Jean Froissart) دیرۆکنڤیسی گەورەی سەدەی چواردەیەم، وێنەیەکی پیاوسالاریی بە جین دەبەخشێت و پەسنی دەکات بەوەی، کە **ئازایەتی پیاو و دڵی شێری** هەبووە. هەرچەندە مەبەستی ئەو ستایشکردنی جینە، بەڵام وێڕای ئەوەش ئەوە دەردەخات کە چۆن تەنانەت لێهاتووترین ژنانی چەکداری سەدەکانی ناوەڕاست هەندێک جار وەک خاوەن سیفەتی پیاوانە وەسف دەکران[٦٥].

لەکاتێکدا ڕەنگە باو نەبووبێت کە ژنان بەشداری بەرگریی سەربازیی لە میراتەکەیان بکەن، بەڵام شانبەشانی هاوسەرگیریی، میراتی ژنێکی ئاغا[٦٦]. ئاسانکاریی بۆ سەرکردایەتیی سەربازیی ژن کرد، چونکە بە لەبەرچاوگرتنی ئامراز و پاڵنەرەکان، هەندێک لە ژنان بەڕاستی خەباتیان کردووە بۆ ڕێگریکردن لە لەدەستدانی ئەو میراتە، بۆ نموونە مەهاوت، ژنەخانەدانی ئارتۆیس (Mahaut, Countess of Artois)، کە

له ساڵی (١٣٠٢)ز ناوچەی باوکی بە میرات گرتووە و هەموو هەوڵەکانی یاخیبوونی لەلایەن واساڵەکانەوە لەناوبردووە، هەروەها بێوەژنەکەی ئارنۆڵی دووەمی کونتی گینس(Arnoul II, count of Guînes) بۆ ماوەی دوو ساڵ (١٢٢٠- ١٢٢٢)ز شەڕی کردووە لەگەڵ کوڕەکەی خۆی، بلاودینی سێیەم(Baldwin III) ، کە میراتگری ئارنۆڵ بوو. دیارە لەبەر ئەوە بووە کە کوڕەکە کۆنترۆڵی هەندێک موڵک و ماڵی نەداوە بە دایکی، کە وەک بێوەژن مافی ئەوەی هەبووە کۆنترۆڵی بەسەر ئەو ماڵ و موڵکەدا هەبێت[٦٧].

له ڕاستیدا کاتێک میراتی ژنێک لەڕادەبەدەر گەورە بوو و ئیمتیازاتی حوکمڕانیی بەرفراوانی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەوا پتر ژنان توانای سەرکردایەتییان دەبوو، بەڕادەیەک دەست بە چالاکیی سەربازیی هێرشبەریی بکات، بۆ نموونە لە مانگی یەکی ساڵی (١٢٢٩)ز بێوەژنەکەی پاشا لویسی هەشتەم، بلانچ لە کاستیل(Blanche of Castile) ، کە وەک سەرپەرشت بۆ کوڕەکەی لویسی نۆیەم فەرمانڕەوایی دەکرد، فەرمانی هێرشێکی کرد بۆ سەر یاخیبووان، کە بنکەکەیان لە قەڵای پیتەر ماوکلێرک لە کونتی بریتانی بوو، وەک بەشێک لە هەوڵەکانی بۆ سەرکوتکردنی ئەو ئاغا یاخیبووانەی ڕۆژئاوای فەڕەنسا، کە هاوپەیمانییان لەگەڵ لایەنگرانی هێنری سێیەمی پاشای ئینگلیز کردبوو[٦٨].

یەکێکی تر لەو ژنانەی کە وەک فەرمانده ڕۆڵی سەرکردایەتیی سەربازییان بینی، ژنی سیمۆن دی مۆنتفۆرت(٥th Earl of Leicester ,Simon de Montfort) ی سەرۆکی جەنگی خاچدروشمی ئەلبیجینسی[٦٩]بوو، بەڕادەیەک کە نقیسەرێک بە ناوی لۆرێنس مارڤین (Laurence Marvin) بە یەکێک لە متمانەپێکراوترین جێدار (ملازم) ەکانی سیمۆن وەسفی کردووە، نەک هەر باس لەوە کراوە کە کۆمەڵێک سوارچاکی هێناوە بۆئەوەی لەگەڵ سیمۆن کۆببێتەوە، بەڵکو بەشێک لە ئەنجوومەنی جەنگی ویشی پێکهێنا و چالاک بوو لە بەشداریکردن لە بڕیارەکانیدا، تەنانەت لە نائامادەیی هاوسەرەکەیدا وەک فەرماندەری قەڵا، لە قەڵای ناربۆن ڕۆڵی گێڕا. هەرچەندە نازانرێت کە ئایا ئەو فەرماندەیی پیاوانی لە شەڕدا کردووە، بەڵام وادیارە ڕۆڵێکی چالاک و گرنگی هەبووبێت لە پشتگیریکردنی ستراتیژی سەربازیی هاوسەرەکەی[٧٠].

دەربارەی فەرماندەیی ژنان ماوەتەوە بڵێین، کە ژنان وەک فەرماندە کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە و بەردەوامیی سەرکەوتنەکانیان، ئارگیومێنتە تیۆرییەکانی پووچەڵکردەوە، بە تایبەتی ئەوانەی لە بەرهەمەکانی گایلز لە ڕۆما و بەتلیمۆسی لوکادا

دەربڕدراون، کە ڕەتیان دەکردەوە ژنان تەنانەت بتوانن فێری کاروباری سەربازیی جەنگیش بن. ئەمەو تیۆرییە ئەبستراکتەکان سەبارەت بە نەگونجاویی سروشتی ژنان بۆ شەڕ، ڕێگرییان لە پیاوان نەدەکرد کە بەرپرسیارێتی بخەنە ئەستۆی ژنان لە دۆخە سەربازییەکاندا، چونکە لە زۆرێک لە بارودۆخە بەرگریی و دیپلۆماسییەکاندا پیاوان پشتیان بە ژنان بەستبوو بۆ وەرگرتنی فەرماندەیی، یان گواستنەوەی زانیاری[71].

دیپلۆماسیی سەربازیی بوارێکی تری جەنگ بوو، کە ژنە ئاغاکان هەندێک جار ڕۆڵی پێشەنگیان تێدا دەگێڕا. بۆ وێنە بلانچ لە کاستیل چالاک بوو لە دانوستاندن لەسەر پەیماننامەکان، کە یارمەتیدەر بوو بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی شاهانە لە باکووری فەڕەنسا، لەکاتێکدا وەک سەپەرشتی کوڕەکەی، لویسی نۆیەم فەرمانڕەوایی دەکرد. ئەمەو ژنە ئاغاکانی سەدەکانی ناوەڕاست زۆرجار بە ناوی لایەنەکانی ترەوە، پەیامیان دەگواستەوە لەنێوان لایەنەکاندا، بۆئەوەی دوژمنەکان ناچار نەبن ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، هەروەها تکا، یان دەستتێوەردانیان دەکرد، بۆ نموونە فیلیپا لە هاینۆ (Philippa of Hainaul)ی هاوسەری ئێدواردی سێیەم(Edward III of England) ناسرابوو، کە داوای لێبووردنی بۆ هەندێک لە دانیشتووان (Burgher) ی شاری کالێس کردووە، بۆئەوەی ڕێگریی لە لەسێدارەدانیان بکات، دوای ئەوەی لە گەمارۆدانی سەرکەوتووانەی ئێدوارد لە ساڵی (١٣٤٧)ز خۆیان بەدەستەوە دابوو[72].

لە کۆتاییدا دەڵێین، کردەوە دیپلۆماسییەکانی ژنان، کە زۆرجار بریتیبوو لە تکاکردن، یان پشتگیریی مەرجەکانی ئاشتی، بەقەد کردەوەی ئەو لایەنانەی کە بەشداربوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ برگە تایبەتەکانی ئاشتیدا، گرنگە، چونکە بەبێ دەستێوەردانی ژنان بۆ هاندان، یان یارمەتیدان لە گەیاندنی پەیامەکان، ڕەنگە هەرگیز ئاشتی بەدی نەهاتبا و پەیماننامەکان هەرگیز ئەنجام نەدرابن، بە تایبەت لە دۆخی ژنانی وەک ماتیلدا لە توسکانی، ئەدێلا لە بلۆیس(Adela of Blois) و بلانچ لە کاستیل، کە هەموویان کەسایەتیی سەرەکی بوون لە ناکۆکییەکان، یان ئەو هاوپەیمانییانەی کە پێویستیان بە هەوڵی دیپلۆماسی (سەرکەوتوو)یان هەبوو. سەرکەوتنی ئەوان و سەرکەوتنی ژنانی دیکە، کە وەک سەرکردەی سەربازیی ڕۆڵیان گێڕا، نیشانی دا کە ژنان دەتوانن کاریگەرییان هەبێت و کەسێتی سەربازیی گرنگ بن[73].

## تەوەری چوارەم: ڕۆڵی پاڵپشتیی سەربازیی ژنان
## لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا

جەنگ ناکرێت و هەڵمەتی سەربازیی ئەنجام نادرێت، گەر کۆمەڵێک کەس نەبن پشتگیریی ئەو کەسانە بکەن، کە جەنگ دەکەن. ئەم ڕاستییە لە سەدەکانی ناوەڕاستی بەرز و کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا (هەروەها سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستیش) بەقەد ئەمڕۆ ڕاست بووە و ژنانی سەدەکانی ناوەڕاست ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە تواناسازیی پیاوان بۆ جەنگکردن و یارمەتیدان، بۆئەوەی سەرکەوتن لە بەرەکانی جەنگدا پتر ببێتە کەتوار.

هەرچەندە کەمتر لە کردەوەکانی سەرکردە سەربازییە ژنەکان دیارە، بەڵام کردەوەی ئەو ژنانەی سەدەی ناوەڕاست لەم بوارەدا، هێشتا بەشێکی گرنگی مێژووی سەربازیی سەدەکانی ناوەڕاست پێکدەهێنن[٧٤].

پاڵپشتی سەربازیی ژنان دوو جۆر بووە، یەکەمیان پشتگیریی ڕاستەوخۆ لەلایەن ژنانەوە بۆ پیاوان لە بەرەکانی جەنگدا، لێرەدا پشتگیریی ڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ ئەو کردارانە، یان خزمەتگوزارییانە، ڕۆحی، یان سۆزداریی، یان جەستەییانەی کە لەلایەن ژنانەوە و لە ئامادەبوونی پیاوان لە کاتی هەڵمەتی سەربازیی، یان لە گەمارۆدان ئەنجام دەدرا، بۆئەوەی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دەرفەتی سەرکەوتنی سەربازیی هەبێت. دووەمیش، هەوڵە ناڕاستەوخۆکان بۆ پشتیوانیکردن لە چالاکییە سەربازییەکان، وەک پشتیوای دارایی، لەلایەن ئەو ژنانەی کە یاوەری سوپا نەبوون و لە ماڵەکانی خۆیان مابوونەوە[٧٥].

پێش ئەوەی پتر لە بارەی پاڵپشتیی سەربازیی ژنانەوە بدوێین، دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، کە لە ڕاستیدا زۆرینەی بەشداریی سەربازیی ژنان لەم قۆناغەدا، پتر لە توانای پشتیوانیدا بووە، لێ بە ڕوونی دەردەکەوێت کە کردەوە سەربازیی و ئەزموونەکانی ئەو ژنانەی کە لەگەڵ سوپاکانی سەدەکانی ناویندا بوون، بەراورد بە کردەوە و بڕیارە سەربازییەکانی پیاوان، زۆر کەمتر جێگەی سەرنجڕاکێشان بوون بۆ زانا و هۆزانڤان و دیرۆکنووسانی هاوچەرخ، کە باسیان لە جەنگ کردووە[٧٦].

ئەو پشتگیرییە ڕاستەوخۆیانەی کە ژنان لە کاتی ئامادەبوونیان لەگەڵ سوپاکاندا لە پیاوانیان دەکرد، گرنگ بوون، بۆ نموونە هەندێک لە ژنان لە ڕاستیدا مەنجەنیق، یان کەوانیان بەکارهێناوە کاتێک هێزی مرۆیی کەم بووە، یان وەک پاسەوان ڕۆڵیان گێڕاوە، یاخود کەرەستەی پێویستیان بۆ هێرش کۆکردەوە، هەروەها پێویستە بڵێین ژنان

چەندین خزمەتگوزاریی سەرەتایی، بەڵام گرنگیان، وەک: چێشتلێنان و کۆکردنەوەی پێداویستییەکان (هەروەها چاودێریی و چارەسەرکردنی بریندارەکانیان) ئەنجام داوە.

ئەمەو ژنان لە شەڕگە و مەیدانەکانی جەنگدا وەک هێزێکی ڕۆحیی پشتیوانی پیاوان بوون و ورەی پیاوانیان بەرزکردووەتەوە، بۆ نموونە باس لەوە دەکرێت کە سیکلگایتا (Sikelgaita)ی هاوسەری ڕۆبەرت گیسکارد (Robert Guiscard) لە هەڵمەتە سەربازییەکاندا هاودەمی هاوژینەکەی بووە و گوایە لە یەک شەڕدا یارمەتی ڕێگریکردن لە پاشەکشەی هێزەکانی داوە و قەناعەتی پێکردوون بگەڕێنەوە بۆ شەڕ[٧٧].

مێژوونووسی ئینگلیزی ئۆردریک ڤیتالیس (Orderic Vitalis) تۆماری کردووە، کە ئیزابێلس لە کۆنچێس (Isabel of Conches) وەک شاسوارێک لەنێوان شاسواراندا بووە لە کاتی شەڕێکدا لە ساڵی (١٠٩٠)ز لەنێوان هاوسەرەکەی ڕالف لە کۆنچێس(Ralph of Conches) و کونت ویلیام لە ئێڤرۆ (Count William of Évreux)، هەرچەندە ئۆردریک تێبینی لەسەر بوێرییەکەی لەنێو سوارچاکاندا کردووە، بەڵام هیچ لەبارەی کردەوەکانی دواترەوە ناڵێت و بەمجۆرە هیچ ڕێگەیەکمان نییە بۆئەوەی بزانین ئایا بەڕاستی شەڕی کردووە، یان نا. لە ڕوانگەیەکی هاوشێوەدا، مێژوونووسی ئینگلیزیی جۆردن فانتۆسمێ (Jordan Fantosme)، کە بە پلەی یەکەم لەبارەی یاخیبوونی هێنری(Henry the Young King) دژی هێنری دووەم (Henry II of England) ی باوکی لە ساڵانی (١١٧٣-١١٧٤)ز-دا نووسیویەتی، جەختی لەوە کردووەتەوە، کە ڕۆبێتر دی بێۆمۆنت (٣rd Earl of Leicester ,Robert de Beaumont) هاوسەرێکی هەبووە بە ناوی پترۆنێلا ((Petronilla de Grandmesnil, Countess of Leicester، کە زرێی پۆشیوە و قەڵغان و ڕمیشی پێ دراوە پێش شەڕی فۆرنهام لە ئۆکتۆبەری (١١٧٣)ز، هەر بەپێی فانتۆسمێ پترۆنێلا، هانی هاوسەرەکەی داوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئینگلیزەکان، بەڵام لە شەڕەکە هەڵاتووە، لەکاتێکدا شەڕەکە بەردەوام بوو، دواتر کەوتە ناو جۆگەیەکەوە و نزیک بووە لەوەی بخنکێت[٧٨].

وەک هەموو جەنگەکان، لە جەنگەکانی سەدەکانی ناوینیشدا کاتێک شەڕکەر و سەربازان دەچوون بۆ بەرەی جەنگ، لەدوای خۆیان ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان بەجێدەهێشت، کە زۆرینەیان ژنان بوون، بە تایبەتی لە جەنگەکانی خاچدروشماندا بۆ خاکی پیرۆز، هەرچەندە ژنان لەماڵەوە بوون و دوور بوون لە بەرەکانی جەنگ، بەڵام لە ڕاستیدا بەبێ پشتیوانی و هاوکاریی ئەوانەی لە ماڵەوە مابوونەوە، هەڵمەتەکان سەرکەوتوو نەدەبوون، بۆیە ژنان لە ئەورووپا بە تایبەت لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا زۆر ڕۆڵی سەرەکییان لە پشتیوانیی ناوخۆیی لە کاتی جەنگدا بەجێهێنا، تا ئەو ڕادەیەی کە مێژوونووسی پسپۆڕ لە سەدەکانی ناوەڕاست کریستۆف ت. مایەر (Christoph

(T. Maier) لە بیرکردنەوە لە جەنگەکانی خاچدروشماندا بۆ خاکی پیرۆز دەڵێت: **"جەنگەکانی خاچدروشمان لەلایەن ژن و پیاوەوە ئەنجامدراون، نەک تەنها لەبەرئەوەی هەندێک لە ژنان بەڕاستی بەشدارییان لە هەڵمەتە سەربازییەکان کردووە، بەڵکو لەبەرئەوەی بەشداریی ژنان لە بەرەی ناوخۆدا بەشێکی زۆری هەبوو لە ڕوودانی جەنگە خاچدروشمییەکانی پیاوان».** لێرەوە گرنگە لەوە تێبگەین، کە ژنان لە بەرەی ناوخۆدا بەشدار بوون و کردەوەکانیان بە مانای سەربازیی گرنگ بوون(٧٩).

ئەگەر ژنەکان ڕاستەوخۆ بەشدار نەبوون لە چالاکییە سەربازییەکاندا. ئەوا لە ئامادەنەبوونی پیاوەکاندا، ژنان هەندێکجار کۆنترۆڵی تەواوی حوکمڕانیی ماڵ، یان موڵکەکانیان دەگرتە ئەستۆ، یەکێک لەو ژنانە ئەدێلا (Adela) بوو، کە جارێک توانی دەسەڵاتە سەربازییەکەی بەکاربهێنێت، بەوەی ژمارەیەکی زۆر سوارچاکی نارد بۆ پشتگیریکردنی ئاغاکەی لویسی شەشەم(Louis VI of France) ، لەکاتێکدا ئەو شەڕی لەگەڵ فەرماندەری قەڵا یاخیبووەکانی دەکرد لە باکووری پاریس لە ساڵی (١١٠١)ز. ئەمەو هەندێک جار وەک ئامادەکاریی بۆ جەنگ، کارگێڕیی و هەماهەنگی کاروبارەکان بە ژنان دەسپێردرا، بۆ نموونە کاتێک ئێدواردی سێیەم(Edward II of England) بیستی کەشتی جەنگی لە دەریادان و بەهۆی ئەوەی لە سکۆتلەندا لە جەنگدا بوو و نەدەکرا ئامادە بێت، لە ساڵی (١٣٣٥)ز نامەیەکی بۆ سێ ژن نارد، کە مارگرێتی بێوەژنەکەی ئێدمۆند (Margaret, widow of Edmund) ماری (Marie de St Pol) ی هاوسەری ئایمەر دی ڤالێنس و جان(Joan de Somery) و هاوسەری تۆماس بۆتێتۆرت بوون. لەم نامەیەدا پاشا فەرمان بەم ژنان دەکات، کە ئامادەکاریی بکەن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەوڵێکی داگیرکاریی لەلایەن دوژمنانەوە، هەرچەندە نازانین ئەم ژنانە تا چەند سەرکەوتوو بوون لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پاشا ئێدوارد، بەڵام ئەم نامەیە باوەڕێکی سەرنجڕاکێشی پاشا بە توانای ئەم ژنانە نیشان دادەت، چونکە بێگومان ئامادەکاریی بۆ بەرگریکردن لە شانشینەکەی لە ئامادەنەبوونی ئەودا، ئەرکێکی بچووک نییە(٨٠).

بوارێکی دیکەی گرنگ کە ژنان دەیانتوانی ڕاستەوخۆ یارمەتی هەڵمەتە سەربازییەکان بدەن، هەوڵەکانیان بوو بۆ یارمەتیدانی دارایی و کۆکردنەوەی پارە بۆ جەنگەکانی ناو ئەوروپای ڕۆژئاوا و خاکی پیرۆز. لە ڕاستیدا پارەدان بۆ هەڵمەتە سەربازییەکان بە چەندین شێوەی جیاواز بوو، وەک: باجدان، بەخشینی گشتی، فرۆشتنی موڵک، بەڵام زۆر ئەستەمە بزانین لەم ڕووەوە ژنان چەندە بەشدارییان کردووە، بەو پێیەی سەرۆکی ماڵەکە (نێر)، ئەو کەسە بووە کە باجی دەدا و بەم شێوەیە لە تۆمارەکانی باجدا دەرکەوتووە و تەنها ئەو ژنانە لە تۆمارەکاندا دەردەکەوتن، کە لە بازرگانییەکی

سەربەخۆی خۆیاندا چالاک بوون، یان بێوەژن بوون و لەماڵێکدا دەژیان، کە هیچ میراتگرێکی نێری تێدا نیشتەجێ نەبووە، هەرچەندە پێدەچێت ئەو جۆرە ژنانە تەنیا بەشێکی کەمیان لە باجدەران پێکهێنابێت و ڕێژەی سەدیی ئەو داهاتەی کە ڕاستەوخۆ لە باجدەری ژنەوە هاتبوو، زۆر کەمتر بوو لە داهاتی باجدەری پیاو، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ئامرازانەی کە ژنان دەتوانن لە ڕووی داراییەوە بەشداری بکەن، دەتوانین شیمانەی ئەوە بکەین، کە ژنانی ئەوروپای ڕۆژئاوا سەرچاوەیەکی دارایی گەورە بوون بۆ هەڵمەتە سەربازییەکان، بە تایبەت بۆ جەنگەکانی خاچدروشمان[٨١].

شایەنی باسە، هەندێک جار ژنان پشتیوانی لە پیاوەکانیان نەدەکرد، بەڵکو لەبری ئەوە هەوڵیان دادە پیاوەکانیان بێهیوا بکەن لە ڕۆیشتن، یاساش لە بەرژەوەندیی ئەم جۆرە ژنانە بوو، چونکە بەپێی یاسای کڵێسایی ژن و مێردەکان پێویستیان بە ڕەزامەندیی یەکتر دەبوو، بۆئەوەی بڕۆن و پەیوەندی بکەن بە خاچدروشمانەوە. بەم شێوەیە ژنان بۆ ماوەیەک لە ڕووی یاساییەوە توانییان بڕیاری مێردەکانیان بۆ بەشداریکردن ڤیتۆ بکەن، هەرچەندە بە تەواوی ڕوون نییە تا چ ڕادەیەک ژنان سەرکەوتوو بوون لەو کارەدا، بەڵام وا دیارە کاریگەرییان هەبووە، لەبەرئەوەی هەندێک لەوانەی بانگەشەی جەنگی خاچپەرستانیان کردووە، پێدەچێت هەستیان بەوە کردبێت کە ژنان لەنێو ئەو کەسانەدان، کە ڕێگریی لە سەرکەوتنی جەنگە خاچپەرستەکان دەکەن، بۆیە پاپا ئینۆسێنتی دووەم فەرمانێکی لە ساڵی (١٢٠١) دەرکرد، کە مەرجی ڕەزامەندیی ژنانی لەسەر چوونی پیاوان لابرد. ئەم پێشهاتانە ئەوە دەردەخەن، کە هەندێک لە ژنان لانیکەم تا ساڵی (١٢٠١)ز سەرکەوتوو بوون لە ڕێگریکردن لە ڕۆیشتنی پیاوان[٨٢].

هەرچەندە زۆربەی ژنان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە پیشەسازییەکانی چنین و دروستکردنی جلوبەرگدا چالاک بوون، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە ژنانی شار لە هەندێک پیشەدا چالاک بوون، کە تایبەت بوون بە دابینکردنی سەرچاوە جۆراوجۆرەکان، کە لە کاروباری سەربازییدا بەکاردەهێنران، بەڵام نابێت زۆر جەخت لەسەر بەشدارییان بکەینەوە، چونکە ژمارەی ئەو ژنانەی کە سەرقاڵی ئەو جۆرە پیشە دەستییانە بوون، زۆر کەم بووە و ئەگەری کاریگەرییان لەسەر کاروباری سەربازییش کەم بووە[٨٣].

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، کە جەنگ هەرگیز چالاکییەکی تەواو پیاوانە نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ژنان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە و بەشێکی گرنگی مێژووی سەربازیی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا پێکدەهێنن[٨٤].

## ئەنجام

لە کۆی ئەم توێژینەوەیە و دوای گەڕانەوە بۆ چەندین سەرچاوە بە چەندین زمان و دیدی جیاواز لەسەر ڕامان لە ڕۆڵی سەربازیی ژنان لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، گەیشتین بە چەند ئەنجامێک، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. ئەو بیرۆکەیەی کە ڕەنگە ژنان بەدرێژایی مێژوو بەشداربووبن لە جەنگدا، سەرنجی زۆرێک لە نووسەرانی ڕاکێشاوە و ئەم نووسەرانە بەهۆی کۆمەڵێک گریمانەی گشتی و پێشوەختە سەبارەت بە ژنان، هەوڵیان داوە لە توانا جەنگییەکانی ژنان بکۆڵنەوە و ئەو ڕێگایانە دیاری بکەن، کە ژنان دەتوانن، یان ناتوانن بەشداری لە کاروباری سەربازییدا بکەن.

٢. تا ئەم دواییانە گریمانەیەکی باو لە گوتاری زانستی مێژووی سەربازییدا ئەوە بووە، کە ژنان وەک شەڕکەر خزمەتیان نەکردووە، یان بەدەگمەن خزمەتیان کردووە، بەڵام بەهۆی فراوانبوونی جەماوەریی فێمینیزم و مێژووی ژنان لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا و مشتومڕە زۆرەکان لەسەر دیاریکردنی ڕۆڵی ژنان بۆ شەڕکردن لە سوپا مۆدێرنەکانی ڕۆژئاوادا لە چەند ساڵی ڕابردوودا، دوای ئەوەی ژنان بە ژمارەیەکی زۆر چوونە ناو دامەزراوە سەربازیی و ئەکادیمییەکانەوە، ئەم گریمانە باوە لەناوچوو. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئەمڕۆ مشتومڕەکانی نێوان لایەنگران و نەیارانی شەڕکەرانی ژن بەردەوامە، بەڵام لە درێژەی ئەو مشتومڕانەدا هەندێک لە توێژەران سەرکەوتوو بوون لە سەلماندنی ئەوەی، کە لە سەردەمەکانی پێشوودا ژنان دەیانتوانی بە ژمارەیەکی زۆر و بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە جەنگدا بکەن.

٣. بەگشتی تێڕوانینی کۆمەڵگەی ئەوروپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ ژن، ئەو باوەڕە باو و چەسپاوە بوو، کە تاکە شوێنی گونجاوی ژنان ماڵەوەیە و نابێت بەشداریی لە کاروباری ڕامیاریی و سەربازیی... هتد بکەن، ئەم باوەڕەش لەناو یاسا و تیۆریی و نووسراوەکانی زۆربەی تیۆریست و بیرمەند و فەیلەسوفەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەت ئەو تیۆریستانەی کە خۆیان سەرقاڵ کردبوو بە پرسی شەڕڤانی مێینەوە و بەزۆری گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە لاوازیی سۆزداریی و ڕۆحی و دەروونی و جەستەییان ڕێگریی لە ژنان دەکات، کە ڕۆڵی سەربازیی چالاکانە

ئەنجام بدەن، یان لە پرسە سەربازییە گرنگەکان تێبگەن، بەڵام ئەم تیۆرییانە ڕێگرییان لە پیاوان نەدەکرد، کە بەرپرسیارێتی بخەنە ئەستۆی ژنان لە دۆخە سەربازییەکاندا.

٤. کۆمەڵگەی ئەوروپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار بووە و بواری سەربازییش وەک سەرجەم بوارەکانی تر پیاوان ڕۆڵی سەرەکییان تێدا بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا و سەرباری بەربەست و ڕێگرییەکان، ژنان بە درێژایی ئەم قۆناغە ڕۆڵی سەربازییان بینیوە و بەشێکی گرنگی مێژووی سەربازیی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا پێکدەهێنن.

٥. ڕۆڵی سەربازیی ژنان لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا، خۆی لە هەردوو دوو بواری سەرکردایەتیی سەربازیی و پاڵپشتی چالاکییە سەربازییەکان دەبینێتەوە.

٦. سەرکردایەتیی سەربازیی ژنان لە دوو پلەی جیاوازدا ڕوویداوە. یەکەم و باوترین شێوەی سەرکردایەتی کاتێک ڕوویدا، کە ژنان پۆستێکی فەرماندەیی سەربازییان بەدەستەوە بوو، کە لەو حاڵەتەدا ژن دەتوانێت فەرمانی جوڵەی سەربازەکان و بڕیاری ستراتیژیی بدات و بەرپرسیارێتی ئەنجامی کۆتایی شەڕ، یان گەمارۆدانەکەی بگرێتە ئەستۆ، کە تێیدا بەشدار بووە. دووەم کە کەمتر باو بوو، بەڵام هەر پەیوەستە بە ڕۆڵی سەرکردایەتیی سەربازیی ژنانەوە، ئەویش بەشداریی ژنان بوو لە پڕۆسەی دیپلۆماسی لە کاتی جەنگدا، کە بەگشتی وەک نێوەندگیر، یان تکاکار بە ناوی لایەنی سێیەمییەوە بەشداربوون و پێگەی خۆیان بەکارهێناوە بۆ کاریگەریکردن لەسەر یەکێک، یان هەردوو سەرکردەی لایەنی جەنگەکە، بۆئەوەی بگەنە ڕێککەوتن و ئاگربەست، یان ئاشتی ڕابگەیەنن.

٧. هاوسەرگیریی و میرات ئاسانکاریی بۆ ژنانی چینی باڵا کردووە، تا پۆستی فەرماندەیی وەربگرن، بەڵام ژمارەیەکی کەمی ژنان توانییان هەڵمەتی سەربازیی، یان هێرش بە دەستپێشخەریی خۆیان ئەنجام بدەن و زۆربەی ئەو ژنانەی کە ڕۆڵی سەربازی فەرماندەییان بینی، لە دۆخێکی بەرگریدا بوون، کە بەزۆری بەهۆی پێویستییەوە ناچار دەکران بەرگریی لە قەڵا، یان خاکیماڵەوەیان بکەن و تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتیی بووە، واتە تا ئەو کاتەی بارودۆخەکان ڕێگەیان بە نێرێک دا جارێکی دیکە پۆستی سەرکردایەتیی سەربازیی بگرێتە ئەستۆ.

هەرچەندە ئەو بەرپرسیارێتییەی کە بەسەریاندا سەپێندرابوو، کاتیی بوو، بەڵام ئەرکێکی سەربازیی گرنگیان ئەنجام داوە.

٨. سەرکەوتنی ئەو ژنانەی کە وەک سەرکردەی سەربازیی و دیبلۆماتکاری کاتیی جەنگ ڕۆڵیان گێڕاوە، ئارگیومێنتە تیۆرییەکانی پووچەڵکردەوە، کە ڕەتیان دەکردەوە ژنان تەنانەت بتوانن فێری کاروباری سەربازیی جەنگیش بن و نیشانی دا کە ژنان دەتوانن کەسێتی سەربازیی کاریگەر و گرنگ بن.

٩. ژنانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە تواناسازیی پیاوان بۆ جەنگکردن و یارمەتیدان، بۆئەوەی سەرکەوتن لە بەرەکانی جەنگدا بکەنە کەتوار. هەرچەندە کەمتر لە کردەوەکانی سەرکردە سەربازییە ژنەکان دیارە، بەڵام کردەوەی ئەو ژنانەی سەدەی ناوەڕاست لەم بوارەدا، هێشتا بەشێکی گرنگی مێژووی سەربازیی سەدەکانی ناوەڕاست پێکدەهێنن.

١٠. پاڵپشتی سەربازیی ژنان دوو جۆر بووە، یەکەمیان پشتگیریی ڕاستەوخۆ لەلایەن ژنانەوە بۆ پیاوان لە بەرەکانی جەنگدا، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئەو کردارانە، یان خزمەتگوزارییە ڕۆحی، یان سۆزداریی، یان جەستەییەکان، کە لەلایەن ژنانەوە و لە ئامادەبوونی پیاوان لە کاتی هەڵمەتی سەربازیی، یان لە گەمارۆدان ئەنجام دەدران، بۆئەوەی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دەرفەتی سەرکەوتنی سەربازیی هەبێت. دووەمیش، هەوڵە ناڕاستەوخۆکان بۆ پشتیوانیکردن لە چالاکییە سەربازییەکان، وەک پشتیوانیی دارایی، لەلایەن ئەو ژنانەی کە یاوەری سوپا نەبوون و لە ماڵەکانی خۆیان مابوونەوە.

١١. زۆرینەی بەشداریی سەربازیی ژنان لەم قۆناغە مێژووییەدا پتر لە بواری پاڵپاشتی سەربازیی بووە، بەڵام کردەوە سەربازیی و ئەزموونەکانی ئەو ژنانەی کە لەگەڵ سوپاکانی سەدەکانی ناویندا بوون، بەراورد بە کردەوە و بڕیارە سەربازییەکانی پیاوان، زۆر کەمتر جێگەی سەرنجڕاکێشان بوون بۆ زانا و هۆزانڤان و دیرۆکنووسانی هاوچەرخ، کە باسیان لە جەنگ کردووە...

١٢. لەو سەردەمەدا، بە گشتی شەڕ و جەنگ وەک چالاکییەکی پیاوانە بیری لێدەکرایەوە و ناسروشتی بوو، کە ژنان ڕۆڵی پیاوی شەڕکەر و جەنگاوەر ببینن، ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو کە مێژوونووسان لە کاتی باسکردنی ئەو ژنە شەڕڤان و جەنگڤانانەی کە بەشدارییان لە شەڕ و جەنگەکاندا کردووە،

سیفەتی نێریان پێ بدەن و وەک پیاو وێنایان بکەن. وێڕای ئەوەش هەرکاتێک ژنان لە چالاکییە سەربازییەکاندا شکستیان دەهێنا، مێژوونووسان هەڵوێستی ژنکوژانەتریان دەنواند و شکستەکانیان پەیوەست دەکرد بە خۆبەزلزانیی ژنانەوە. وا دیارە ئەوان پتر حەزیان لەوە بووبێت کە وەک قوربانییەکی میزاجی ژنانەی خۆیان وێنایان بکەن، نەک وەک ژنانێک کە توانای بڕیاردانی سەربەخۆی خۆیان هەبووبێت.

## توێژینەوەی دووەم:

# ڕۆڵی ماتیلدا لە تسوکانی لە خەباتی چەکداریی چاکسازیخوازانی کڵێسا دژ بە ئیمپراتۆر هێنری چوارەمی ئەڵمانیا و لایەنگرانی

## پێشەکی

ماتیلدا یەکێکە لە بەناوبانگترین و کاریگەرترین ژنەکانی مێژووی ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هۆکاری سەرەکیی بەناوبانگبوونی ماتیلداش بەشداریکردنی بوو لە ململانێکانی نێوان چاکسازیخوازانی کڵێسا و ئیمپراتۆر هێنری چوارەمی ئەڵمانیا و لایەنگرانی، کە بەشی زۆری ژیانی سەربازیی ماتیلدا پێکدەهێنێت و گرنگییەکی تایبەتی لە مێژووی ناوبراودا هەیە.

پێویستیی هەبوونی توێژینەوەیەک لە دونیای توێژینەوەی مێژوویی کوردیدا، کە بایەخ بدات بە ڕۆڵی سەربازیی ژنێک لە یەکێک لە گرنگترین ململانێیەکانی نێوان دەسەڵاتی ئایینی و دونیایی لە ئەورووپای سەدەکانی ناڤیندا، پاڵنەر و هۆکاری سەرەکیمان بوو لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، تا توێژینەوەیەکی تایبەتی لەسەر بنووسین.

لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا تووشی چەندین گرفت و ئاستەنگ بووین، لەوانە: نەزانینی زمانە ئەورووپییەکان، بە تایبەتی زمانەکانی وەک: ئیتاڵی و ئەڵمانی، کە پێمان وایە زۆرترین پەرتووک و توێژینەوەی لەسەر ململانێ سەربازییەکانی نێوان ماتیلدا و هێنری چوارەم پێ نووسراوە. یەکێکی تریش لە گرفتەکان بەردەست نەبوونی بەڵگەنامە بوو، بێگومان گەر بەڵگەنامەکان لەبەردەستماندا بوونایە، توێژینەوەکە دەوڵەمەندتر دەبوو.

ئامانجمان لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، ئاوڕێکی مێژوویی لە بەشێکی ژیانی سەربازیی سەرکەوتووترین ژنە سەرکردەی سەربازیی لە تەواوی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا بدەینەوە، هەروەها خوێنەرانی کورد ئاشنا بکەین بە هەندێک لە لایەنەکانی ژیانی سەربازیی یەکێک لە بەناوبانگترین و سەرکەوتووترین کەسایەتییە سەربازییەکانی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا، کە تا نها تاکی کورد ئاشنایەتی بە مێژووی ئەم ژنە و مێژووی زۆر ژنی ناوداری دیکەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا (جگە لە جاندارک) نییە.

بەدەر لە پێشەکی و ئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان، ئەم توێژینەوەیە لە هەشت تەوەر پێکدێت، لە تەوەری یەکەمدا باس لە لەدایکبوونی ماتیلدا و کەسایەتیی دایک و باوکی کراوە، هەروەها لە تەوەری دووەمیشدا هەوڵمان داوە بە پوختی ئاماژە بە پەروەردەی سەربازیی ماتیلدا بدەین. پێش باسکردنی ڕۆڵی ماتیلدا لە خەباتی چەکداریی چاکسازیخوازانی کڵێسا دژی ئیمپراتۆر هێنری

چوارەم، وامان بەباش زانی تەوەری سێیەم تایبەت بکەین بە باسی ململانێکانی نێوان پاپا گریگۆری حەوتەم و هێنری چـوارەم، چونکە پاشخانی مێژوویی بەشدارییەکانی ماتیلدایە لە ململانێی نێوان دوو لایەنەکە و بێ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و قوڵبوونەوەی ئەم ململانێیە، ناتوانین بە باشی لە ڕۆڵی ماتیلدا لەو ململانێیەدا تێبگەین. دواتر لە هەردوو تەوەری چوارەم و پێنجەمدا، کە نێواخنی توێژینەوەکەمانە، هەوڵمان داوە بەوردیی خەباتی چەکداریی ماتیلدا دژی هێنری چوارەم و لایەنگرانی بخەینە بەرباس. لە تەوەری شەشەمیشدا زۆر بەکورتی چەند ئاماژەیەکمان بە هەڵمەتەکانی ماتیلدا دوای نەمانی هێنری چوارەم لە ئیتاڵیا، داوە، هەرچەندە ئەم تەوەرەیان پەیوەندی بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەی ئێمەوە نییە، وەلێ بە پێویستمان زانی باسێکی لێوە بکەین، چونکە لە ژیانی سەربازیی ماتیلدا-دا گرنگە و نابێت فەرامۆش بکرێت. لە تەوەری حەوتەمیشدا و بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک هەوڵمان داوە ڕوانگە و تێڕوانینی یار و نەیارانی ماتیلدا بۆ بەشدارییەکانی ماتیلدا لە ململانێیە سەربازییەکانی نێوان پاپاوییەت و ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆز بخەینە بەرچاو. لە تەوەری هەشتەم و کۆتاییشدا هەوڵمان داوە شیکاریی و هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕۆڵی سەربازیی ماتیلدا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بکەین.

هیـواداریـن ئـەم توێژینەوەیە دەروازەیــەک بە ڕووی توێژەرانی کـورددا واڵا بکات و لە ئایندەدا توێژینەوە لەسەر ژنە ناودارەکانی دیکەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا بنووسرێت و بە خوێنەرانی کورد ئاشنا بکرێن، تا پەند و وانە لە مێژووەکانیان وەربگرین.

ماوەتەوە بڵێین، کە هیچ کارێکی مرۆڤ بێ هەڵە و کەموکورتی نییە، بەم پێیەش بێت ئەم توێژینەوەیەی ئێمە لە هەڵە و کەموکورتی بەدەر نییە و دەخوازین خوێنەران بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ئەم توێژینەوەیە بخوێننەوە و لە هەڵە و کەموکورتییەکان ئاگادارمان بکەنەوە.

# تەوەری یەکەم: لەدایکبوونی ماتیلدا و کەسێتیی دایبابی

ماتیلدا لە ساڵی (١٠٤٥)، یان (١٠٤٦)ز لەدایکبووە[١]، دیرۆکنووسان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر شوێنی لەدایکبوونی ماتیلدا هەیە و باس لە شارەکانی مانتوا، مۆدێنا، کریمۆنا، ڤێرۆنا و چەندینی شوێنی دیکە دەکرێت، ڕەنگە نزیکترین بۆچوون لە ڕاستییەوە ئەوە بێت، کە ماتیلدا لە شاری مانتوا لەدایکبووە[٢].

باوکی ماتیلدا ناوی بۆنیفاس(Boniface III, Margrave of Tuscany) بووە، کە فەرماندەیەکی لێهاتوو بوو و سەرکردایەتیی چەندین هەڵمەتی سەربازیی سەرکەوتووی کردبوو[٣]، هەروەها یەکێک بووە لە دەوڵەمەندترین و بەهێزترین ئاغاکانی سەردەمی خۆی. ناوبراو هاندەری بڵاوبوونەوەی فێربوون بووە و ئەو کۆشکەی (court) کە ئەو و هاوسەرەکەی لە مانتوا بەڕێوەیان بردبوو، بەراورد کراوە بە کۆشکی فلۆرانس لە سەردەمی مێدیچیدا[٤]. شایەنی باسە، بۆنیفاس درێژەی بە سیاسەتی پێشینانی خۆی دا وماڵی کانۆسا بە هاوپەیمانی ئیمپراتۆرەکانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمی پیرۆز مانەوە و پارێزگرییان لە بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆرییەت لە ئیتاڵیا دەکرد. بۆ نموونە لە کاتی مردنی هێنری دووەمدا و کاتێک کۆنراد بە ئیمپراتۆر هەڵبژێردرا. زۆربەی ئاغاکانی ئیتاڵیا ڕەتیان کردەوە ئەڵمانییەکی دیکە وەربگرن، بەڵام بۆنیفاس بە دڵسۆزی کۆنراد مایەوە و شەڕی ئاغا یاخیبووەکانی ئیتاڵیای کرد و چەندین یاخیبوونی شارۆچکەکانی سەرکوت کرد، لەنێویاندا پاڤیا و پارما[٥]. دوای مردنی کۆنراد، هێنری سێیەم شوێنی گرتەوە، لە سەردەمی هێنری سێیەمدا بە هۆکارگەلێک، کە بە تەواویی ڕوون نین، دوژمنایەتییەکی بەرچاو لەنێوان بۆنیفاس و هێنری سێیەمدا پەرەی سەند[٦]و لە کۆتاییدا بۆنیفاس لە کاتی ڕاوکردندا لە ساڵی (١٠٥٢) ز-دا کوژرا، کە ڕەنگە هێنری دەستی لە کوشتنەکەیدا هەبووبێت[٧].

دایکی ماتیلدا ناوی بیاتریس(Beatrice of Lorraine) و کچی فردریکی دووەمی دوکی لۆرینی سەرەوە (Frederick II, Duke of Upper Lorraine) و هاوسەری دووەمی بیاتریس[٨] بووە و پەیوەندییەکی نزیکی بە بنەماڵەی ئیمپراتۆری و پاشای فەڕەنسییەوە هەبووە. ناوبراو پێدەچێت لە هەموو ڕوویەکەوە ژنێکی سەرنجڕاکێش بووبێت. دیارە لە ژیانی هاوسەرەکەیدا بەشدارییەکی کەمی لە کاروباری گشتیدا کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە

حیکمەتەوە ماڵەکەی بەڕێوە دەبرد و مێژوونووسێک وەک **شازادەیەکی دانا، زرنگ و ڕۆشنبیر** پەسنی دەکات. دوای کوژرانی هاوسەرەکەشی سەرەتا بۆ ماوەیەکی کورت وەک سەرپەرشتی کوڕەکەی و دواتر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن وەک سەرپەرشتی ماتیلدای کیژی فەرمانڕەوایی کردووە[٩]و باس لەوە دەکرێت بە ژیریی و کارامەیی فەرمانڕەوایەتی دوکایەتییەکەی کردووە، کە نزیکەی هەموو بەشی باکووری ئیتاڵیای لەخۆ دەگرت، کە دەوڵەمەندترین دوکایەتیی ئیتاڵیای پێکدەهێنا[١٠].

هەرچەندە بیاتریس ژنێکی زیرەک و لێهاتوو بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هێنری سێیەم و ماڵی کانۆسا بەهۆی کوشتنی بۆنیفاس لە ساڵی (١٠٥٢)ز-دا زۆرتر تێکچووبوو، ناچار بوو لە ساڵی (١٠٥٤)ز-دا لەگەڵ خزمێکی خۆی بە ناوی گۆدفرێی (Godfrey the Bearded) هاوسەرگیریی بکات، بەڵام ئەم هاوسەرگرییە شەڕێکی ئاشکرای لەنێوان ماڵی کانۆسا و ئیمپراتۆرییەت هەڵگیرساند، چونکە گۆدفرێی یەکێک لە بەهێزترین دوژمنەکانی هێنری سێیەم بوو، ئەوەبوو هێنری لە بەهاری ساڵی (١٠٥٥)ز هاتە ئیتاڵیا، پاشان دوای ئەوەی بیاتریس بەڵێنی پارێزراویی وەرگرت، بیاتریس و کوڕە بچووکەکەی چوونە شاری مانتوا، بۆئەوەی چاویان بە ئیمپراتۆر بکەوێت، بەڵام هێنری کە دەیویست ئەم دایک و کوڕە وەک بارمتە بهێڵێتەوە و بەڵێنەکەی شکاند و لە شاری مانتوا زیندانیی کردن. گۆدفریێ گەڕایەوە ئەڵمانیا و لەگەڵ هاوپەیمانەکەی باڵدوینی فلاندەرز (Baldwin V, Count of Flanders) جارێکی دی یاخیبووەوە، ئیمپراتۆر ناچار بوو لەگەڵ بارمتەکان بگەڕێتەوە ئەڵمانیا، بەڵام لە کۆتاییدا دوو لایەنەکە گەیشتنە لێکتێگەیشتن و دوای ماوەیەکی کورتیش هێنری لە (٥)ی تشرینی یەکەمی (١٠٥٦)ز کۆچی دوایی کرد و گۆدفرێی و باڵدوینیش لە کۆبوونەوەیەک لە کۆڵن لە مانگی کانوونی دووەمی هەمان ساڵدا لەگەڵ تاجی شاهانەدا ئاشتبوونەوە، پاشان گۆدفریێ و بیاتریس و ماتیلدا گەڕانەوە بۆ توسکانی[١١]و ماتیلدا، کە تەمەنی دە ساڵان بوو، بە فەرمی وەک تاکە میراتگری یەکێک لە گەورەترین دوکایەتییەکانی ئیتاڵیا ناسێندرا[١٢].

## تەوەری دووەم: پەروەردەی سەربازیی ماتیلدا

زۆرێک لە لایەنەکانی ژیانی منداڵێتی و خوێندن و پەروەردەی سەرەتایی ماتیلدا ناڕوونە، بۆیە باسکردن لە خوێندن و پەروەردەی سەربازیی ماتیلدا کارێکی قورسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدەین ڕووناکییەک بخەینە سەر ئەم لایەنەی ژیانی ماتیلدا.

هەرچەندە بیاتریس سەرقاڵی بەڕێوەبردنی حوکومەتەکەی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا هەرگیز وازی لە پەروەردەکردنی ماتیلدا نەهێناوە و گرنگی بە خوێندن و پەروەردەکردنی کیژەکەی داوە و ماتیلدا لەژێر سەرپەرشتی دایکی و چەندین مامۆستادا خوێندوویەتی[١٣]، بەڵام ئەوەی ئێمە گرنگی پێ دەدەین و سەرنجی دەخەینە سەر، تەنیا خوێندن و پەروەردەی سەربازیی ماتیلدایە. جێی گوتنە مەشق و ڕاهێنانی سەربازیی ماتیلدا بووەتە جێگەی وردبوونەوەی چەندین دیرۆکنووس، ئەوان پێیان وایە، کە ئەو لەلایەن ئاردینۆ دێلا پالودە (Arduino della Palude)ەوە لە شەڕی کەسیدا ڕاهێنانی پێ کراوە و گوایە دواتر کاپتنی گەورەی سوپاکانی ماتیلدا بووە، بۆ وێنە نۆرا داف (Nora Duff) ئاماژەی بەوە داوە، ئاردینۆ فێری ماتیلدای کردووە، کە چۆن ڕم و تەور و شمشێر بە باشی بەکاربهێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ بەڵگەیەک نییە بە تەواوەتی بیسەلمێنێت، کە ئاردینۆ ئەم کارامەییانەی فێری ماتیلدا کردووە[١٤].

هەرچەندە لە هەندێک لە سەرچاوەکاندا باس لەوە کراوە ماتیلدا کاتێک کە منداڵ و گەنج بووە، هونەری ئەسپسواریی پراکتیزە کردووە و ڕاهێنانی پێ کراوە، بۆئەوەی حەزی لە ڕاوکردن بێت، هەروەها ڕاهێنانی پێ کراوە بۆئەوەی تەوری جەنگ و شمشێر بەکاربهێنێت، ئەمەو وەک سەربازێکی پیادە فێری هەڵگرتنی ڕم بووە، هەروەها خووی گرتووە بە لەبەرکردنی زرێی پۆڵا لە شەڕدا و لە مەشقەکاندا چاونەترس و خۆڕاگر بووە، ئەمەش وای لێکرد کەسێکی شارەزا بێت[١٥]، بەڵام ناتوانرێت ئەمانە بە شێوەیەکی یەکلاییکەرەوە بسەلمێنرێت، چونکە سەرچاوە ڕەسەنەکان بەڵگەی پێویستمان پێ نادەن، کە بتوانین بڵێین لە ڕاستیدا لە ڕیزەکاندا شانبەشانی سەربازەکانی شەڕی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ سەرچاوەیەک بە ڕوونی ڕەتی ناکاتەوە، کە ماتیلدا چەکی هەڵگرتبێت[١٦]. بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ماتیلدا وەک سەربازێک ڕاهێنراوە، یان نا، لە هونەری فەرماندەیی سەربازییدا پەروەردەیەکی باشی هەبووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ماتیلدا لە ماڵێکی سەربازیی بەتوانادا گەورە بوو، دەرفەتی زۆری هەبوو، چ بە ڕاهێنانی فەرمی بێت، یان چاودێرییەکی سادە، بۆ فێربوونی ئەو لێهاتووییانەی کە بەشدارن لە کۆکردنەوە و دابینکردنی سوپاکان، گەمارۆدان، پلاندانان بۆ ئۆپەراسیۆنەکان و بڕیاردان لەسەر ئاستی ستراتیژیی. تۆماری سەربازیی ماتیلداش دەیسەلمێنێت، کە وانەکانی بە باشی فێربووە[١٧].

## تەوەری سێیەم: سەرهەڵدانی ململانێی نێوان پاپا گریگۆری حەوتەم و ئیمپراتۆر هێنری چوارەمی ئەڵمانیا و پەرەسەندنی بۆ پێکدادانی سەربازیی

سەردەمی چاکسازییەکانی پاپا گریگۆری حەوتەم و مشتومڕ لەسەر خەڵات بەخشین(Investiture Controversy) ، بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی و خێرا تایبەتمەندن و بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی ژیاریی سەدەکانی ناوەڕاستدا دادەنرێن(١٨).

جێی گوتنە، مێژوونووسی پسپۆڕ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نۆرمان فرانک کانتۆر(Norman Frank Cantor) مشتومڕ لەسەر خەڵاتبەخشین بە یەکێک لەو چوار شۆڕشە جیهانییەی مێژووی ڕۆژئاوا دادەنێت، کە تیایدا کۆسوورِی کۆن ڕووخا و بیر و کۆسوورِێکی نوێ سەریهەڵدا. ناوبراو پێی وایە ئەم شۆڕشە خاوەن چەند تایبەتمەندییەکە کە لە شۆڕشە جیهانییەکاندا هەیە، کە ئەمانەن:

١. ئەم شۆڕشە بە ناڕەزایەتی و گلەیی لە کەموکورتییەکان دەستی پێکرد، کە لە کۆسوورِی ڕامیاریی، جڤاکی، یان ئایینی باودا هەبوون.

٢. ئامانجی کۆتایی ئەم شۆڕشە کە لەلایەن تیۆریست و بیرمەندەکانەوە دیاری کرابوون، چاکسازیی نەبوو لە کۆسوورِی کۆن، بەڵکو نەهێشتنی کۆسوورِی کۆن و دامەزراندنی بە کۆسوورِێکی نوێ بوو.

٣. ئایدیۆلۆژیای ئەم شۆڕشە ڕووبەڕووی دژایەتییەکی بەهێز بووەوە لەلایەن ئایدیۆلۆژیست و دڵسۆزەکانی کۆسوورِی کۆن.

٤. ئەم شۆڕشە بۆ ماوەیەکی کورت لەلایەن ڕادیکاڵەکانەوە کۆنترۆڵکرا، بەڵام دواجار ڕادیکاڵەکان سەرکردایەتیی خۆیان لەدەست دا و نەیانتوانی ئایدیاڵە خەیاڵییەکانیان بەدیبهێنن.

٥. سەرکەوتنی ڕووناکبیرانی ئەم شۆڕشە، تەنیا لە دروستکردنی نەزمێکی نوێدا سنووردار بوو، چونکە ئەو جیهانە نوێیەی کە دروستیان کردبوو، ئەو جیهانە نەبوو کە شۆڕشگێڕان خەونیان پێیەوە دەبینی، بەڵکو سیستمەکەی کۆسوورِێکی ڕامیاریی و ئایینی بوو، کە لەسەر بنەمای توخمە کۆن و نوێیەکان بنیات نرابوو(١٩).

هەرچەندە گریگۆری حەوتەم وەک ئەوەی نۆرمان باسی دەکات، کەسێکی ڕادیکاڵ بووە، بەڵام لە ڕاستیدا نۆرمان زیادەڕەویی کردووە و کارەکانی پاپا گریگۆری حەوتەم و پاپاکانی دوای ئەویش درێژکراوەی کار و چاکسازییەکانی پاپاکانی پێش خۆیانن و دەشێت وەک بزاڤێکی چاکسازیی ناودێری بکەین، نەک وەک شۆڕشێکی جیهانی. پێش ئەوەشی

لەبارەی چاکسازییەکانی گریگۆری حەوتەمەوە بدوێین، کە دواجار بووە هۆی پێکدادانی پاپا و ئیمپراتۆر هێنری چوارەمی ئەڵمانیا. وا باشە بەخێرایی ئاوڕێک لە گەندەڵییەکانی ناو کڵێسا لە سەدەی دەیەم و یانزەیەمدا بدەینەوە، کە بووە هۆی ئەوەی بزاڤێکی چاکسازیی لەناو کڵێسادا سەرهەڵبدات. جێی گوتنە پێش دەرکەوتنی بزاڤێکی چاکسازیی لە سەدەی یانزەیەمدا، کڵێسا بەدەست چوار نەخۆشی، یان گەندەڵییەوە دەیناڵاند، کە هۆکار بوون لە کڵێسادا هەندێک ویژدان بەئاگا بهێننەوە و بزووتنەوەیەکی چاکسازیی لەناو کڵێسادا سەرپێ بخرێت، ئەوانیش: بازرگانیکردن بە پلە و پۆستە ئایینییەکانەوە، هاوسەرگیریی پیاوانی ئایینی، نەبوونی یاسایەک بۆ هەڵبژاردنی پاپا، کۆنترۆڵکردنی ڕێوڕەسمی خەڵاتبەخشین (Investiture) لەلایەن پاشا و میرەکانەوە. سەرچاوەی سەرەکی بازرگانیکردن بە پلە و پۆستەکانی کڵێساوە، دەسەڵاتدارانی دونیایی، بە تایبەت دەرەبەگەکان بوون، کە زۆرجار پۆستەکانی کڵێسایان بەو کەسانە دەفرۆشت کە نرخێکی زیاتریان پێشکەش دەکرد، هەروەها بە گشتی ئەو کەسەش کە پۆستەکەی دەکڕی بە ئیستغلالکردنی دڕندانە لە کرێچییانی زەوی کڵێساکان، یان ئەوانەی لەژێر سەرکردایەتیی ئەودا بوون، پارەکەی وەردەگرتەوە. ئەم جۆرە بازرگانییەش بە (سیمۆنی) ناسرابوو، کە چاکسازیخوازانی ئەوێ دەمێ بە گوناهی شاراوەی سەردەمیان دەدەنا[٢٠].

سەبارەت بە هاوسەرگیریی پیاوانی ئایینیش، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاسایەکی ڕوون، کە هاوسەرگیریی لە پیاوانی ئایینی قەدەغە بکات. هەرچەندە لە سەرەتای سەردەمی مەسیحیدا هەندێک یاسا هەبوون، کە پشتگیریی لە ڕەبەنیی پیاوانی ئایینی دەکرد، بەڵام ئەم یاسایانە سەرەڕای هەوڵەکانی پاپا وەک خۆی جێبەجێ نەکران و لەو دەمەدا زۆربەی پیاوانی ئایینی، بە تایبەت ئەوانەی پلەیان نزم بوو، خاوەن ژن و منداڵ بوون[٢١].

نەبوونی یاسایەک کە بەهۆی ئەو یاسایەوە پاپایەک هەڵبژێردرێت، هۆکاری لاوازیبوونی پاپاوییەت بوو، چونکە میرەکان و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی شاری ڕۆم پاپایان هەڵدەبژارد، کە زۆرجار ئەو کەسانەیان هەڵدەبژارد کە شیاوی ئەو شوێنە نەبوون[٢٢].

چوارەم نەخۆشیش کە لە هەموو نەخۆشییەکان سەختتر بوو، کۆنترۆڵکردنی ڕێوڕەسمی خەڵاتبەخشین بوو لەلایەن پاشا و میرەکانەوە، بە جۆرێک کە پادشا، یان میرەکان، پیاوانی ئایینیان هەڵدەبژارد و ئەڵقەیەک، یان ئەنگوستیلەیەک و دارێکیان دەدانێ، کە هێمای مومارەسەکردنی دەسەڵاتی ئایینی بوو، ئەڵقەکە، یان موستیلەکە هێمای هاوسەرگیریی پیاوانی ئاینی بوو لەگەڵ کڵێسادا، دارەکەش هێمای دەسەڵاتی بوو بەسەر

ئەندامانی کڵێسادا، بەکورتی دەتوانین بڵێین؛ پادشا و میرەکان بوونە خاوەنی دەسەڵاتێک، کە دەسەڵات و کرۆکی کاری کڵێسا بوو، چونکە هەر کەسێک مافی بەخشینی پلە و پایەی بەرزی کڵێسای هەبووایە، مافی ئەوەی دەبوو کێ لەو پۆستانەدا دانێ[٢٣].

یەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکانی چاکسازیخوازان، هەوڵەکانیان بوو بۆ نەهێشتنی هەژموونی دەسەڵاتدارە دونیاییەکان لە هەڵبژاردنی پاپادا، لەم کارەشدا ئیمپراتۆر هێنری سێیەم پشتگیری کردن، دوای ئەوەی دەستێوەردانی لە دۆخەکدا کرد و ئەو سێ پاپایەی دوورخستنەوە، کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد پاپای ڕاستەقینە و مامی خۆی بە ناوی لیۆی نۆیەم لەسەر تەختی پاپاوییەت دانا[٢٤].

پاپا لیۆی نۆیەم زۆر حەزی لە چاکسازیی دەکرد و زۆرێک لەو کەسانەشی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، کە وەک خۆی حەزیان لە چاکسازیی دەکرد، هەروەها بە هاندانی ئیمپراتۆر هێنری سێیەم هەوڵی دا بەرەنگاری بازرگانی پلە و پۆستە ئایینییەکان بێتەوە و لە ئەنجامدا زۆربەی پیاوانی ئایینی، کە بە پارە پۆستەکانیان کڕیبوو، دوورخرانەوە. تەنانەت دوای مردنی هێنری سێیەمیش بزاڤی چاکسازیی بەردەوام بوو و لە ئەو ئەنجومەنە ئایینییانەی کە لە ساڵانی (١٠٥٩)ز و (١٠٦٠)ز بەڕێوەچوون، بڕیاری توونديان دەرکرد دژی بازرگانیکردن بە پۆستە ئایینییەکانەوە[٢٥]. لەلایەکی دیکەوە لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئایینی ڕۆمادا لە ساڵی (١٠٥٠)ز-دا بەڕوونی دژایەتی هاوسەرگیریی پیاوانی ئایینی بوو، چونکە کڵێسا بە مەترسی بۆ سەر خۆی دەزانی، دواتر لە ماوەی ساڵانی (١٠٥٩-١٠٦٣)ز-دا مامەڵەی خەڵکی ئاسایی لەگەڵ ئەو قەشانە قەدەغە کرد، کە هاوسەرگیرییان کردبوو[٢٦].

بەم جۆرە، چاکسازیخوازان تاڕادەیەک سەرکەوتوو بوون لە نەهێشتنی هاوسەرگیریی پیاوانی ئایینی و بازرگانیی بە پلە و پۆستە ئایینییەکانەوە، وەلێ کەسانێک هەبوون کە هەستیان بەوە دەکرد، کە ئەم چاکسازییانە بەس نین، ئەوان پێیان وابوو گەندەڵی و خراپەی ڕاستەقینە لە باڵادەستی ئەلمانیدایە بەسەر کڵێسادا. هەلێکیش بۆ ئەم چاکسازیخوازە توندڕەوانە هاتە پێش، کاتێک هێنری سێیەم لە ساڵی (١٠٥٦)ز لەناکاو کۆچی دوایی کرد و کوڕێکی کەمتەمەن و شاژنێکی لاوازی لە دوای خۆی بەجێهێشت[٢٧].

جێی گوتنە، هێنری سێیەم لە ساڵی (١٠٥٦)ز کۆچی دوایی کرد و کوڕێکی شەش ساڵانی لە دوای خۆی بەجێهێشت، میرەکانی ئەڵمانیاش ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە و هەوڵیان دا ئەو دەسەڵاتە وەربگرنەوە، کە لە سەردەمی پاشا بەهێزەکاندا لەدەستیان چووبوو[٢٨].

بەدوای ئەوانیشدا چاکسازیخوازەکان لە ساڵی (١٠٥٩)ز بە سەرپەرشتی پاپا نیکۆلاسی دووەم پەیڕەوێکی نوێیان بۆ هەڵبژاردنی پاپا داڕشتەوە، ئەو پەیڕەوە هەڵبژاردنی پاپای لە دەستی فەرمانڕەوا نائایینییەکان دەرهێنا و خستییە دەستی کۆمەڵێک پیاوی ئایینییەوە، کە بە کاردیناڵەکان[٢٩] ناسراون و هەتاوەکو ئەمڕۆش زۆربەی ئەو شتانەی لە فەرمانەکەی (١٠٥٩)ز-دا دانراون، ڕەچاو دەکرێن[٣٠]. زیادەڕەویی نییە ئەگەر بڵێین ئەم ڕێوشوێنە یەکەم هەنگاو بووە بەرەو دامەزراندنی حکومەتێکی ناوەندیی لە کڵێسادا، کە بتوانێت بە تەنیا چاکسازیی بکات[٣١].

هایلدبراند لە ساڵی (١٠٧٣)ز لەژێر ناوی گریگۆری حەوتەمدا پۆستی پاپای وەرگرت و لاپەڕەیەکی نوێی لە مێژووی پاپاوییەت و لە مێژووی کڵێسای ڕۆژئاوا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەڵدایەوە[٣٢].

شایەنی باسە گریۆگۆری حەوتەم لەو پیاوانەوە بوو، کە سیفاتەکانی ئازایەتی و سەرکردایەتی تیادا کۆببووەوە و ئەوپەڕی باوەڕی بە ڕاستی ئەو دۆزە هەبوو، کە خەباتی لەپێناودا دەکرد، ناوبراو خوازیاری دەستتێوەردانی کڵێسا بوو لە هەردوو بواری ئایینی و دونیاییدا و ئەو وای دەبینی، کە دەبێت دەسەڵاتی کڵێسا لەسەرووی دەسەڵاتی ئیمپراتۆر و پادشا و میرەکانەوە بێت. تەنانەت لە سەردەمی ئەودا بۆچوونێک لەنێو پیاوانی ئایینیدا پەیدابوو، کە ڕاستە ئیمپراتۆرییەت وەک جەستە و کڵێساش وەک گیانە و ئەم دووانەش وەک گیان و جەستە تەواوکەری یەکترن، وەلێ هەر بەو شێوەیەی کە گیان سەرپەرشتی جەستە دەکات، پایەی ڕۆحانیش سەرپەرشتی پایەی دونیایی دەکات[٣٣].
بۆ ئەم مەبەستەش لە (٤)ی ئازاری (١٠٧٥)ز-دا گریگۆری حەوتەم مافەکانی پاپای لە بیستوحەوت ماددەدا دیاری کرد، کە بە ناوی وەسییەتنامەی پاپا، یان فەرمانەکانی پاپا (Dictatus Papae) ناسراوە و پاش ماوەیەکی کەم لە مردنی (نزیکەی ساڵی ١٠٨٧)ز کۆکراوەتەوە و بەپێی ناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامەیە، پاپا دەسەڵاتێکی زۆری پێ بەخشراوە، تا ئەو ڕادەیەی کە بە کەسێکی بێ هەڵە دانراوە و لەلایەن هیچ کەسێکەوە دادگایی ناکرێت، تەنها خودا نەبێت[٣٤].

گریگۆری حەوتەم لە ساڵی (١٠٧٤)ز-دا ئەنجوومەنێکی لە ڕۆما ئەنجام دا، بڕیاردرا هەر کەسێک کە لە ڕێگەی کڕینەوە پێگەیەکی لە کڵێسادا بەدەستهێنابێت، لە داهاتوودا ڕێگەی پێ نادرێت پلە و پۆستەکانی کڵێسا بکڕێت و بفرۆشێت، سەبارەت بە هاوسەرگیریی پیاوانی ئایینییش، گریگۆری حەوتەم داوای لە مەسیحییەکان کرد، کە هاوکاریی هیچ قەشەیەک نەکەن و قەدەغەی کرد گوێ لەو قەشانە بگیرێت کە ڕەبەن نیین[٣٥]، ئەمەو

پاپا سوودی لەو نائارامییە وەرگرت کە لە سەکسۆنیا سەریهەڵدا و لە کانوونی دووەمی ساڵی (١٠٧٤)ز-دا فەرمانێکی دەرکرد و ئەنجامدانی ڕێورەسمە ئایینییەکانی لە هەموو ئەو قەشانەی ئەڵمانیا، کە هاوسەرگیرییان کردبوو، قەدەغە کرد[٣٦].

گریگۆری حەوتەم هەر بەوەوە نەوەستا و لە ساڵی (١٠٧٥)ز-دا کۆڕێکی ئایینی گەورەی ڕێکخست و ڕێوڕەسمی خەڵاتبەخشینی هەڵوەشاندەوە[٣٧]. ئەم فەرمانەی گریگۆری هەڕەشەیەکی زۆر ترسناک بوو بۆ هێنری چوارەم، چونکە کڵێسا پتر لە سێیەکی زەوییەکانی ئەڵمانیای بەدەستەوە بوو، هەروەها پیاوە باڵاکانی کڵێساکانی ئەوێ شوێنکەوتووی دڵسۆز و ملکەچی هێنری بوون، لە بواری ڕامیاریی و دارایی و کارگێڕیی کاریان دەکرد و داهاتێکی زۆریان بۆ هێنری دەستەبەر دەکرد، هەروەها قەڵایەکی بەهێزیش بوون لە دژی دوژمنە ناخۆییەکانی[٣٨].

ئەمەو هێنری پێی وابوو، کە مافی بەخشینی پلەوپایەی کڵێسا، مافێکی ڕەوای خۆیەتی و لە باپیرانییەوە بۆی بەجێماوە و ئەو هیچ زیادەڕەوییەکی نەکردووە، هەروەها وای دەبینی گەر لە کارێکی وا گرنگدا بەرانبەر پاپاوییەت شکست بهێنێت، ئەوا لە کارەکانی تریشدا شکست دەهێنێت و ئەمەش دەبێتە هۆی شکستهێنانی لەبەردەم میرەکانی ئەڵمانیادا، بەم جۆرەش پاشایەتیی ئەڵمانی پێگەی خۆی لەدەست دەدا و دەسەڵاتی نامێنێت، هەر بۆیە هێنری لەدوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینێکی گەورە لە سەکسۆنیا، دەستی کرابووەوە و لە خۆی ڕادەبینی ئاڵنگاریی پاپا گریگۆری حەوتەم بکات، ئەوە بوو هێنری فەرمانی قەدەغەکردنی ڕێوڕەسمی خەڵات بەخشینی پشتگوێخست و چەند ئەسقەفێکی لە ئەسقەفییە بەتاڵەکان دامەزراند، بە تایبەت ئەسقەفییەی میلانۆ، کە بۆ هێنری فرە گرنگ بوو، چونکە بەهۆی کۆنترۆڵکردنی باژێڕەکەوە، کە لە شوێنێکی ستراتیژیی گرنگ هەڵکەوتبوو، دەیتوانی دەروازە ناوەندییەکانی بەرزاییەکانی ئەلبیش کۆنترۆڵ بکات[٣٩].

پاپا لە کۆتایی ساڵی (١٠٧٥)ز-دا نامەیەکی توندی بۆ هێنری چوارەم نارد و هەڕەشەی لە هێنری کرد، کە ئەگەر دەستبەجێ پابەند نەبێت بە بەرنامەی چاکسازیی پاپاوە، ئەوا بڕیاری دەرکردنی لە پۆستەکەی دەردەکات[٤٠]. ئەم نامەیەی پاپا کاردانەوەی توندی هێنری لێکەوتەوە و لە مانگی یەکی ساڵی (١٠٧٦)ز- دا ئەنجوومەنێکی ئایینی لە شاری ورمز ساز کرد، کە زۆربەی قەشەکانی ئەڵمانیا بەشدارییان تێدا کرد، لەنێویاندا کاردیناڵ هیو( Hugh of Remiremont) ، کە پاپای بە دڕندەیی و جادووگەریی و دەستڕاگەیشتن بە پاپاوییەت لە ڕێگەی بەرتیل و هەڕەشەوە تۆمەتبار کرد، پاشان ئاماژەی بەوە دا کە پاپا دەبێت ڕەزامەندیی ئیمپراتۆر بەدەستبهێنێت، بۆئەوەی لەسەر کورسی پاپاوییەت دابنیشێت.

بەم پێیە ئیمپراتۆر پێشنیاری دەرکردنی پاپای کرد و ئامادەبووانیش بە زۆرینەی دەنگ پەسەندیان کرد[٤١]. دواتر هێنری لە نامەیەکدا بڕیارەکانی ئەنجوومەنەکەی بۆ پاپا نارد، لەو نامەیەدا هێنری گریگۆری بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی (هایلدبراند) ناوهێنا، هەروەها (بە ڕاهیبی درۆین)ی دانا، کە بە فرتوفێڵ کورسی پیرۆزی پاپاوییەتی داگیرکردووە و داوای لێکرد واز لە کورسی پاپاوییەت بهێنێت و شوێنەکەی بۆ کەسێکی تر جێبهێڵێت، کە شایەنی ئەو پۆستە پیرۆزە بێت[٤٢].

پێدەچێت گریگۆری حەوتەم چاوەڕوانی وەڵامێکی لەو شێوەیە بووبێت و لە سوپای ئیمپراتۆریش نەترسابێت، چونکە لە بیست ساڵی پێشوودا پاپاوییەت هاوپەیمانێکی بەهێزی دۆزیبووەوە کە لە توانایدابوو لە بەرانبەر سوپای ئیمپراتۆردا بوەستێت، ئەو هاوپەیمانەش فەرمانڕەواکانی نۆرمان بوون لە سیسیلیا و باشووری ئیتاڵیادا، کە لە بەرانبەر شەرعییەتدان بە فەرمانڕەوایەتییان لەلایەن پاپاوە، ئامادەبوون هاوکاریی پاپا بکەن و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی پاپا و تەنانەت خۆشیان دژی سوپای ئیمپراتۆری لە ئیتاڵیا بوەستنەوە. جگە لەم، نۆرمانەکانی باشووری ئیتاڵیا، گریگۆری حەوتەم، چاوەڕێی یارمەتیان لە باکووری ئیتاڵیا، بە تایبەت لە تسوکانی دەکرد، کە فەرمانڕەواکەی ژنێک بوو، بە ناوی ماتیلدا، هەرچەندە ماتیلدا خزمێکی دووری ئیمپراتۆری ئەڵمانیا بوو، بەڵام گریگۆری هەستی بەوە دەکرد کە دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت[٤٣]. هەر بۆیە کاتێک گریگۆری حەوتەم گوێی لەم بڕیارەی ئیمپراتۆر بوو، لە ئەنجوومەنێکدا لە مانگی شوباتی ساڵی (١٠٧٦)ز-دا هێنری چوارەمی لەسەر تەختی ئیمپراتۆرییەت لادا و پلەوپایەی ئیمپراتۆری لێ سەندەوە، هەروەها هێنری تەکفیر کرد و لە کڵێسا دووری خستەوە و هەموو ژێردەستە و شوێنکەوتووانی هێنرییان لە سوێند و بەڵێنەکانیان ئازاد کرد[٤٤].

بڕیاری لابردنی هێنری لە پۆستەکەی ئەڵمانیای هەژاند و دەستبەجێی کاریگەرییەکانی لەو وڵاتە دەرکەوتن. بەجۆرێک بەبێ لێدان بەشی زۆری دەسەڵاتی سەربازیی هێنری دارما، لەبەرئەوەی لانیکەم دوو لەسەر سێی سەربازەکانی ناو سوپای هێنری لە خاکی کڵێساکانەوە وەرگیرابوون، ئەمەو پیاوانی کڵێسا لە ترسدا پشتگیری خۆیان لە ماڵباتی سالیان کشاندەوە[٤٥].

سەکسۆنەکانیش کە هەموو دەرفەتێکیان دەقۆستەوە تا دژی ئیمپراتۆر ڕاپەڕن، بە خێرایی بە پشتبەستن بە بڕیارەکەی پاپا و ڕزگارکردنی شوێنکەوتووان و ژێردەستەکانی هێنری چوارەم لە سوێند و بەڵێنەکانیان لە دژی هێنری ڕاپەڕین و سەربازەکانی هێنرییان لە خاکەکانیان دەرکرد[٤٦].

میرەکانیش بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی پێشنیارێکی پاپایان دایەوە و بنەمای هەڵبژاردنی کۆنیان بۆ هەڵبژاردنی پاشای ئەڵمانیا زیندووکردەوە، یان لە ڕاستیدا پرۆسەی هەڵبژاردنی پاشایەکی نوێیان لە دەرەوەی بنەماڵەی سالیان دەستپێکرد[٤٧].

ئەویش دوای ئەوەی کە میر و قەشەکانی ئەڵمانیا لە ئۆکتۆبەری (١٠٧٦)ز-دا لە تریبور کۆبوونەوە و بڕیاریان دا سەرپێچی هێنری چوارەم بکەن و ئاگاداری بکەنەوە، کە پاشایەکی دیکە لە ئەڵمانیا هەڵبژێرێت، ئەگەر پاپا تا شوباتی (١٠٧٧)ز لێی خۆش نەبێت، بە مەرجێک کە ماوەی نێوان ئۆکتۆبەری (١٠٧٦)ز تا شوباتی (١٠٧٧)ز لە یەکێک لە دێرەکان دەمێنێتەوە و لە هەموو ڕێوڕەسم و مافەکانی خاوەندارێتی بێبەش دەکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی نەیانتوانی لەسەر کاندیدێکی ڕکابەر ڕێکبکەون، بڕیاریان دا لە شوباتی ساڵی دواتردا، واتە ساڵی (١٠٧٧)ز لە ئاوگسبورگ کۆببنەوە، پاپاشیان بۆ ئەم کۆبوونەوەیە بانگێشت کرد تا بەشداریی بکات و لەژێر سەرکردایەتی، یان چاودێریی پاپادا، کارنامەی سەرەکی کۆبوونەوە، کە دەرکردنی هێنری و هەڵبژاردنی پاشایەکی نوێ بوو[٤٨].

تا کۆتایی ساڵی (١٠٧٦)ز هێنری خۆی بینییەوە، کە جگە لە چەند دڵسۆزێکی کەم، هیچ کەسێکی بە دەورەوە نەماوەتەوە، بەڵام هەندێک لە پیاوانی ئایینی کە هێشتا بە دڵسۆز و لایەنگریی هێنری مابوونەوە، قەناعەتیان بە پاشا کرد تاکە ڕێگای دەربازبوون ئەوەیە، کە لێخۆشبوونی پاپا لە بەرانبەر کارە هەڵەکانی وەربگرێت، بۆئەوەی بتوانێت تەختەکەی ڕزگار بکات، بە تایبەت هەڤاڵ و لایەنگری سەرسەختی هیو لە کلۆنی (Hugh of Cluny). ئەوەبوو هێنری بڕیاری دا بچێتە ئیتاڵیا و داوای لێبووردن لە پاپا بکات، پێش ئەوەی گریگۆری بێتە ئەڵمانیا، بۆئەوەی سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەیەکی میرەکانی ئەڵمانیا بکات، کە بە فەرمی هێنری لە تەختی پاشایەتی دووردەخرایەوە و پاشایەکی نوێ هەڵدەبژێردرا، هەر بۆیە لە شاری سپایێرس هەڵات و لە زستانێکی سەختدا و بە یاوەریی هاوسەرەکەی و کوڕە کۆرپەکەی (کۆنراد) و چەند شوێنکەوتوویەکی دڵسۆزی، بەرزاییەکانی ئەلبیان بڕی. دوای ماوەیەک هێنری بە جلوبەرگی هەژارانەوە لەبەردەم دەروازەی قەڵای کانۆسا دەرکەوت، ئەویش دوای ئەوەی پاپا بیستبووی هێنری لە ڕێگادایە، بۆئەوەی بێتە لای، گەشتەکەی بۆ ئەڵمانیا وەستاند و گەڕایەوە و پەنای بۆ ئەو قەڵایە برد، کە هی ماتیلدا بوو، کە یەکێک بوو لە چاکسازیخوازان و هاوپەیمانە نزیک و دڵسۆزەکانی پاپا[٤٩].

هێنری پێویستی بە لێخۆشبوونی پاپا بوو، بۆئەوەی تەختەکەی بپارێزێت و گریگۆری ئامادە نەبوو لێی خۆش بێت، لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی هێنری لە داڕماندا بوو، چونکە پاپا لە ڕێگادا بوو بۆ بەشداریکردن لەو کۆبوونەوەیەی کە تێیدا پاشایەکی نوێی ئەڵمانیا

هەڵدەبژێردرێت، کە لەلایەن پاپایەوە پەسەند کرابوو، بەڵام بەهۆی نەریت و یاسای کڵێساوە، کە لە هەر حاڵەتێکدا هیچ قەشەیەک چ جای کەسێک کە نوێنەری مەسیح بوو لەسەر زەوی، نەیدەتوانی تەوبەی گوناهبارێک ڕەت بکاتەوە، کە لە دڵەوە پەشیمانە و دان بە گوناهەکەیدا دەنێت، هەرچەندە گریگۆری گومانی زۆری هەبوو سەبارەت بە تەوبەکەی هێنری، بەڵام ئەستەم بوو کە بە ئاشکرا ئەمە ڕابگەیەنێت، هەروەها دەرکەوتنی هیو لە کانۆسا، کە ڕێزدارترین و خۆشەویستترینی کڵێسا بوو، لە سەردەمی خۆیدا یەکێکی تر بوو لەو هۆکارانەی کە پاپای ناچار کرد وەڵامی هێنری بداتەوە، چونکە گریگۆری نەیدەوێرا ئامۆژگارییەکانی سەرۆک دێرێکی ڕێزدار پشتگوێ بخات، ئەگەر گریگۆری ئەمەی کردبا، بێگومان پێگەی خۆی لە ئەوروپا دەخستە مەترسییەوە، چونکە گریگۆری دەیزانی کە ئۆپۆزسیۆنی چالاک لەلایەن ڕاهیبێکی هەمیشەیی کلۆنی بەسە، بۆئەوەی بیروڕای گشتی لە دژی خۆی و پاشا و فەرمانڕەواکانی دیکەی ئەوروپا بگۆڕێت، بۆ پشتگیریکردنی دەسەڵاتی پاشایەتی ستەملێکراوی سالیک. هەموو ئەمانە وایان کرد کە لە کۆتاییدا گریگۆری ڕێگە بە هێنری بدات چاوی پێی بکەوێت، دواتر دانپێدانانەکەی لێ وەرگرت و بڕیاری دا لێی خۆش بێت. پاشان پاپا وازی لە گەشتەکەی هێنا و نامەیەکی بۆ ئاغاکانی ئەڵمانیا نارد و ئاگاداریان کردەوە لەو ڕووداوانەی کە لە کانۆسا ڕوویانداو[٥٠]. باس لەوە کراوە کە ماتیلدا نێوەندگیریی کردووە و دوای لێخۆشبوونی هێنری لە پاپا کردووە، بەڵام پێناچێت کاریگەری لەسەر پاپا هەبووبێت[٥١]. هەرچەندە ماتیلدا لە هەوڵە دیبلۆماسییەکانی شکستی هێنا، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە لە ساڵی (١٠٧٦) ز-دا پاپا توانیبووی بە سەلامەتی لە ڕێگەی توسکانییەوە گەشت بکات و بچێتە ناو ئیمیلیاوە، بەڵام نەیتوانی بچێتە ئەڵمانیا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر توانا سەربازییەکانی ماتیلدا، کە توانیویەتی لە ناو خاکەکانی خۆیدا پاپا بپارێزێت، بەپێچەوانەوەی میرەکانی ئەڵمانیاوە کە نەیانتوانیوە هەمان پلەی پاراستنی سەربازیی بۆ گەشتەکەی گریگۆری بەناو خاکەکانیاندا دابین بکەن[٥٢].

زۆرێک لە هاوچەرخەکانی ئەم ڕووداوانە و تەنانەت نووسەرانی مۆدێرنیش مشتومڕیان لەسەر ئەو پرسیارە کردووە، کە ئاخۆ پاپا، یان ئیمپرتۆر، کامیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی دراماتیکیی کانۆسادا، زۆرتر قازانجی بەدەستهێناوە؟ سەرەتا ڕوونە کە هەردوولا شتێکیان دەستکەوتووە و شتێکی دیکەیان لەدەست داوە و هیچ کامیان سەرکەوتنی تەواویان بەدەست نەهێناوە. هێنری چوارەم لە کانۆسا سەرکەوتنێکی دیبلۆماسی بەدەستهێنا و توانی لێخۆشبوونی پاپا بەدەست بهێنێت و تەخت و تاجەکەی بگەڕێنێتەوە، بەڵام دوای

ئەوەی باجێکی قورسی دا و هەموو ئەو پلە و شکۆمەندییەی کە هەیبوو، لە دەستی دا و دواتریش شکستی هێنا و هەرگیز ئەو شکۆ و پێگەیەی کە پێشووتر هەیبوو، بەدەستی نەهێنایەوە، لەلایەکی دیکەوە بە لەبەرچاوگرتنی ملکەچبوون و سەرشۆڕکردنی هێنری لەبەردەم پاپادا، کانۆسا گورزێکی کوشندە بوو لە ئایدیۆلۆژیای پاشایەتی تیۆکراتی، کە ماڵباتی سالیان پشتی زۆریان پێ بەستبوو، جگە لەوەش هێنری ناچار بوو داوای لێخۆشبوونی پاپا بکات، بەمەش دانی نا بە بانگەشەکانی گریگۆریدا سەبارەت بە مافی پاپاوییەت بۆ هەوڵدان و دوورخستنەوەی گەورەترین فەرمانڕەواکانی ئەوروپا[٥٣]. لە هەر حاڵەتێکدا سەرکەوتنی گریگۆری ڕەها نەبوو، چونکە کانۆسا تۆوی گومانی لەبارەی مەبەست و ئاستی ڕەوشتی پاپا ئاشکرا کرد، تۆوێک کە لە سەدەی دواتردا بەخێرایی چەکەرەی کرد و پاشاکانی ئەوروپا ڕێوشوێنی خۆپارێزییان گرتەبەر و ناچار بوون بە وردیی پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کڵێسدا بکەنەوە، هەروەها کانۆسا ئەو هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەی لەناوبرد، کە ئەوروپا لە سەدەی یانزیەمدا ناسیبووی[٥٤]. لە هەموو ئەمانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هەردوولا شتێکیان بەدەستهێناوە و شتێکیان لەدەست داوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زیانە زۆرانەی بەر هێنری چوارەم کەوت، دەتوانین بڵێین پاپا بە کەمترین زیان و زۆرترین دەستکەوت سەرکەوتنێکی گرنگ و مێژوویی بەدەستهێنا.

هەرچەندە پاپا لە هێنری خۆش بوو و گەڕاندییەوە بۆ پۆستەکەی، بەڵام میر و سەرۆکە یاخیبووەکانی ئەڵمانیا بەردەوام بوون و بڕیاریان دا ڕێگریی لە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی پاشا بکەن و بەم پێیەش میرەکانی ئەڵمانیا لە مانگی ئازاری ساڵی (١٠٧٧)ز-دا لە شاری فۆرشهایم لە فرانکۆنیا کۆبوونەوە و هێنری چوارەمیان لەسەر تەختی پاشایەتی لابرد و ڕودۆڵفی دوکی سوابیا (Rudolf of Swabia)یان وەک پاشا هەڵبژارد[٥٥]، لێ دوای تاج لەسەرنانی، ناچاربوو پاشەکشە بکات بۆ سەکسۆنیا و لەوێ پشتیوانی سەرەکی خۆی دۆزییەوە، چونکە خەڵکەکەی خۆی ڕەتیان کردەوە گوێڕایەڵی وی بن[٥٦].

هەرچەندە تەنیا سەکسۆنیا پشتگیریی لە ڕودۆڵف دەکرد و ژمارەی لایەنگرانی هێنری چوارەم بە خێرایی زۆر دەبوو، تا گەیشتە ئاستێک کە زۆربەی ئەڵمانییەکان پشتیوانی هێنری بوون، بەڵام جەنگی ناوخۆ بۆ ماوەی سێ ساڵ (١٠٧٧-١٠٨٠)ز بەردەوام بوو، لە ماوەی ئەم جەنگەماڵوێرانکەرەدا جارێکی دیکە دەرگای ململانێی لەنێوان هێنری چوارەم و گریگۆری حەوتەمدا کردەوە، ئەویش دوای ئەوەی ڕودۆڵف لە شەڕی فلارشهایمدا لە مانگی یەکەمی ساڵی (١٠٨٠)ز-دا لە بەرانبەرەکەی بردەوە، پاپا بڕیاری دا بە

بێلایەنی نەمێنێتەوە و بە ڕوونی پشتگیری لە ڕودۆڵف و لایەنگرانی ساکسۆن کرد و لە ئەنجوومەنێکی ئایینیدا لە مانگی ئازاری هەمان ساڵدا، دووبارە هێنری لە پۆستەکەی دوورخستەوە و پلەوپایەکەی لێ وەرگرتەوە[٥٧]و بەڵێنی لێخۆشبوونی گوناهەکانی بۆ هەموو ئەو کەسانە دا کە دژی ئیمپراتۆر شەڕ دەکەن، بەڵام هێنری هەرگیز نەگەڕایەوە بۆ ئەو دۆخە نائومێدکەرەی، کە لە کۆتایی ساڵی (١٠٧٦)ز-دا خۆی تێدا بینییەوە[٥٨]. بە تایبەت دوای ئەوەی بینی کە شارە بازرگانییەکانی ئەڵمانیا لە ڕووی ئابووری و سەربازییەوە پشتیوانی ئیمپراتۆریان کردووە، هەروەها لە ئەڵمانیا و تەنانەت لە ئیتاڵیاش لایەنگری زۆری هەیە، بۆیە وەڵامی پاپای دایەوە[٥٩] و ئەنجوومەنێکی لە بریکسن لە حوزەیرانی (١٠٨٠)ز سازکرد، لەم ئەنجوومەنەدا بڕیاردرا کە پاپا گریگۆری حەوتەم لە پۆستەکەی دووربخرێتەوە و لە کڵێسا دەربکرێت و ویبێرتی سەرۆکی قەشەکانی ڕاڤینا لەژێر ناوی کلیمنتی سێیەم(Clement III) وەک پاپا هەڵبژێردرا[٦٠].

دوای ئەوەی کە دوو پاشای ڕکابەر و دوو پاپای ڕکابەر هەبوون، ململانێیەکەی نێوان پاپا و ئیمپراتۆر زۆرتر پەرەیان سەند، بەجۆرێک جگە لە ئەڵمانیا، باکووری ئیتاڵیا و خودی شاری ڕۆماش بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون. لە ئەڵمانیا هێنری دەیتوانی حیساب بۆ پشتگیری ئەو شارانە بکات، کە بە تایبەتی لایەنگری بوون، هەروەها هێنری ئاغای دیکەی لە شوێن ئەو ئاغایانە دانا کە دژی وەستابوونەوە، بەم جۆرە هەر ئاغایەک دەبوو لە دژی ئاغای ڕکابەری بجەنگێت. لە باکووری ئیتاڵیایش ئەو قەشانەی کە هێنری دەستنیشانی کردبوون، دەسەڵاتیان هەبوو، ئۆرتۆدۆکسەکانیش لە لای هێنری بوون و نەریتشکێنە زۆرەکانیش دژی هێنری بوون. لە شاری ڕۆماشدا ئاغاکان یارمەتی هێنرییان دەدا و خەڵکی ئاسایی لایەنگری پاپا بوون[٦١].

لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٠٨٠)ز-دا لە کەناری ڕووباری ئێلستەر شەڕێکی گەورە و خوێناویی لەنێوان ڕودۆڵف و هێنریدا ڕوویدا و لەم شەڕەدا لایەنگرانی ڕودۆڵف سەرکەوتوو بوون، بەڵام خودی ڕودۆڵف کوژرا، دوای ئەوەی دەستی ڕاستی لە شەڕەکەدا بڕدرا و مێژوونووسێکی هاوچەرخ باس لەوە دەکات، کە ڕودۆڵف لە کاتی مردنیدا و قۆڵە بڕاوەکەی بەرزکردەوە و وتی: «**سەیرکە، ئەمە ئەو دەستەیە کە سوێندم پێ دا بە دڵسۆزیی بۆ پاشاکەم**»[٦٢]. کاتێکیش هێنری چوارەم بۆی دەرکەوت کە سەکسۆنەکان بەهۆی ناکۆکییان لە هەڵبژاردنی جێنشینی ڕودۆڵفدا، دەرفەتی سەرکەوتنەکەیان نەقۆستووەتەوە، سەکسۆنەکانی پشتگوێخست و بەپەلە بەرەو ئیتاڵیا بەڕێکەوت، بۆئەوەی ڕووبەڕووی ڕکابەری سەرەکی خۆی، گریگۆری حەوتەم ببێتەوە، پاپاش بۆئەوەی هێنری بوەستێنێت، تەنیا دەیتوانی پشت بە هێزەکانی ماتیلدا و نۆرمانەکان ببەستێت[٦٣].

## تەوەری چوارەم: قۆناغی یەکەمی خەباتی چەکداریی ماتیلدا دژی هێنری چوارەم و لایەنگرانی (١٠٨٠-١٠٨٧)ز

ماتیلدا بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٠٨٠)ز-دا چەکی بەرگریی بۆ پاپاوییەت هەڵگرت[٦٤]، دوای ئەوەی ئەنجوومەنی قەشەکان لە وەڵامی دەرکردنی هێنری لەلایەن گریگۆرییەوە لەهەمان ساڵدا، گریگۆرییان لە پۆستەکەی لابرد و ویبێرت لە ڕاڤینایان وەک پاپا کلیمنتی سێیەم هەڵبژارد[٦٥].

گریگۆری و ماتیلدا جەنگەکەیان دەستپێکرد بە هەوڵدان بۆ دەستپێکردنی هێرشێکی پێشوەختە لە دژی ویبێرت و ڕاڤینا، ڕوون نییە ئەم هێرشە ڕوویداوە، چونکە لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی (١٠٨٠)ز هێزەکانی ماتیلدا لەلایەن لایەنگرانی هێنری لە لۆمباردی لە نزیک قەڵای ڤۆڵتا، شکستیان هێنا و هەرگیز سەرکەوتوو نەبوون لە هێرشکردنە سەر ڕاڤینا. لە ڕاستیدا ڕووبەڕووبوونەوەکە لە ڤۆڵتا، گەمارۆ نەبوو، بەڵکو شەڕێکی کراوە بووە، بەڵام تایبەتمەندییەکانی دیکەی شەڕەکە ڕوون نین و تەنانەت ئێمە نازانین کێ فەرماندەیی سوپای ماتیلدای کردووە، هەرچەندە هەندێک لە مێژوونووسان وایان زانیوە کە ئاردینۆ دێلا پالودە بوو و هەندێک جاریش بە شێوەیەکی گشتی باس لەوە دەکەن، کە ماتیلدا سەرکردایەتیی سوپاکانی کردووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی یەکلاییکەرەوە لەبەردەستدا نییە، کە بیسەلمێنێت ئاردینۆ، یان ماتیلدا سەرکردایەتیی سوپاکەی کردووە، بەڵام بەلایەنی کەمەوە ئەو نامانەی پاپا کە بۆ هەماهەنگی هێرشی چاکسازیخوازان نووسراون، نیشانی دەدەن کە ماتیلدا بەشدار بووە لە پلاندانانی ستراتیژیی ئەم قۆناغەی شەڕی دژی لۆمباردەکانی لایەنگری هێنری. تەنها شتێکیش کە بە دڵنیاییەوە دەیزانین ئەوەیە، ئەو هەڵمەتەی کە ماتیلدا پلانی بۆ دانابوو، سەرکەوتوو نەبووە و هێزەکانی لە شەڕێکی کراوەدا لە نزیک ڤۆڵتا شکستیان هێنا[٦٦].

وەک پێشتر باسکرا، هێنری دوای سەرکەوتنی بەسەر نەیارەکەی لە ئەڵمانیادا، ڕووی کردە ئیتاڵیا، بۆئەوەی ململانێیەکەی لەگەڵ پاپادا یەکلایی بکاتەوە. پێدەچێت ژمارەی سەربازەکانی هێنری زۆر نەبووبێت، بەڵام بە یەکگرتن لەگەڵ هێزەکانی لۆمبارد، کە پێشتر هێزەکانی ماتیلدایان تێکشاندبوو، ژمارەی هێزەکانی هێنری زیادی کرد و تەنانەت پشتگیرییەکی دارایی بەرچاوی لە ئیمپراتۆری بیزەنتین وەرگرت، بەم جۆرە ماتیلدا لەلایەن دوژمنەکانییەوە کە بە ژمارە لە هێزەکانی ئەو زۆرتر بوو و بەردەوامیش ژمارەیان زۆرتر دەبوو، دەورە درابوو، بەو پێیەی لە مەیدانەکەدا سوپاکەی هاوتای سوپای ئیمپراتۆرییەت

نەبوو، پاشەکشەی کرد بۆ بنکەی دەسەڵاتی خۆی لە ئەپینینەکانی توسکان- ئیمیلیان، قەڵاکانی ناو شاخەکانی بەکارهێنا بۆ هەڕەشەکردن لە هێڵەکانی پەیوەندیی هێزەکانی هێنری و لایەنگرانی و داڵدەدانی سەرباز و پەنابەرە چاکسازیخوازەکان و هێنانی پێداویستی و بەهێزکردنی بارەگا گەمارۆدراوەکان. بەم جۆرە ماتیلدا خۆی لە شەڕە کراوە و ئاشکراکان دوورخستەوە و هەوڵی دەدا لە ئیمپراتۆر زۆرتر بمێنێتەوە، چونکە هێنری نەیدەتوانی بۆ هەمیشە لە ئیتاڵیا بمێنێتەوە، ئەم ستراتیژەی ماتیلداش هەڵبژاردەیەکی ژیرانە بوو و وایکرد ماتیدا بۆ ماوەی سێ ساڵ بەرگە بگرێت، کە لەم ماوەیەدا چەندین شەڕ لەنێوان هێزەکانی ماتیلدا و هێنری ڕوویدا، بەڵام تەنها ململانێ گەورەکان بە باشی بەڵگەیان لەسەر هەیە. بەپێی ئەم بەڵگانەش یەکێک لە کەموکوڕییە سەرەکییەکانی ستراتیژیی ماتیلدا ئەوە بوو، کە بەشێکی زۆری خاکەکەی بە کراوەیی هێشتەوە بۆ وێرانکاریی و هێنری بە خێرایی ئەم دەرفەتەی قۆستەوە، بۆئەوەی توانای ماتیلدا بۆ پارەدان و دابینکردنی سەربازەکانی لاواز بکات[٦٧].

ماتیلدا ناچار بوو گەنجینەکەی خۆی بنێرێت بۆ پاپای گەمارۆدراو لە ڕۆمادا، بۆئەوەی پارەی گونجاو بە هێزەکانی گریگۆری لە ڕۆما بدرێت و بەرخۆدانەکە بەردەوام بێت، ئەویش دوای ئەوەی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٠٨٣)ز-دا، کاتێک هێنری سەرکەوتوو بوو لە گرتنی چارەکی لیۆنین[٦٨]، بەمەش توانرا ویبێرت وەک دژە پاپا کلیمنت لە سانت پیتەر دابنرێت، وەلێ گریگۆری بە هاوکاریی لایەنگرانی لە شارەکەدا، توانییان ڕێگریی لە هێنری بکەن، کە هەموو شارەکە بگرێت. ئیمپراتۆریش لە وەرزی هاویندا پاشەکشەی کرد و بەرەو باکوور گەڕایەوە، کاتێک لە پاییزدا گەڕایەوە، بۆی دەرکەوت کە گریگۆری بە پارەی ڕۆبەرت گویسکاردی فەرمانڕەوای نۆرمانەکان دەوڵەمەند بووە و بەرخۆدانی ئاغاکانی ڕۆمانی بێ کاریگەر بووە، سەرەڕای ئەمانەش لە مانگی ئازاری ساڵی (١٠٨٤) ز هێنری بە یارمەتی ئاغاکانی ڕۆمانی و بە پێدانی پارە بە پاسەوانەکان، دەروازەکانی شارەکەی بە ڕوودا کرایەوە و دووبارە هاتەوە ناو شارەکە و زۆربەی شارەکەی گرت، لەوانەش کۆشکی لاتەران. هێنری بەپەلە ئەنجوومەنێکی ئایینی ساز کرد و بڕیاریان دا گریگۆری حەوتەم لە پۆستەکەی دووربخرێتەوە و لە کڵێسا بێبەشی بکەن، هەروەها ویبێرت وەک کلیمنتی سێیەم هەڵبژێردرا و پیرۆز کرا. دواتر لە یەکشەممەی جەژنی ئیستەردا، هێنری لەلایەن ویبێرتەوە لە سانت پیتەر، تاجی ئیمپراتۆری لەسەر دانرا، کە ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئیمپراتۆر[٦٩].

ڕۆما لە لێواری کەوتندا بوو، چونکە ماتیلدا فشاری زۆری لەسەر بوو و نەیدەتوانی یارمەتی بۆ پاپا بنێرێت[٧٠]، گریگۆرییش کە پەنای بۆ قەڵای سانت ئەنجێلۆ بردبوو، هیچ

بژاردەیەکی تری نەبوو، جگە لەوەی داوای یارمەتی لە ڕۆبەرت گویسکاردی فەرمانڕەوای نۆرمانەکانی باشووری ئیتالیا بکات، نۆرمانەکانیش لە ترسی زیادبوونی هەژموونی هێنری چوارەم لە ئیتالیادا، کە مەترسی لەسەر بەرژەوەندیی نۆرمانییەکان دروست دەکرد، وەڵامی پاپایان دایەوە و ڕۆبێرت سەرکردایەتیی سوپایەکەی کرد و بەرەو ڕۆما جوڵا.

ئیمپراتۆر کە نەیدەویست شەڕی نۆرمانەکان بکات، گەمارۆی سەر ڕۆمای هەڵگرت و کشایەوە، بەڵام خەڵکی ڕۆما خێرا دەروازەکانی شارەکەیان بەڕووی نۆرمانەکاندا داخست و گویسکارد ناچار بوو هێرش بکاتە سەر شارەکە و بە هێز دەروازەکانیان بکاتەوە، دواتر نۆرمانەکان شارەکەیان سووتاند و چەندین تاوانی قێزەونیان ئەنجام دا، کە گوتە ڕۆژئاواییەکان لە ساڵی (٤١٠)ز و واندالەکان لە ساڵی (٤٥٥)ز-دا ئەوەیان نەکردبوو[٧١]. دواتر نۆرمانییەکان کشانەوە بۆ باشووری ئیتالیا، پاپاش کە زۆربەی کاردینالەکان وازیان لێ هێنابوو و خەڵکەکەش ڕقیان لێ دەبووەوە، ناچاربوو لەگەڵ سوپای نۆرماندا ڕۆما بەجێبهێڵێت و بچێتە سالێرنۆ، لەوێ نەخۆشکەوت و لە مانگی ئایاری (١٠٨٥)ز-دا کۆچی دوایی کرد[٧٢]، بەڵام وەک باس دەکرێت، پێش ئەوەی بمرێت گوتوویەتی: **«من حەزم لە دادپەروەریی بوو و ڕقم لە ستەمکاریی بوو، لە پێناوی ئەوەدا لە تاراوگە دەمرم»**[٧٣].

هێنری دوای ئەوەی بەهۆی هاتنی نۆرمانەکانەوە ناچار بوو لە ڕۆما بکشێتەوە، ویستی تۆڵەی ئەم شکستەی لە ماتیلدا بکاتەوە، (چونکە پشتگیریی پاپای کردبوو)، بۆیە فەرمانی بە لۆمباردەکان کرد کە سوپاکانیان یەکبخەن و هێرش بکەنە سەر ماتیلدا. ئەوە بوو هەڵمەتەکە لەلایەن مارکیز ئۆبێرتوس(Marquis Obertus) بە هاوبەشی لەگەڵ قەشە ئیبەرهارد لە پارما(Eberhard of Parma) و گاندولف لە ڕێجیۆ (Gandulf of Reggio) سەرکردایەتی کرا و ئۆبێرتوس و قەشەکان پێشڕەوییان کرد بۆ ناو خاکی ماتیلدا، لەگەڵ پێشڕەوییەکانیدا زەوییەکانیان وێران دەکرد، بەڵام زۆری نەخایاند لەبەردەم قەڵای سۆربارای ماتیلدا وەستێنران، ماتیلدا بەپەلە هێزێکی بچووکی کۆکردەوە و بە خێرایی بەرەو دوژمن ڕۆیشتن و توانییان لە بەیانی (٢)ی تەمموزی (١٠٨٤)ز-دا هێرش بکەنە سەر سەربازگەکەی دوژمن و سەرکەوتنێکی دراماتیکی و گرنگ بەدەستبهێنن و زیانێکی زۆر لە لۆمباردەکان بدەن، کە بریتیبوو لە کوژرانی فەرماندەکە و بەدیلگرتنی قەشەی پارما و شەش سەرهەنگی خانەدان و سەد سوارچاک، هەروەها پتر لە چوارسەد ئەسپ، بڕێک پارە و کۆمەڵێک ئامێر و کەلوپەلی تایبەتی لۆمباردەکان، کە لە کاتی هەڵاتنیاندا بەجێیان هێشتبوو، کەوتنە دەست سەربازەکانی ماتیلدا و لەنێوان خۆیاندا دابەشکران، لە بەرانبەر هێزەکەی ماتیلدا چەند قوربانییەکی کەمیان دا[٧٤].

به دڵنیاییەوە شەڕی سۆربارا سەرکەوتنێکی گرنگ بوو بۆ دۆزی چاکسازیی و بەهۆی ئامادەنەبوونی هێنری لە ئیتاڵیا، ماتیلدا و ئەنسێلم(Anselm of Lucca) ، توانییان سوود لە سەرکەوتنەکەی سۆربارا وەربگرن و بچنە دۆخی هێرشبردنەوە و بە سوودوەرگرتن لە مردنی ژمارەیەک لە بەهێزترین دوژمنەکانی ماتیلدا، دەستیان بەسەر کاتدراییە ئەسقەفییەکانی مۆدێنا و پیستۆیا و ڕیجیۆدا گرت و ئەو چاکسازیخوازانەیان وەک قەشە دانا، کە لەلایەن ماتیلداوە وەک پەنابەر وەرگیرابوون. شایەنی باسە لانیکەم ماتیلدا بەشێوەیەکی شەخسی لە یەکێک لەو دژە هێرشانەدا سەرکردایەتیی سوپاکەی کردووە، چونکە تۆمارکراوە، کە لە کاتی گەمارۆدانی قەڵایەک لە نزیک مانتواوە ئامادە بووە، تەنانەت سەرچاوە ئیمپریالیستەکانیش بە گاڵتەجاڕییەوە بەشداریکردنی ئەو دووپات دەکەنەوە(٧٥).

ماتیلدا دوای ماوەیەکی کەم لە سەرکەوتنەکەی سۆربارا ناوچەی لۆمباردی/ ئیمیلیا بەجێبهێشت و ڕووی کردە ڕۆما، بۆئەوەی ئەو ململانێی نێوان چاکسازیخوازان و لایەنگرانی هێنری لە باژێڕەکەدا یەکلایی بکاتەوە(٧٦).

سەرەتا ماتیلدا بانگهێشتی پاپا ڤیکتۆری سێیەمی(٧٧) کرد بۆ شارەکە، کە پێشووتر بەهۆی بەهێزیی لایەنگرانی هێنرییەوە زۆر لە شارەکەدا نەمابووەوە و کشابووەوە. ڤیکتۆر بە پاڵپشتی خانمەکە و سەربازەکانی، لە (١١)ی حوزەیران لە سانت پیتەر ئاهەنگی مەسەی سازکرد و لە هەمان ڕۆژدا لە ڕۆژئاواوە چووە ناو شارەکە و هێزەکانی ماتیلدا هێرشیان کردە سەر لایەنگرانی هێنری و چەند شوێنێکیان وەرگرتەوە، بەڵام پێش کۆتایی مانگەکە، لایەنگرانی هێنری بە دژە هێرشێکی گەورە بۆ سەر سانت پیتەر بەرپەرچی هێرشەکەی ماتیلدایان دایەوە و هێزەکانی پاپایان ناچار کرد پاشەکشە بکەن بۆ سانت ئەنجێلۆ و دوورگەی تیبەر. پێدەچێت دژە هێرشی لایەنگرانی هێنری پێگەی وییبێرتی لە ڕۆما سەقامگیر کردبێت و پێشڕەویی ماتیلدا و ڤیکتۆری ڕاگرتبێت، چونکە ماتیلدا دوای ئەوەی لە کۆتایی مانگی حوزەیران و سەرەتای مانگی تەممووزدا هێرشەکەی وەستا و نەیتوانی بەشی زۆری شارەکە وەربگرێتەوە، کە لەژێر کۆنترۆڵی لایەنگرانی هێنریدا بوو، باژێڕەکەی بەجێهێشت، بەبێ ئەوەی سەرکەوتنێکی گەورە و یەکلاییکەرەوە بەدەستبهێنێت. هەرچەندە هەڵمەتەکەی ماتیلدا لە ڕۆما سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام تا ئێستاش یەکێکە لە باشترین نموونەکانی مومارەسەی فەرماندەیی سەربازیی ماتیلدا، چونکە لەم هەڵمەتەدا کە کۆمەڵێک شەڕی قورسی تێدا بووە، کە تێیدا ماتیلدا وەک ڕێکخەر و سەرکردەی گەورە بەشدار بووە، ئەگەر سەرکردایەتیی سوپای پاپاشی نەکردبێت، ئەوا بە لایەنی کەمەوە سەرکردایەتیی سوپاکەی خۆی کردووە(٧٨).

## تەوەری پێنجەم: قۆناغی دووەمی خەباتی چەکداریی ماتیلدا دژی هێنری چوارەم و لایەنگرانی (١٠٨٨- ١٠٩٧)ز

ڤیکتۆر دوای ماوەیەکی کەم، لە (١٦)ی ئەیلوولی (١٠٨٧)ز کۆچی دوایی کرد. مردنی ڤیکتۆر وەک مردنی گریگۆری، ماتیلدای ناچار نەکرد خۆی بدات بەدەستەوە، بەڵکو ئەو دەیویست دڵنیا ببێتەوە لەوەی کە هەڵبژاردنێکی دیکەی پاپا بەڕێوەبچێت، ئەوەبوو لەوێ ئۆتۆ لە ئۆستیا لەژێر ناوی ئۆربانی دووەم لە (١٢)ی ئازاری (١٠٨٨) ز بە پاپا هەڵبژێردرا[٧٩].

پاپا ئۆربانی دووەم لە پاپا گریگۆری دەچوو، وەک وی دەویست بزووتنەوە چاکسازییەکە بە ئەنجام بگات، بەڵام بەهۆی وردبینی و لێهاتوویی خۆیەوە جیاواز بوو لە هەڵبژاردنی ئەو ئامرازانەی کە بە ئامانجەکانی دەگەیاند[٨٠]. بۆ نموونە ئۆربانی دووەم هەوڵی دا هێزەکانی چاکسازیخوازان و بەرخۆدان لە دژی هێنری چوارەم بەهێز و یەکبخاتەوە، ئەویش لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەکی ڕامیاریی لەنێوان ماتیلدا و وێڵفی پێنجەمی کوڕی وێڵفی چوارەمی دوکی باڤاریا، کە بەهێزترین ڕکابەری هێنری چوارەم بوو[٨١]. ئۆربان لەم هەوڵەدا سەرکەوتوو بوو، دوای ئەوەی ماتیلدا ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی و لە ساڵی (١٠٨٩)ز-دا بۆ دووەم جار هاوسەرگیریی کردەوە[٨٢]. بێگومان ئەم هاوسەرگیرییە هاوسەرگیرییەکی ڕامیاریی بوو، چونکە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان تەمەنی بووک و زاوادا هەبوو، کە زاوا حەڤدە ساڵ و بووکیش چل ساڵ بوو. لەمەوە دەتوانین بڵێین ئەم هاوسەرگیرییە بۆ مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنە هاوبەشەکەیان، کە هێنری بوو، ئەنجام درابوو[٨٣].

هاوپەیمانییەک لەنێوان میرێکی گەورەی ئەڵمانیا و بەرگریکاری پێشەنگی بزووتنەوەی چاکسازیی بەبێ کێشە تێنەپەڕی، هەر زوو و وێڵف لەلایەن لایەنگرانی هێنرییەوە هێرشی کرایە سەر، بەڵام پێدەچێت بەهۆی ماتیلداوە ئاگربەستێک لەنێوان وێڵف و دوژمنەکانیدا هاتبێتە ئاراوە. ئەگەر جۆرێک لە ڕێککەوتنیش هەبووبێت، بە دڵنیاییەوە ڕێککەوتنێکی کاتیی بووە[٨٤]. لەبەرئەوەی هێنری کە بە هاوسەرگیرییەکە تووشی شۆک بوو، کەوتە جوڵە و دەستی بەسەر هەموو زەوییەکانی ماتیلدادا گرت لە باکووری بەرزاییەکانی ئەلب، جگە لە قەڵایەکی دیاریکراو بە ناوی بریجیرینوم[٨٥]، پاشان هێنری سوپایەکی گەورەی کۆکردەوە و لە بەهاری ساڵی (١٠٩٠)ز-دا دابەزی بۆ ناو ئیتاڵیا و هێزەکانی ماتیلدا نەیانتوانی بەر بە هێزەکانی هێنری بگرن و یەک لە

دوای یەک شارەکانیان لەدەست دا، هەتا لە مانتوا گیرسانەوە و لەوێ ماتیلدا قەڵاکەی بۆ گەمارۆدانێکی درێژخایەن ئامادەکرد. گەمارۆدانەکە نزیکەی ساڵێکی خایاند، تا ئەوکاتەی هێنری سەرکەوتوو بوو لە چوونە ناو قەڵاکەوە، دوای ئەوەی هەندێک لە دانیشتووانی قەڵاکە لە بەرانبەر پارەدا دەروازەکانی قەڵاکەیان بە ڕووی هێنریدا کردەوە[٨٦]، بەڵام بەشێک هێزەکانی ماتیلدا و وێلف توانییان لە قەڵاکە هەڵبێن و خۆیان ڕزگاربکەن[٨٧]. کەوتنی مانتوا (بە ئەگەرێکی زۆرەوە شوێنی لەدایکبوونی ماتیلدا بوو)، بێگومان شکستێکی گەورە بوو بۆ ماتیلدا. لە دوای سەرکەوتنەکەی هەر زوو هێنری توانی فێرارا و مانێربا و ژمارەیەک شارۆچکە و قەڵا بچووکەکان بگرێت، بەڵام پیادێنا لە ناوچەی کریمۆنا و نۆگارا لە ڤێرۆنی بە سەرکەوتوویی بەرەنگاری هێرشی هێنری بوونەوە، ماتیلداش قەڵاکانی خۆی لە قەزاکانی مۆدێنا و ڕیجیۆ بەهێز کرد و لە نزیکەوە چاودێریی جوڵەکانی هێنری دەکرد. هەر زوو دەرفەتێک بۆ هێرشی بەرپەرچدانەوە بۆ ماتیلدا هاتە پێشەوە، ئەویش لە زستانی ساڵی (١٠٩١)ز-دا بوو کاتێک ماتیلدا زانی کە هێنری تەنها بە چەند سەربازێکەوە ڕووباری ئەدیجەی بڕیوە. دەستبەجێ فەرمانی بە پتر لە هەزار پیاو داوە، کە بەڕێبکەون بۆ هێرشکردنە سەر دوژمن[٨٨].

ئەم هەوڵە بەهۆی ناپاکیی مارکیز ئوگۆ دێل مانسۆ(Marquis Ugo del Manso)، کە ماتیلدا ئەرکی فەرماندەی پیاوەکانی پێ سپاردبوو، شکستی هێنا. شایەنی باسە ئوگۆ نێردراوی نارد بۆئەوەی هێنری ئاگادار بکاتەوە، هەروەها بە هێواشی جوڵەی کرد و کاتی بە سوپای ئیمپراتۆر دا خۆیان ئامادە بکەن و کاتێکیش پیاوەکانی ماتیلدا گەیشتنە لای هێزەکانی هێنری، زۆربەیان کوژران و کەمێکیان بەدیل گیران، ئەم ڕووداوەش لە ترێکۆنتادی ڕوویدا، کە ئێستا پێی دەوترێت تریکۆنتای، گوندێکە لە قەزای پادوان. ئەگەر ئەم هەوڵە سەرکەوتوو بووایە، ڕەنگە پاپا و ماتیلدا و ئیتاڵیا بە یەکجارەکی و بۆ هەمیشە لە هێنری ڕزگاربوونایە و بە یەک لێدان ئەو ئاشتییە بەدەست بهێنن، کە تامەزرۆی بوون[٨٩]!

شکستەکەی تریکۆنتای، وەک شکستەکەی مانتوا گورزێکی قورس بوو لە چاکسازیخوازان و لەشکرکێشیی لایەنگرانی ئیمپراتۆری زۆر بەهێزتر کرد و مەترسی لەسەر پێگەی ئۆربان لە ڕۆما دروستکرد، بەڵام هێنری لەبری ئەوەی بەرەو ڕۆما بڕوات، وەک ئەوەی لە ساڵی (١٠٨١)ز-دا کردبووی، ڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەر ماتیلدا و لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٠٩٢)ز-دا بەرەو قەڵاکانی ئەپینینی ماتیلدا

پێشڕەویی کرد و زەوییەکەی وێران کرد و دەستی بەسەر شارۆچکە و قەڵاکانی ناوچەکانی مۆدێنا و ڕێجیۆ و بۆلۆنیادا گرت، پاشان زۆری نەخایاند ئیمپراتۆر قەڵاکانی ماتیلدای لە مۆنتی مۆرێلۆ و مۆنتی ئەلفرێدۆ لە نزیک مۆدێنا گرت، هێنری دواتر گەمارۆی مۆنتیبێلۆ، یان مۆنتیڤێلیۆی دا، کە یەکێک بوو لە بەهێزترین قەڵاکانی ماتیلدا و شوێنێکی گرنگ بوو، کە بە کەوتنی قەڵاکە ستراتیژی بەرگریی ماتیلدا تێکدەچوو[٩٠].

هێنری نەیتوانی بەخێرایی قەڵاکە داگیر بکات و بۆ ماوەی چەندین مانگ سەرقاڵی گەمارۆدانی قەڵاکە بوو، لەم ماوەیەشدا دانیشتووانی قەڵاکە بەهۆی سەختیی شوێنی قەڵاکەیانەوە بەرەنگاری هێرشی سەربازەکانی هێنری بوونەوە و هێزەکانی ماتیلداش بەرگرییەکی چالاک و سەرسەختیان کرد، بە بەڕێوەبردنی گەمارۆکە و هەراسانکردنی گەمارۆداران بە هێرشی ناوبەناو، کە بە دڵنیاییەوە ماتیلدا لە نزیکەوە بووە و پێدەچێت خۆی فەرمانی ئەنجامدانی زۆربەی هێرشەکانی کردبێت. کەمێک پێش (٩)ی ئاب، ویبێرت لە ڕۆماوە هاتە لای هێنری، ڕەنگە بە ئامۆژگاریی وی، پێشنیاری ئەوەی کردبێت، کە زەوییەکانی ماتیلدا بگەڕێنێتەوە و گەمارۆکە هەڵبگیرێت، ئەگەر ماتیلدا دان بە پاپایەتی ویبێرتدا بنێت، هێنری هەوڵی دا دانوستان لەگەڵ ماتیلدا بکات[٩١].

ماتیلداش بۆ تاووتوێکردنی مەرجەکانی هێنری لەگەڵ شوێنکەوتووان و لایەنگرانی لە قەڵای کارپینێتا کۆبووەوە، کە ئەم قەڵایە لەلایەن ماتیلداوە دروستکراوە و یەکێک بووە لە شوێنە دڵخوازەکانی. وەک باس دەکرێت لە کۆبوونەوەکەدا هێریبێرتی قەشەی ڕێجیۆ(Heribert, the Bishop of Reggio) ئامۆژگاریی ماتیلدای کرد، کە بە داناییەوە مامەڵە لەگەڵ هێنریدا بکات. لە بەرانبەردا ڕەبەنێک بە ناوی جۆن (John)، کە زۆر کەس پێیان وایە سەرۆکی ڕەبەنەکانی کانۆسا بووە. بە تووڕەییەوە ئەم ئامۆژگارییانەی ڕەتکردەوە و ئەو قسانەی کە جۆن لە کۆبوونەوەکەدا کردی، کاریگەری لەسەر ئامادەبووان دانا و هەمووان پێکەوە هاواریان کردووە «**مەرگ، نەک ئاشتییەکی هێندە شەرمەزارکەر**»! دواجاریش ماتیلدا دانوستانەکانی لەگەڵ هێنری کۆتایی پێ هێنا و بە هێزێکی نوێوە گەڕایەوە بۆ بەرگریکردن لە مۆنتیبێلۆ[٩٢].

دوای کۆتاییهاتنی دانوستانەکان، هێنری هەوڵەکانی بۆ گرتنی مۆنتیبێلۆ دوو هێندە کرد و ئامێرێکی زەبەلاحیان دروستکرد، بۆئەوەی دیوارەکانی قەڵاکە بشکێنن، بەڵام پێش ئەوەی ئەم پلانە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، پیاوەکانی ماتیلدا ئامێرەکەیان سووتاند و یەکێک لە کوڕە ناشەرعییەکانی ئیمپراتۆریشیان کوشت[٩٣].

تا وەرزی پاییز هێنری تێگەیشت، کە گەمارۆدانەکە بێ ئەنجامە. ئەوەبوو پاشەکشەی کرد بۆ ڕیجیۆ، دواتر وا خۆی دەرخست بەرەو پارما دەڕوات، بەڵام لەناکاو ئاڕاستەکەی گۆڕی و بەرەو کانوسا جوڵا، وەک هەمیشە تۆڕی هەواڵگریی ماتیلدا بەخێرایی ماتیلدایان لەو جووڵە چاوەڕواننەکراوانەی هێنری ئاگادار کردووە و ماتیلداش گەیشتە کانۆسا و زۆری نەخایاند زانی کە هێنری لێیەوە نزیکە، پاشان هێزەکانی دابەشکرد و گرووپێکی لە کانۆسا بەجێهێشت و خۆشی لەگەڵ بەشەکەی دیکەی سوپاکەی چوو بۆ قەڵای بیانێلۆ، لەگەڵ گەیشتنیان بە بیانێلۆ، هەندێک لە سەرهەنگەکانی ماتیلدا گەڕانەوە بۆ کانۆسا و چوونەوە ناو قەڵاکە، بەبێ ئەوەی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی هێنری بکەن، دواتر جۆرێک لە شەڕکردن ڕوویدا، سەربازەکانی هێنری هەوڵیان دا هێرش بکەنە سەر قەڵاکە، بەڵام بە ئاسانی بەرپەرچدرانەوە و کاتێک ئاڵاهەڵگرەکەی هێنری ئاڵاکەی لێ سەندرا، ئیمپراتۆر بەپەلە بەرەو پادوا پاشەکشەی کرد[٩٤].

تا هەنووکە چەندین وردەکاریی سەبارەت بەم ئۆپەراسیۆنانە ڕوون نییە، بۆ نموونە نازانین کێ فەرماندەیی قەڵای کانۆسای کردووە، ڕەنگە ماتیلدا بۆ وێڵفی بەجێهێشتبێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بەهێز نییە کە بیسلەمێنێت وێڵف سەرکردایەتی کـــردووە[٩٥]. ئەمەو هەرچەندە ماتیلدا سەرکردایەتیی بەشێک لە سوپاکەی لە بیانێلۆ کردووە، بەڵام ڕوون نییە کە بۆچی ماتیلدا لەبری کانۆسا چووە بۆ قەڵای بیانێلۆ، ڕەنگە بە مەبەستی بەدەستهێنانی هێزی پشتەڤانی و هێرشکردنە سەر دواوەی سوپاکەی هێنری ڕۆیشتبێت، یان بەجێهێشتنی کانۆسا، پاڵنەرەکەی بە پلەی یەکەم ڕامیاریی بووە، چونکە ماتیلدا دوای مشتومڕەکانی کۆبوونەوەکەی کارپینێتا، بۆی دەرکەوتووە، کە ناتوانێت پشت بە پشتیوانیی واساڵەکان بۆ بەردەوامیی لە شەڕەکە ببەستێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ لەناو قەڵاکەدا گەمارۆ بدرێت. بە دڵنیاییەوە ماتیلدا ویستوویەتی خۆی لە گەمارۆی کانۆسا بەدوور بگرێت، هەڵوێستی پێشووی ماتیلداش لە گەمارۆدانی مانتوادا ئەمە دەسەلمێنێت، کاتێک قەڵاکە خەریک بوو بە تەواوی بکەوێ، ماتیلدا بڕیاری دا بکشێتەوە، بۆئەوەی لەناوەوە گیر نەخوات، بەڵام پاڵنەرەکانی ماتیلدا بەشێکیان پاڵنەرێکی ڕامیاریی بوون، بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەشێکی دیشی تاکتیکی و ستراتیژیی بووە و دەبێت ماتیلدا پێی وابووبێت کە مەترسییەکی ڕاستەقینە هەیە، کە کانۆسا بکەوێتە بەر هێرشی ئیمپراتۆر و ماتیلدا بە جێهێشتنی کانۆسا خۆی لەو مەترسییە بـەدوور گرتووە و تەنانەت هێنری ناچار کردووە

لەنێوان دوو بژاردەی مەترسیداردا یەکیان هەڵبژێرێت، ئەگەر بییەوێت بەردەوام بێت لە هێرشەکانی، ئەوانیش گەمارۆیەکی درێژخایەنی کانۆسای بەهێزکراو بدات، یان بەردەوام بێت لە ڕاونانی ماتیلدا لە قەڵایەکەوە بۆ قەڵایەکی تر، بەڵام هێنری هیچ کامیانی نەکرد و کشایەوە[٩٦].

دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە جەنەڕاڵایەتییەکی زۆر لێهاتوو لە هەردوو لایەنەوە نمایشکرا، چونکە ململانێکان لەناکاو لە گەمارۆدانی ئاڵۆز و درێژخایەنی مۆنتیڤێگلیۆوە گۆڕا بۆ شەڕی فریودان و سیخوڕیی و مانۆڕ، بەڵام ستراتیژی گشتیی ماتیلدا لەم ئۆپەراسیۆنانەدا کاریگەرتر بوو، چونکە هێنری ژمارەیەک سەرباز و ئاڵایەکی ئیمپراتۆری و شکۆیەکی بەرچاوی لە کانۆسا لەدەست دا و ماتیلداش سوودی لە سەرکەوتنەکە وەرگرت و هێزەکانی ماتیلدا و زۆربەی ئەو خاکانەی وەرگرتەوە، کە لە ڕابردوودا لەدەستیان دابوو[٩٧].

کۆنرادی کوڕە گەورەکەی، کە هێنری بەرەی خۆی گۆڕی و بووە هاوپەیمانی چاکسازیخوازان[٩٨] و لە ساڵی (١٠٩٣)ز-دا لە باوکی یاخی بوو و زۆربەی شارەکانی لۆمبارد لایەنگری کوڕە یاخیبووەکەیان کرد و لە هەمان ساڵدا لە میلانۆ وەک پاشای ئیتاڵیا دانرا و لەلایەن ئەنسێلمەوە تاجی لەسەر دانرا[٩٩]. بەدڵنیاییەوە ماتیلدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە تاج لەسەردانانی کۆنراد و لە ڕێوڕەسمەکەدا لەگەڵ هاوسەرەکەی بەشداریی کردووە. ئەمەو کۆنراد ژمارەیەکی زۆر سەربازی تازەی هێنایە ناو ڕیزەکانی چاکسازیخوازانەوە و باس لەوە دەکرێت، کۆنترۆڵی ماتیلدا بەسەر سوپای کۆنرادا، ڕەها بووە. هەرچی هێنرییشە باردۆخی خراپتر بوو کاتێک وێڵفی چوارەمی باڤاریا، کە لە دوو ساڵی پێشوودا هەوڵی ئاشتەوایی لەگەڵ هێنری دابوو، دڵسۆزیی بۆ کۆنراد ڕاگەیاند[١٠٠]. تەنانەت هێنری زۆرتر لاواز بوو، دوای ئەوەی لە ساڵی (١٠٩٤)ز-دا ئەدلاید (Adelaide)، هاوسەری دووەمی، کە بە پراکسیدیس (Praxedis) ناسراوە، بە هاوکاریی ماتیلدا و وێڵف لە زیندانەکەی ڤیرۆنا[١٠١] هەڵات و لە کانۆسا ماتیلدا پێشوازی لێکرد و میوانداریی کرد[١٠٢].

ئیمپراتۆر بە ڕێگەی سەربازیی لانیکەم یەک هەوڵی دا بۆ تۆڵەسەندنەوە لە ماتیلدا، بەهۆی داڵدەدانی کۆنراد و پراکسیدس و دەرچوونی لەو دۆخە خراپەی کە تێیدابوو، ئەویش لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٠٩٤) یان (١٠٩٥)ز-دا بوو، کاتێک ئابڵۆقەی قەڵای نۆگارای ماتیلدای دا. وا دەردەکەوێت کە ستراتیژی ئیمپراتۆر گەمارۆدانی قەڵاکە و برسیکردنی دانیشتووانەکەی بووە، نەک بە هێرشێک قەڵاکە داگیر بکات، بەڵام

جارێکی دی تۆڕەکانی هەواڵگریی ماتیلدا بە خێرایی بە جوڵەکانی هێنریان زانی و هەر زوو ماتیلدایان لە دۆخەکە ئاگادار کردەوە. ماتیلداش واساڵەکانی لە پارێزگای مۆدێنا بانگ کرد و دواتر بەرەو شارەکە ڕۆیشت و کاتێک لە شەودا لە نۆگارا نزیک بووەوە، هێنری کە بەهۆی هاتنی سەربازە تازەکان بێهیوا ببوو، سەربازگەکەی جێهێشت و کشایەوە، بۆ بەیانییەکەشی ماتیلدا لە قەڵاکەدا بە شادمانییەوە پێشوازیی لێکرا(١٠٣).

شایەنی باسە، لە گەمارۆدانی نۆگارا دەبینین ماتیلدا بوێرانەتر جوڵاوەتەوە و وەسفکردنی دۆنیزۆ بۆ گەمارۆدانەکە ئاماژەیە بۆئەوەی کە خانمەکە هەوڵی نەداوە بوونی سوپاکەی لە دوژمن بشارێتەوە، وەک لە هەڵمەتەکانی پێشوویدا کردبووی(١٠٤).

لە ڕاستیدا یاخیبوونەکەی کۆنراد، پاشەکشەی هێنری بۆ ئەڵمانیا پچڕاند و ڕێگریی لە بەدەستهێنانی هێزی پشتیوانی بۆ هێنری کرد و ئیمپراتۆر لە ڤێرۆنا بیری لە خۆکوشتن کردەوە و تا ساڵی (١٠٩٧)ز شوێنکەوتووانی هێنری لە دۆخێکی نائومێددا بوون. کاتێکیش وێڵفی باڤاریا لە ماتیلدا جیابووەوە، چونکە بۆی دەرکەوت کە ماتیلدا پێش هاوسەرگیرییەکەیان بە وەسییەتنامەیەک توسکانیی بە پاپاوییەت بەخشیوە. هێنری لەم دۆخە سەختە ڕزگاری بوو و توانی بگەڕێتەوە ئەڵمانیا(١٠٥). دەکرێت هەڵمەتەکەی هێنری بۆ ئیتاڵیا بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک سەرکەوتوو سەیر بکرێت، چونکە ماتیلدا و وێڵف لە یەکتر جیابوونەوە و لە کۆتاییدا خێزانی وێڵفەکان گەڕانەوە ناو ئیمپراتۆرییەتەکە، بەڵام بە کۆی هەڵمەتەکان ماتیلدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، چونکە دوای بەجێهێشتنی ئیتاڵیا گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا، هێنری هەرگیز هەڵمەتێکی گەورەی دیکەی دژی ماتیلدا ئەنجام نەدا و لە زۆر ڕووەوە خەباتی سەربازییان کۆتایی هات(١٠٦).

# تەوەری شەشەم: ساڵانی کۆتایی و کۆچی دوایی ماتیلدا

لە ڕاستیدا ماتیلدا بە توندی بەرگریی لە خاکەکانی کرد و یەکێک لە کوڕەکانی هێنری کوشت و چەندین سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لە هەمووی گرنگتر هەرگیز هێنری نەیتوانی جارێکی تر لە ئیتالیا ئاڵنگاریی بکاتەوە، وەلێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ژیانی سەربازیی ماتیلدا دوای ڕۆیشتنی هێنری لە ئیتاڵیا، بێ ڕووداو بووە[١٠٧]، بەلکی لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا چەندین هەڵمەتی ئەنجام دا، کە تۆمارەکانی هەڵمەتەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو زانیاریی زۆرتریان تێدایە، وەک لە تۆمارەکانی شەڕەکانی دژی هێنری. بەپێی ئەم تۆمارانە ماتیلدا متمانەی زۆرتری بە خۆی هەبووە، ئەمەو ئەزموونیشی زۆرتر بووە و زۆر زیاتر ئامادەبوو سەرکردایەتیی سەربازەکانی بکات بە شێوەیەکی شەخسی لە هەڵمەتە هێرشبەرییەکاندا، بەڵام ئەم هەڵمەتانە ئەوەندەی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی هێنری سەرنجیان نەخراوەتە سەر و لەلایەن دیرۆکنڤیسانەوە پشتگوێخراون...[١٠٨].

جێی گوتنە لە ساڵانی دوای پاشەکشەی هێنری چوارەم لە ساڵی (١٠٩٧)ز-دا، ماتیلدا لە دۆخی بەرگرییدا نەمایەوە، بە تایبەت دوای مردنی هێنری چوارەم لە ساڵی (١١٠٦)ز و نزیکبوونەوەی لە ئیمپراتۆری نوێ (هێنری پێنجەم)، بەجۆرێک کە ماتیلدا لە پانزە ساڵی کۆتایی ژیانیدا هەندێک هەوڵی دا بۆ پاراستنی پاپا و قەشە چاکسازیخوازەکان، بەڵام هەوڵە سەربازییەکانی لەسەر دامەزراندنی، یان سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر شارە پڕ لە ئاڵۆزییەکانی باکووردا چڕبووەوە. ئەم کارەش پێویستی بە هەڕەشە و ڕێکخستنی هێزی سەربازیی هەبوو، هەرچەندە ناوبانگی ماتیلدا بۆ ژەنەڕاڵایەتی ئێستا ئەوەندە بە توندیی جێگیر ببوو، کە نەیارەکانی هەندێک جار خۆیان بەدەستەوە دەدا، پێش ئەوەی ناچار بێت لە دژیان شەڕ بکات[١٠٩].

ماتیلدا لە هاوینی ساڵی (١١١٤)ز-دا بەشێوەیەکی ترسناک نەخۆشکەوت و دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە، کە بەڕاستی کۆچی دوایی کردووە. ئەم دەنگۆیە لە مانتوا باوەڕی پێکرا و خەڵکەکە لە دژی ئەو حاکمەی کە ماتیلدا لەوێ دایانبوو، یاخی بوون، بەڵام دڵسۆزانی ماتیلدا هەواڵەکەیان لە ماتیلدا شاردەوە[١١٠]، کاتێک چاکبووەوە و لە دۆخەکە ئاگادارکرایەوە، کەشتی و سەربازەکانی کۆکردەوە، خۆی ئامادە کرد بۆ گەمارۆدانی شارەکە کاتێک مانتوانەکان هەواڵەکەیان بیست، بڕیاریان دا نوێنەریان بنێرن بۆ لای ماتیلدا، بۆئەوەی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ماتیلدادا مۆر بکەن. ماتیلدا بە

دوودڵییەوە داواکەیان پەسەند کرد و پەیمانی ئاشتی مۆرکرا و مانتوا دەروازەکانی کردەوە و شارەکە گەڕایەوە بۆ ماتیلدا[١١١].

دووبارە دۆخی تەندروستی ماتیلدا تێکچووەوە و وەک باس دەکرێت ئەمجارە خۆی بۆ مردن ئامادە کردووە و گوایە پێش مردنی ئەم نزایەی کردووە: «**خودای من، تۆ دەزانیت کە چۆن لە هەموو ڕۆژەکانی ژیانمدا، پشتم بە تۆ بەستووە و ئێستا کە گەیشتمە کۆتایی، داوات لێ دەکەم ڕزگارم بکەیت و وەرمبگریت بۆ ناو شانشینی خۆت**». پاشان دوای ئەوەی چەند جارێک خاچی ماچ کردووە، هاوارێکی کردووە: «**ئەی مەسیحی پەروەردگار! چونکە هەمیشە تۆم خۆشویستووە، ئێستا نزا دەکەم لە گوناهەکانم خۆشبە!**»[١١٢] لە کۆتاییدا لە (٢٤)ی تەمموزی (١١١٥)ز-دا لە بۆندینۆ کۆچی دوایی کرد[١١٣]. شایەنی باسە مەرگی ماتیلدا لە نووسینەکەی دۆمنیزۆدا، وەک کارەساتێکی گەورە ڕەنگی داوەتەوە، بە جۆرێک کە نووسیویەتی: «**ئێستا کە تۆ مردوویت، ئەی ماتیلدای گەورە، شانازیی و سەربەرزیی ئیتاڵیا دادەبەزێت!**» ئەمەو زۆر بە ڕەشبینییەوە باسی ئیتاڵیای دوای ماتیلدا دەکات[١١٤].

## تەوەری حەوتەم: بەشداریی ماتیلدا لە ململانێ سەربازییەکانی نێوان پاپاوییەت و ئیمپراتۆرییەت لە ڕوانگەی هاوچەرخەکانییەوە

بێگومان ماتیلدا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە ململانێ سەربازییەکانی نێوان پاپاوییەت و ئیمپراتۆر هێنری چوارەمی ئەڵمانیا بینیوە. ئایا چۆن هەست بە کردەوەکانی دەکرا؟ کاردانەوەی نەیارانی چۆن بوو؟ ئەی هەڵوێستی لایەنگرانی چی بوون؟ لەم تەوەرەدا بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک، هەوڵدەدەین ڕوانگەی هاوچەرخەکانی ماتیلدا بۆ بەشدارییە سەربازییەکانی ناوبراو بخەینە ڕوو.

دەتوانرێت سەردەمی گریگۆری وەک سەردەمێکی مشتومڕ وەسف بکرێت، کە نەک تەنها سەبارەت بە دەسەڵاتی پاپا، بەڵکو مەودای یاسایی دەسەڵاتی ژنانیش، چونکە ژیانی سەربازیی ماتیلدا ناکۆکییەکی لەسەر شەرعییەتی فەرماندە ژنەکان دروستکرد، کە تەنانەت ڕژایە ناو ڕیزەکانی چاکسازیخوازانەوە، کە هەرگیز بە تەواوی یەکگرتوو نەبوون و ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان هەندێکجار هێندەی دژایەتیکردنیان بۆ ئیمپراتۆر و دژە پاپا توند بوو[١١٥]. هەرچەندە هەتا ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی یانزەیەم بەڵگەی هەوڵێکی تاڕادەیەک ناتەقلیدیی پاساوهێنانەوە بۆ دەسەڵاتی سەربازیی ژنێک دەدۆزینەوە، بۆ وێنە پاپا گریگۆری گەورە و هادریان هەوڵیان دابوو بەرگریی لە کردەوەی هاوپەیمانە ژنەکانیان (برونهیلدا و ئیرێن) بکەن، بەڵام بۆچوونی هادریان بەردەوام بە توندیی لەلایەن هاوچەرخەکانییەوە پووچەڵکرایەوە، پێش کۆتایی سەدەی یانزەیەمیش، نامەکەی گریگۆری بۆ برونهیلدا لەلایەن کانۆنیستەکانی دواترەوە بە تەواوی پشتگوێخرا. لەمەوە دەتوانین بڵێین کە تا سەردەمی ماتیلدا، ئەو بۆچوونانە باو بوون کە ژنانی شەڕکەر و جەنگاوەریان بە ناسروشتی دەدانا، کۆمەڵێک یاساش دانرابوون، کە ئامانج لێی نەهێشتنی دەسەڵاتی سەربازیی و سیاسیی ژنان و کەنارگیرکردنیان بووە لەو دوو بوارەدا. شایەنی باسە ئەم یاسایانە زۆر کۆن بوون و مێژووەکەیان دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی کۆن، لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستیشدا پیاوسالارەکان پێویستیان بە دروستکردنی یاسای تەواو نوێ نەبوو، بۆئەوەی ژنانی وەک ماتیلدا سەرکۆنە بکەن، بەڵکو تەنیا پێویستیان بە دووبارە کارکردنەوە لەو یاسا کۆنانەدا هەبوو[١١٦].

شایەنی باسە کۆمەڵێک ئارگیومێنتی داهێنەرانە پێشکەشکرا بۆ پشتگیریکردن لە دۆزی ماتیلدا و سەرکردایەتیی سەربازیی ژنان بە گشتی. لەنێو یەکەم کەسەکاندا

ڕێزمانزانێک بوو، بە ناوی جۆن لە مانتوا (John of Mantua)، کە تەنها بە شرۆڤەیەکی پەرتووکی پیرۆز ناسراوە، کە لە نزیکەی ساڵی (١٠٨١ز)دا لەسەر گۆرانیی گۆرانییەکان (بەشێکە لە پەرتووکی پیرۆز) نووسیویەتی. ناوبراو هەوڵی داوە ماتیلدا قەناعەت پێ بکات، ژیانێکی چالاک، کە بەرەنگاربوونەوەی بیدعە و جوداخوازیی لە کڵێسادا، لە چاوی خودادا شەریفە و لە ڕاستیدا بەسوودترە لەوەی ژیانێکی تێراماناویتر وەک ڕاهیبێکی داخراو بەسەرببات، هەروەها جۆن فۆرمێکی تەمسیلیی لە ڕاڤەی ئینجیلی بەکارهێنا، بۆئەوەی بڵێت هەوڵەکانی ماتیلدا لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی بەکارهێنانی ڕەوای (شمشێری عەلمانی) دەکەن بۆ بەرگریکردن لە کڵێسا، کە خۆی (شمشێری ڕۆحی)ی بەکارهێناوە[١١٧].

دوو کەسی دیکە کە لە ڕێگای یاسای کڵێساییەوە شەرعییەتیان بە بەکارهێنانی سوپای عەلمانی لەلایەن کڵێسا و بەشداریکردنی ماتیلدا دەدا، ئەوانیش قەشە ئەنسێلم لە لوکا (Anselm of Lucca) و کاردیناڵ دوسدێدیت (Cardinal Duesdedit) بوو[١١٨]. ئەم دوو پیاوە کە دوو گرنگترین کانۆنیستەکانی گریگۆری بوون، هەوڵیان دەدا بیسەلمێنن کە دەتوانرێت هێز لە دژی سیستماتیک و بیدعەچییەکان بەکاربهێنرێت. ئەم دوو پیاوە لە بەرهەمە مشتومڕییەکانیاندا بەرگرییان لە شەرعییەتی هەڵمەتە سەربازییەکانی ماتیلدا دەکرد[١١٩]. ئەنسێلم کە هاوپەیمانی سەربازیی و ڕامیاریی ماتیلدا بوو، هەروەها وەک ڕاوێژکاری ڕۆحیی کاری کردووە، نامەکەی گریگۆری بۆ برونهیلدا وەک پاساوێک بۆ چالاکییە سەربازییەکانی ماتیلدا لێکدایەوە. پێدەچێت هەوڵدان بۆ دابینکردنی پاساوێکی یاسای کڵێسایی بۆ دەسەڵاتی سەربازیی ژن لە ڕێگەی بەکارهێنانی نامەیەکی کۆن، داهێنان بووبێت، چونکە پێش سەدەی یانزەیەم، نامەکانی پاپا بۆ شازادە دونیاییەکان وەک ئەوانەی گریگۆری و هادریان بە دەگمەن بە سەرچاوەیەکی دەسەڵاتدار بۆ یاسای کڵێسا دادەنرا[١٢٠].

لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا گوتاری نووسینی مێژوویی دژە ژنانە بوو و شەڕ بە ڕۆڵی پیاوانە دادەنرا، بەرگریکارانی ماتیلدا، کە شەڕیان لەگەڵ گریمانەیەکی باودا دەکرد و بۆئەوەی بتوانن ژینگەیەکی ئاوادا بەرگریی لە ماتیلدا بکەن، ناچار بوون وەک ژنێکی لاواز و نیعمەتی خودایی وێنای بکەن، یاخود فەزیلەتێکی پیاوانە بە ماتیلدا بدرێت و بەتایبەت وەک پیاوێکی بەشەرەف وێنای بکەن. شایەنی باسە، وێناکردنی ماتیلدا وەک ژنێکی لاواز لەلایەن هەندێک لە مشتومڕخوازانی ماتیلداوە بۆ ئەوە بوو، کە ناتەواوییەکانی هێزی و دادپەروەریی دۆزی چاکسازیی دەربخەن، چونکە شکستی

ئیمپراتۆرییەتێکی بەهێز لەلایەن تاکە ژنێکی لاوازەوە لەلایەن زۆر کەسەوە وەک لایەنگری خودا بۆ چاکسازیخوازان دەبینرا. لە هەر حاڵەتێکیاندا بێت ئەم نووسەرانە بەرگرییان لە مومارەسەی فەرماندەیی سەربازیی ماتیلدا کردووە و ئامادە بوون بە شێوەیەکی زۆر بنووسن بۆ بەرگریکردن لە بەشداریکردنی ژنێک لە شەڕدا. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پاڵپشتیی ماتیلدا و گرنگییەکی گەورەی ئەو بۆ بزاڤی چاکسازیی[١٢١].

لایەنگرانی ئیمپراتۆرییەت بۆ بەرپەرچدانەوەی لایەنگرانی ماتیلدا، کە بەرگرییان لە کردەوە سەربازییەکانی دەکرد. کۆمەڵێک ڕەخنەیان ئاراستەی بەشداریی سەربازیی ماتیلدا کرد[١٢٢]. یەکێک لەوانە بۆنیزۆ لە سوتری (Bonizo of Sutri) بوو. ئەم قەشەیە لەسەرەتادا بەهۆی ئەوەی لە ساڵی (١٠٨٢)ز-دا لەلایەن ئیمپراتۆر هێنرییەوە دەرکرا و دواتر لە دەرباری ماتیلدا خۆی بینییەوە، لایەنگریی ماتیلدای کرد و لە یەکێک لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی خۆیدا بە ناوی(Liber ud amicum) ، پەسنی ماتیلدای دەکات و بە سەربازێکی خودا و کچێکی ڕاستەقینەی سانت پیتەر ناودێری دەکات، کە دەبێت بۆ بەرگریکردن لە کڵێسا لە دژی کلیمنتی سێیەم و لایەنگرانی شەڕ بکات. دوای ئەوەی بە شێوەیەکی مشتومڕاویی هەڵبژێردرا بۆ کورسی پیاچێنزا و لەلایەن ماتیلدا و پاپاوییەتەوە پشتیوانییەکی لاوازی کرا و نەیتوانی پێگەی خۆی لە بەرامبەر نەیارەکانیدا بپارێزێت و لە ساڵی (١٠٨٩)ز-دا بە شێوەیەکی دڕندانە لە پۆستەکەی دوورخرایەوە. لەو کاتە بەداوە کەوتە دژایەتیکردنی ماتیلدا و بێهیوایی ناوبراو لە ماتیلدا لە بەرهەمێکی بە ناوی (Liber de vita christiana) ڕەنگدەداتەوە[١٢٣]. بۆنیزۆ هەوڵی دا ئەو نموونانە بشێوێنێت کە زۆرترین جار لە مشتومڕەکانی چاکسازییدا بەکارهێنرابوو بە مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ چالاکییە سەربازییەکانی ماتیلدا. بۆ نموونە ژنانی مێژووی ئینجیلی و عەلمانی وەک: (مارتا، مەریەم، یائیل، دیبۆرا... هتد) لەلایەن چاکسازیخوازانەوە وەک پێشینەیەک بۆ چالاکییە سەربازیی و سیاسییەکانی ماتیلدا ئاماژەیان پێ دەکرا، لە بەرانبەردا بۆنیزۆ کۆمەڵێک ژنی ئینجیلی و مێژوویی وەک: (کلیۆپاترا، شاژنی فرانک فریدۆگوند، شاژنی لۆمبارد ڕۆزالیند... هتد) بە نموونە هێنایەوە، کە شەرمەزاریی، یان تەنانەت لەناوچوونی خوداییان بەسەر خۆیان و خەڵکەکانیاندا هێناوە، کاتێک دژایەتی یاساکانیان کردووە و هەوڵی وەرگرتنی پۆستی سەربازیی، یان ڕامیارییان داوە[١٢٤]. بۆنیزۆ ئامۆژگاری دەکات، کە شوێنی ژن لە ماڵەوەیە و دەبێت ئەرکی ناوماڵ ئەنجام بدات، نەک سەرکردایەتیکردنی سوپاکان بکات لە بەرەکانی جەنگدا، بە واتایەکی تر، خەباتی ماتیلدا تەنیا دەتوانێت زیان بەو کەسانە

بگەیەنێت، کە بەشداربوون و دەبێت واز لە چالاکییە سەربازییەکانی بهێنێت[١٢٥].

یەکێکی تر لەو کەسانەی ڕەخنەی توندی لە ماتیلدا گرت، دژە پاپا وییبێرت بوو، کە ماتیلدای وەک (ئیزابیلێکی پیلانگێڕ) وێنا کرد، کە کردەوەکانی بە (شێتی ژنێک) بەڕێوە دەبرێن، ئەمەو ژیاننامەنووسی بێناوی هێنری چوارەم، ماتیلدای تۆمەتبار کردووە بەوەی کە فێڵە ژنییەکانی بەکارهێناوە بۆ فریودانی پیاوان[١٢٦].

لە ڕاستیدا ڕەخنەکانی نەیارانی ماتیلدا ئەوە دەگەیەنێت، کە گوتاری زاڵ، ژنکوژیی بووە، هەروەها ئەوە دەسەلمێنێت، کە هێزەکانی گریگۆری لانیکەم بۆ ماوەی دوو دەیە بەزۆریی پشتیان بە سەرچاوە سەربازیی و داراییەکانی ماتیلدا بەستووە[١٢٧]. ئەمەو لە کۆتاییدا ئەو ڕەخنە بەردەوامانەی کە لەلایەن لایەنگرانی هێنرییەوە ئاراستەی ماتیلدا دەکران، نەیانتوانی سەرکەوتنەکانی ڕابگرن، هەروەها هەرگیز نەیانتوانیوە کەسایەتیی بەدناو بکەن و ناوی لە دیرۆکدا بسڕنەوە[١٢٨].

## تەوەری هەشتەم: شیکاریی و هەڵسەنگاندنێك بۆ ڕۆڵی سەربازیی ماتیلدا

ماتیلدا یەکێک بوو لە چالاکترین و سەرکەوتووترین ژنە سەربازییەکان لە تەواوی سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەروەها یەکێک لەو ژنە کەمانەی کە بە پلەی یەکەم بەهۆی دەستکەوتە سەربازییەکانیانەوە یاد دەکرێتەوە و لەخۆڕا نەبووە، کە بە ژنەخانەدانی گەورە(gran contessa) ناسرا. ژیانی ماتیلدا نموونەیەکی دەگمەنی ژنێک دەخاتە ڕوو، کە توانیویەتی لە ماوەی درێژخایەندا بەشداری لە چالاکییە سەربازییەکاندا بکات[١٢٩]. لەم سۆنگەیەشەوە وامان بەباش زانی لەم باسەدا سەرپێیانە شیکاریی و هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕۆڵی سەربازیی ناوبراو بکەین.

بەپێی بەڵگە بەردەستەکان، پێناچێت ماتیلدا تووشی هیچ کەمئەندامییەکی جەستەیی بووبێت، کە ڕێگریی بکات لە شەڕکردن، بەڵام نە گێڕانەوەکان و نە هیچ سەرچاوەیەکی دیکە بەڵگەی پێویستمان پێ نادات، کە بتوانین بڵێین لە ڕاستیدا لە ڕیزەکاندا شانبەشانی سەربازەکانی شەڕی کردووە. ئەگەر ڕاست بووایە، کە چەکی بەدەستەوە بووە و بەکاری هێناوە، بۆچی هەرگیز تۆمار نەکراوە کە ماتیلدا لە گەرمەی شەڕدا کەسێکی بە شێوەیەکی شەخسی کوشتبێت؟ یان لە شەڕدا بریندار بووبێت، یان کەسێکی زامدار کردبێت؟ لەکاتێکدا نەیاری هێنری چوارەم ڕودۆڵف و یەکێک لە کوڕەکانی هێنری چوارەم لە شەڕدا کوژراون[١٣٠]. ئێمە ناتوانین بە تەواوی بەرسڤی ئەم پرسیارانە بدەینەوە و ئەم مژارە بە کراوەیی بەجێدەهێڵین.

هەرچەندە ناتوانین دڵنیابین کە ماتیلدا شانبەشانی سەربازەکانی لە مەیدانی شەڕەکاندا شەڕی کردبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە ماتیلدا فەرماندەیەکی ڕاستەقینە بووە، چونکە ماتیلدا بەشدار بووە لە پلاندانان بۆ هەڵمەتەکانی خۆی، هەروەها بەڵگەی تایبەتمان هەیە کە فەرماندەی تاکتیکی دەرکردووە و لە چەندین بۆنەدا لەگەڵ هێزەکانیدا ئامادە بووە، یان سەرکردایەتی کردووە، بۆ نموونە هێرشەکەی بۆ سەر ڕۆما لە ساڵی (١٠٨٧)ز، بەرگریکردنی لە مانتوا لە ساڵی (١٠٩١)ز، هێرشەکانی بۆ سەر فێرارا لە ساڵی (١١٠١)ز و پراتۆ لە ساڵی (١١٠٧)ز و مانتوا لە ساڵی (١١٤)ز-دا، جگە لەمانەش دەبینین کە ماتیلدا ژێرخانی سوپاکانی دەپارێزێت بە دەستبەسەرداگرتنی تالان و دابەشکردنی بەسەر پیاوەکانیدا، سوێندی دڵسۆزیی وەردەگرێت، قەڵاکان دروست دەکات و دەپارێزێت، پەناگە بۆ هاوپەیمانان دابین دەکات... هتد. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەرکە بەرفراوانەی کە بە ماتیلدا دراوە، دەتوانین دڵنیابین لەوەی کە ئەو

فەرماندەیەکی ڕاستەقینە بووە، واتە فەرماندەیەک بووە کە بڕیاری داوە و فەرمانی دەرکردووە و هەنگاوی ناوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە فەرمانەکان جێبەجێکراون[١٣١].

هەرچەندە ماتیلدا بە فەرماندە و جەنڕاڵێکی سەرکەوتوو دادەنرێت، بەڵام وەک زۆرینەی جەنڕاڵەکانی مێژوو کاروانی سەربازیی بێ شکست نەبووە و بەشی خۆی تاڵاوی شکستی چەشتووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، کە ماتیلدا کەسێکی خۆڕاگر و کۆڵنەدەر بووە و بە خێرایی خۆی لە شکستەکانی ڕزگار کردووە، بە تایبەتی لە ڕۆژە تاریکەکانی دوای مردنی گریگۆری لە تاراوگەدا، کە گیانێکی نوێی کردەوە بە بەر لایەنگرانی گریگۆریدا و مانەوەی ئەوانی مسۆگەر کرد[١٣٢].

زۆربەی چالاکییە سەربازییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا، کە ژنان ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە، بریتیبووە لە چالاکی بەرگریکردن، بەڵام گەر شیکاریی و خوێندنەوەیەک بۆ تۆمارە سەربازییەکانی ماتیلدا بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ماتیلدا سەرکردایەتیی هەڵمەتە هێرشبەرییەکانیشی کردووە[١٣٣].

لە کۆتاییدا دەڵێین، لە ڕێگەی شیکاریی دەستکەوتەکانی ماتیلداوە، بە تایبەت سەرکەوتنە زۆرەکانی بەسەر نەیارانی پیاودا، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، ژنانیش بەهەمان شێوەی پیاوان لە توانایاندایە کە فەرماندەیەکی باش و ژەنەڕاڵێکی لێهاتوو بن[١٣٤].

## ئەنجام

لە کۆی ئەم توێژینەوەیە و دوای گەڕانەوە بۆ چەندین سەرچاوە بە زمان و دیدی جیاواز لەسەر ڕۆڵی ماتیلدا لە تسوکانی لە خەباتی چەکداریی چاکسازیخوازانی کڵێسا دژ بە ئیمپراتۆر هێنری چوارەمی ئەڵمانیا و لایەنگرانی، گەیشتین بە چەند ئەنجامێک، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. زۆربەی چالاکییە سەربازییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا، کە ژنان ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە، بریتیبووە لە چالاکی بەرگریکردن، بەڵام تۆمارە سەربازییەکانی ماتیلدا دەری دەخەن، کە ناوبراو بە پێچەوانەی زۆربەی ژنانی ئەو قۆناغە مێژووییەی ئەوروپاوە، سەرکردایەتیی هەڵمەتە هێرشبەرییەکانیشی کردووە و نموونەیەکی دەگمەنی ژنێکە، کە توانیویەتی لە ماوەی درێژخایەندا بەشداریی لە چالاکییە سەربازییەکاندا بکات.

٢. ناتوانین دڵنیابین لەوەی کە ماتیلدا وەک سەرباز ڕاهێنانی پێ کراوە، چونکە سەرچاوە ڕەسەنەکان بەڵگەی پێویست ناخەنە ڕوو، کە ماتیلدا وەک سەرباز شانبەشانی سەربازەکانی لە مەیدانی شەڕەکاندا شەڕی کردبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ماتیلدا لە هونەری فەرماندەیی سەربازییدا پەروەردەیەکی باشی هەبووە و تۆماری سەربازیی ناوبراو دەیسەلمێنێت، کە وانەکانی بە باشی فێربووە و بووە بە فەرماندەیەکی ڕاستەقینە و یەکێک لە چالاکترین و سەرکەوتووترین سەرکردە سەربازییەکانی سەردەمی خۆی.

٣. ماتیلدا یەکێکە لەو ژنە کەمانەی، کە بە پلەی یەکەم بەهۆی دەستکەوتە سەربازییەکانییەوە یاد دەکرێتەوە و بە ژنەخانەدانی گەورە ناسراوە.

٤. لە ڕێگەی شیکاریی دەستکەوتەکانی ماتیلداوە، بە تایبەت سەرکەوتنە زۆرەکانی بەسەر نەیارانی پیاودا، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ژنانیش بەهەمان شێوەی پیاوان لە توانایاندایە، کە فەرماندەیەکی باش و ژەنەڕاڵێکی لێهاتوو بن.

٥. بێگومان ماتیلدا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە ململانێ سەربازییەکانی نێوان پاپاوییەت و ئیمپراتۆر هێنری چوارەمی ئەڵمانیا گێڕاوە، هەر لەبەر ئەمەش لەلایەن دۆست و لایەنگرانییەوە ستایش کراوە و هەوڵیان داوە بەڵگەی شەرعی بۆ بەشدارییە سەربازییەکانی بهێننەوە، بە پێچەوانەشەوە لەلایەن نەیارەکانییەوە هەوڵدراوە لە ڕێگەی دژایەتیکردنی بەشدارییە سەربازییەکانییەوە لە کەسایەتی بدەن و بەدناوی بکەن.

٦. لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا گوتاری نووسینی مێژوویی دژە ژنانە بوو و جەنگ بە ڕۆڵی پیاوانە دادەنرا، بەرگریکارانی ماتیلدا ناچار بوون وەک ژنێکی لاواز و نیعمەتی خودایی وێنای بکەن، یاخود فەزیلەتێکی پیاوانەی پێ بدەن، بە تایبەت وەک پیاوێکی بەشەرەف وێنای بکەن.

٧. ڕەخنەکانی نەیارانی ماتیلدا ئەوە دەسەلمێنن، کە گوتاری زاڵ، ژنکوژیی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕەخنە بەردەوامانەی کە لەلایەن لایەنگرانی هێنرییەوە ئاراستەی ماتیلدا دەکران، نەیانتوانی سەرکەوتنەکانی ڕابگرن، هەروەها هەرگیز نەیانتوانی کەسایەتیی بەدناو بکەن و ناوی لە دیرۆکدا بسڕنەوە.

## توێژینەوەی سێیەم:

# ئاوڕدانەوەیەك لە ژیانی ڕامیاریی ئیمپراتۆرە ماتیلدا (١١٠٢-١١٦٧)ز

## پێشەکی

کۆمەڵگەی ئەوروپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کۆمەڵگەیەکی نێرسالاریی بووە و نێر لە بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا مێینە بە درێژایی ئەم قۆناغە ڕۆڵی خۆی لە بواری ڕامیاریدا بینیوە و کردەوەکانیان باشترین و دیارترین بەڵگەن. یەکێکیش لەو مێینانە ئیمپراتۆرە ماتیلدایە، کە لە هەندێک کات و شوێندا ڕۆڵی کاریگەر و ڕاستەقینەی لەناو ڕووداوە ڕامیارییەکاندا بینیوە و کەسێتییەکەی گرنگ و ناوداری ناو دیرۆکی ڕامیاریی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپایە.

ئەوەندەی ئاگاداربین، تا ئێستا دیرۆکی ژیانی ماتیلدا بە گشتی و ژیانی ڕامیاریی بە تایبەتی بابەتێکی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی سەربەخۆ نەبووە، کە بە زمانی کوردی نووسرابێت، ئەمەش پاڵنەر و هۆکار بوو لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، تا توێژینەوەیەکی تایبەتی لەبارەوە بنووسین.

ئامانجمان لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە ئاوڕێکی دیرۆکیی لە ژیانی ڕامیاریی ماتیلدا بدەینەوە، کە گرنگییەکی تایبەتی لە دیرۆکی ڕامیاریی سەدەکانی ناوینی ئەوروپادا بە گشتی و دیرۆکی ڕامیاریی ئینگلتەرا بە تایبەتی هەیە، تا لەم ڕێگەیەوە کەسێتییەکەی ناوداری دیرۆکی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا بە خوێنەرانی کورد ئاشنا بکەین.

لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا تووشی چەندین گرفت و ئاستەنگ بووین، لەوانە: نەزانینی زمانەکانی لاتینی و ئەڵمانی، کەمیی سەرچاوە، بەردەست نەبوونی هەندێک لە بەڵگەنامە و سەرچاوەکان.

بەدەر لە پێشەکی و ئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان، ئەم توێژینەوەیە لە نۆ تەوەر پێکدێت، لە تەوەری یەکەمدا بایەخمان داوە بە مێژووی منداڵیی ماتیلدا بە گشتی و خوێندن و پەروەردەکردنی لە ئەڵمانیا بە تایبەتی. لە تەوەری دووەمیشدا لە ڕۆڵی ماتیلدامان وەک ئیمپراتۆرەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆز کۆڵیوەتەوە. هەرچی تەوەری سێیەمە تایبەت کراوە بە باردۆخی ماتیلدا لەدوای کۆچی دوایی ئیمپراتۆر هێنری پێنجەم، تا ئەوکاتەی بۆ جاری دووەم ماتیلدا هاوسەرگیریی کردەوە. لە تەوەری دواتریشدا باسمان لە هاوسەرگیریی دووەمی ماتیلدا کردووە. لە تەوەری پێنجەمیش هەوڵمان داوە بە کورتی سەرنج بخەینە سەر کۆچی دوایی هێنری یەکەم و پاشهاتەکانی، کە پاشخانی مێژوویی

و هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆیی لە ئینگلتەرا و نۆرماندی بوون، کە ماتیلدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم جەنگەدا بینیوە. لە تەوەری شەشەمیشدا کە کرۆکی توێژینەوەکەمانە، هەوڵمان داوە کە خەباتی ماتیلدا بۆ تاج لەسەردانان و وەرگرتنی تەختی ئینگلتەرا بخەینە بەر باس. لە تەوەری حەوتیشمدا هەوڵمان داوە گرنگترین ئەو هۆکارانە دیاری بکەین، کە بوونەتە هۆی وازهێنانی ماتیلدا لە مافی بەمیراتبردنی تەخت، هەر لەو تەوەرەیەدا هەوڵمان داوە بە کورتی ئاماژەیەک بدەین بە پشتگیری ماتیلدا لە هێنری کوڕی، بۆ مافی میراتبردن و وەرگرتنی تەختی پاشایەتی ئینگلتەرا. لە تەوەری هەشتەم و پێش کۆتاییدا، باسمان لە ڕۆڵی ماتیلدا وەک جێگر و ڕاوێژکاری هێنری دووەمی پاشای ئینگلتەرا کردووە. لە کۆتاییدا و لە تەوەری نۆیەمدا ماتیلدامان لە ڕوانگەی هەندێک دیرۆکنووسی سەدەکانی ناوینەوە خستووەتە ڕوو.

هیوادارم ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەک بە ڕووی توێژەرانی کورددا واڵا بکات و لە ئایندەدا مژارەکانی دیرۆکی ژنان لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا ببێتە جێگای بایەخپێدانی توێژەرانی کورد و چەندین توێژینەوەی نایاب دەربارەی ژیانی ژنانی دیکەی ناو دیرۆکی سەدەکانی ناوەڕاستدا ببینین.

به دڵنیاییەوە ئەم توێژینەوەیە لە هەڵە و کەموکورتی بەدەر نییە. هیوادارین خوێنەران بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ئەم توێژینەوەیە بخوێننەوە و لە هەڵە و کەموکورتییەکان ئاگادارمان بکەنەوە.

## تەوەری یەکەم: ژیانی منداڵی و پەروەردەی ماتیلدا

ماتیلدا لە ساڵی (١١٠٢)ز چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. ناوبراو یەکەم زارۆکی شا هێنری یەکەمی ئینگلتەرا(Henry I of England) و هاوسەری یەکەمی ماتیلدا لە سکۆتلەندا(Matilda of Scotland) بووە[١].

شیاوی باسە کە لە پەروەردەکردنی ژنانی سەدەی ناوەڕاستدا تەنیا جەخت لەسەر فێرکردنی تیۆری نەدەکرایەوە، بەڵکو پتر جەخت لە فێرکردنی پراکتیکی دەکرایەوە. بێگومان ماتیلداش هەردوو جۆرە فێرکردنەکەی بینیوە، بە تایبەت فێرکردنی پراکتیکی کە ئەم جۆرە فێرکردن و پەروەردەیە یارمەتی ماتیلدای دا، چونکە لە منداڵیدا نەک هەر بەو شێوازانە پەروەردە بوو، کە تێیدا ئامادەکرابوو بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، بەڵکو فێری هەندێک کارامەییش کرابوو کە دەیتوانی بەکاریبهێنێت بۆ خۆگونجاندن لە کاتی گۆڕانی بارودۆخەکاندا[٢].

ماتیلدا ساڵانی سەرەتایی خۆی لە کۆشکەکەی دایکیدا بەسەر بردووە، لەوێ لەلایەن دایکییەوە پەروەردە کراوە. بە تایبەتی پەروەردەی ئایینی، چونکە دایکی بەوە ناسراوە کە بە درێژایی ژیانی ژنێکی خواپەرست بووە و بەشێکی زۆری ژیانی بۆ چالاکییە ئایینییە جیاوازەکان تەرخان کردووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ژیانی ماتیلدا هەبووە و وەک دواتر دەردەکەوێت، کە ماتیلدا وانەکانی دایکی بە باشی فێر بووە و لەلایەنی ژیانی ئایینییەوە چووەتەوە سەر دایکی[٣].

لە ڕاستیدا ماتیلدا لەلایەن خێزانەکەیەوە بە تەواوی پەروەردە نەکرا، چونکە ماتیلدا لە تەمەنی حەوت ساڵیدا لە هێنری پێنجەم (Henry V, Holy Roman Emperor) مارەکرا و دواتر ڕەوانـەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆز کرا، بۆئەوەی لە زێدی هاوسەرە نوێیەکەیدا پـەروەردە بکرێت. لێرەوە ماتیلدا لە کۆشکی هاوسەرەکەیدا بەردەوام بوو لە خوێندن و بەو جۆرە پەروەردە کرا کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ببێتە ئیمپراتۆرە. بۆ ئەو مەبەستە هەموو خزمەتکارە ئینگلیزەکانی ماتیلدا ڕەوانەی ئینگلتەرا کرانەوە، بۆئەوەی کاریگەری ئینگلیزەکان لە پەروەردەکردنیدا سنووردار بکەن. پاشان قەشە برۆنۆ لە ترير(Bruno of Trier) وەک سەرپەرشت و مامۆستای دەستنیشانکرا. ئەم قەشەیە ئەو کەسە بوو کە زۆرترین ڕۆڵی لە پەروەردەکردنی ماتیلدا هەبووە.

شایەنی باسە خوێندنی ماتیلدا لە سەردەمی قەشە برۆنۆدا بە دوو زووان

بوو، زووانی لاتینی و ئەوەی ئێستا بە ئەڵمانی بەرزی ناوەڕاست(Middle High German) ناسراوە. گرنگ بوو ماتیلدا بە هەردوو زووانەکە شارەزا بێت، چونکە لەو کاتەدا زووانی لاتینی زووانی نووسین بوو، هەروەها زووانی ئەڵمانی باڵای ناوەڕاست ئەو زووانـە بوو، کە لە کۆشکی هێنری پێنجەمدا قسەی پێدەکرا. ئـەوە بوو ماتیلدا هەر لە تەمەنی منداڵیدا هـەردوو زووانەکە فێربوو. ئەمەو ئەم پەروەردە و فێرکردنەی ماتیلدا دەری دەخات، کە هێنری ئیمپراتۆرەیەکی دەویست، کە ببێتە یارمەتیدەری لە ژیانی ڕۆژانەیدا، پاشانیش هەروا دەرچوو و ڕۆڵی ماتیلدا لەناو کۆشکی شاهانەدا ئەوەندە پێشوازیی لێکرا کە بە (ماتیلدای باش) ناسرا[٤]

خوێندنی ماتیلدا لە ئەڵمانیا تا ئەو ساڵەی کە هاوسەرگیریی لەگەڵ هێنری کرد، بەردەوام بوو، دوای هاوسەرگیریی ماتیلدا لە خوێندنی فەرمی بە تەواوبوو دادەنرا و ئەنجامەکەشی ئەوە بوو، کە ماتیلدا وەک زۆربەی ژنانی دەستەبژێری ئەو چاخە بووە کەسێکی خوێندەوار و لە کۆمەڵێک بابەتدا خوێندبووی، کە یارمەتییان دەدا لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە وەک ئیمپراتۆرە بۆی دانرابوو[٥].

هەرچەندە خوێندن و پەروەردەی ماتیلدا لە ئەڵمانیا باندۆری گەورەی لەسەر ژیانی ماتیلدا هەبووە، بەڵام ئەم لایەنی ژیانی ماتیلدا وەک پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و فەرامۆش کراوە، بۆ نموونە هەندێک نووسەر و مێژوونووسی وەک نێستا پەین(Nesta Pain) و مارجۆری چیبنال (Marjorie Chibnall) بە کورتی ئاماژەیان بە پەروەردەی ماتیلدا لە ئەڵمانیا داوە. وێڕای ئەوانەش هەندێک نووسەر بە گرنگییەوە لەو قۆناغەی ژیانی ماتیلدایان ڕوانیوە، بۆ نموونە کاترین هانلی (Catherine Hanley) لە پەرتووکی ماتیلدا: ئیمپراتۆر، شاژن، جەنگاوەر( (Matilda: Empress, Queen, Warrior دا بەوردیی لە پەروەردەکردنی ماتیلدا، هەروەها ئەو ماوەیەی کە ئیمپراتۆرە بووە، کۆڵیوەتەوە و گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ماتیلدا بە تەواوی پەروەردە کراوە و ئەزموونێکی زۆری پەیدا کردووە[٦].

## تەوەری دووەم: ماتیلدا وەك ئیمپراتۆرەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆز

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ماتیلدا کاتێک تەمەنی حەوت ساڵ بوو لە هێنری پێنجەم مارەکرا و قۆناغی دەستگیرانداریيەکەی درێژەی کێشا، تا کاتێک ماتیلدا گەیشتە تەمەنی دوانزە ساڵی و لە ساڵی (١١١٤)ز-دا ئاهەنگی هاوسەرگیریی ڕاستەقینە ئەنجامدرا[٧]. شایەنی باسە ماتیلدا لە کۆشکی هاوسەرەکەیدا ڕۆڵەکانی وەک تکاکار و ڕاسپێری تەخت (Regent) بینی[٨]. ئەمەش بە سەرەتا و دەستپێکی ژیانی ڕامیاریی ئەم خانمە دادەنرێت.

شایەنی باسە، ماتیلدا لە ڕێگەی ڕۆڵی تکاکردنەوە لە کۆشکی شاهانەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆزدا دەستی کرد بە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەی. ئەمەش سروشتی بوو، چونکە ڕۆڵی تکاکار ڕۆڵێک بوو کە ژنانی شاهانە لەو سەردەمەدا لە توانایاندا بوو ئەنجامی بدەن، ماتیلداش وەک ئەو ژنانە و بە درێژایی ژیانی هاوسەرگیریی یەکەمی چەندین جار ئەو ڕۆڵەی بینیوە[٩].

ڕۆڵی تکاکار تاکە ڕێگە نەبوو کە ماتیلدا توانی کاریگەری و دەسەڵاتی خۆی لەناو ئیمپراتۆرییەتەکەدا نیشان بدات، بەڵکو لە ڕێگەی ڕۆڵی ڕاسپێری تەخت توانی ڕاستەوخۆتر کار بکات و ئیرادەی خۆی بەکاربهێنێت، چونکە بە درێژایی ژیانی هاوسەرگیرییەکەی، تەنانەت دوای مردنی هێنرییش، ماتیلدا چەندین جار وەکو ڕاسپێری تەخت ڕۆڵی گێڕاوە، ئەم ڕۆڵەش ئەزموونی ڕاستەوخۆی سەرکردایەتیی بە ماتیلدا بەخشی، کە تا کۆتایی ژیانی سوودی پێگەیاند[١٠]

وەک باس دەکرێت، ماتیلدا بۆ یەکەمجار لە تەمەنی شانزە ساڵیدا وەکو ڕاسپێری تەخت ڕۆڵی گێڕاوە، ئەویش لەکاتێکدا بوو کە هێنری پێنجەم ناچار بوو گەشت بکات بۆ ئەڵمانیا، بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوونێک، لەم نێوەندەدا هاوسەرە گەنجەکەی بەجێهێشت، بۆئەوەی حوکمڕانیی بەسەر ئیتالییەکاندا بکات. بەداخەوە زۆر کەم تۆمار لە سەردەمی ماتیلدا وەک ڕاسپێری تەخت ماونەتەوە، بەڵام بەپێی بەڵگەیەک ماتیلدا لە کاتی دۆسیەیەکی دادگادا، کە بریتیبووە لە ناکۆکیی نێوان قەشەیەک و دێرێک لەسەر کڵێسایەک، بە شێوەیەکی سنووردار بەشداری کردووە، بەڵام بڕیارێکی ڕاگەیاندووە کە بڕیارەکەی بە کۆتایی دادەنرا لەو دۆسیەیەدا. لە ڕاستیدا پێشکەوتنی ماتیلدا لە تکاکردنەوە بۆ فەرمانڕەواییکردن بە ناوی هێنری پێنجەمەوە، ئاماژەیە بە پێشکەوتن و گەشەسەندنی دەسەڵاتەکەی ماتیلدا، کە لە

ماوەی چوار ساڵی کورتدا لە ڕۆڵگێڕان وەک تکاکارێک پێشکەوت، بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات بە ناوی هاوسەرەکەیەوە[١١].

هەرچەندە ماتیلدا بە درێژایی ژیانی هاوسەرگیریی یەکەمی و لە چەند کاتێکی جیاوازدا وەکو ڕاسپێری تەخت کاری کردووە، بەڵام گەورەترین کاریگەریی ئەو لەناو ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆزدا، تەنها دوای مردنی هێنری پێنجەم بوو. شایەنی باسە هێنری پێنجەم لە ساڵی (١١٢٥)ز کۆچی دوایی کرد و هیچ میراتگرێکی لەدوا بەجێ نەما، چونکە لە ماوەی هاوسەرگیرییەکەیاندا هیچ منداڵێک لە هێنری پێنجەم و ماتیلدا لەدایک نەببوو، بەڵام پێش ئەوەی بمرێت، ماتیلدای دەستنیشان کرد، بۆئەوەی وەکو ڕاسپێری تەخت لەناو ئیمپراتۆرییەتەکەدا ڕۆڵ بگێڕێت، تا ئەو کاتەی کە دەتوانرا ئیمپراتۆرێکی نوێ هەڵبژێردرێت. ماتیلدا تەنها بۆ ماوەیەکی کورت ئەم پۆستەی بەدەستەوە بوو، چونکە هێنری لە (٢٣)ی ئایاری ئەو ساڵەدا کۆچی دوایی کرد و هەڵبژاردن بۆ جێگرەوەی لەو پاییزەدا بەڕێوەچوو. لەکاتێکدا کە ڕاسپێری تەخت ڕۆڵێکی پەسەندکراو بوو بۆ ژنێکی شاهانە، بەڵام هێشتا ڕاسپێری تەختی ماتیلدا جیاواز بوو لە نەریت، چونکە ناوبراو مامەڵەی نەکردووە وەک ڕاسپێری تەخت بۆ کوڕێکی کەمتەمەن، کە لەو کاتەدا وا باو بوو ژنان دوای مردنی هاوسەرەکەیان، وەک ڕاسپێری تەخت بۆ کوڕەکانیان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، یان لە ئامادەنەبوونی مێردەکانیان و تا کاتی گەڕانەوەیان، فەرمانڕەواییان دەکرد، بەڵکو ئەو ڕاسپێری تەخت بوو تا ئەوکاتەی هەڵبژاردن دەکرێت و کەسێک لەسەر تەخت دادەنرێت[١٢].

## تەوەری سێیەم: بارودۆخی ماتیلدا لە دوای مردنی هێنری پێنجەم تا هاوسەرگیریکردنی دووەمی لەگەڵ جۆفری کونتی ئەنجو

دوای مردنی ئیمپراتۆر هێنری پێنجەم و هەڵبژاردنی ئیمپراتۆری نوێ، ماتیلدا چەند بژاردەیەکی کەمی لەبەردەمدا بوو تا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی یەکێکیانەوە ڕێڕەوی ژیانی داهاتووی خۆی دیاری بکات. بژاردەی یەکەم ئەوە بوو، کە ماتیلدا بچێتە ناو دێرێک و لەوێ تا دوا ساتی تەمەنی وەک ڕاهیب بژی، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نییە کە ناوبراو بە ڕژدیی ئەم بژاردەیەی لەبەرچاو گرتبێت، دووەم بژاردەش ئەوە بوو، ماتیلدا هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەندامێکی دیکەی ئاغاکانی ئەڵمانیادا بکات، بەڵام وا دیارە ئەم بژاردەیەش بەدڵی ماتیلدا نەبووە، چونکە وەک ئەوەی کاترین هانلی ئاماژەی پێ دەکات، کە ماتیلدا دوای ئەوەی لەگەڵ ئیمپراتۆرێکدا هاوسەرگیریی کردووە، پێگەیەکی بەرزی بەدەستهێناوە، گەر هات و هاوسەرگیریی بکاتەوە، ئەوا پێگەکەی لە هاوسەرگیریی دووەمیدا بەراورد بە پێگەکەی لە هاوسەرگیریی یەکەمیدا، پێگەیەکی نزم دەبێت. بژاردەی سێیەمیش ئەوە بوو، کە بچێتە سەر زەوییەکانی مارەییەکەی و وەک بێوەژن بمێنێتەوە، بەڵام لەبری ئەمانە ماتیلدا بژاردەی چوارەمی هەڵبژارد، کە بریتیبوو لە گەڕانەوە بوو بۆ زێدی خۆی، بۆ ئەم مەبەستەش لە کۆتاییەکانی ساڵی (١١٢٥)ز گەڕایەوە نۆرماندی و دواتریش لە ئەیلوولی ساڵی (١١٢٦)ز گەڕایەوە بۆ ئینگلتەرا[١٣]. مێژوونووسی ئینگلیزی سەدەی دوانزەیەم ویلیام لە مالمێسبێری(William of Malmesbury) نووسیویەتی: **"وەک دەڵێن ئیمپراتۆرەکە بە دوودڵیی گەڕایەوە، چونکە خووی بەو وڵاتەوە گرتبوو، کە لەوێ مارەیی و موڵک و سامانێکی زۆری هەبوو»**[١٤]، ڕەنگە وەک ئەوەی ویلیام لە مالمێسبێری ئاماژەی پێدەکات، ماتیلدا بە دڕدۆنگی ئەڵمانیای بەجێنەهێشتبێت، بەڵکو بە نابەدڵی بەجێیهێشتووە، چونکە هەموو بژاردەکان بە مانای دابەزینی پێگەی ماتیلدا بوو، بەڵام باشترین بژاردەی هەڵبژارد، کە گەڕانەوە بوو بۆ زێدی خۆی، تا ببێتە میراتگری تەختی ئینگلتەرا، چونکە تاکە منداڵی شەرعیی هێنری یەکەم بوو، کە لە ژیاندا مابووەوە.

جێی گوتنە هێنری یەکەم خاوەنی دوو منداڵی شەرعیی بوو، وەک پێشتر باسکرا، نۆربەرەکەی ماتیلدا بوو، منداڵە بچووکەکەشی کوڕێک بوو بە ناوی ویلیام (William Adelin)، کە لە کارەساتی کەشتی سپی[١٥] لە ساڵی (١١٢٠)ز گیانی لەدەست دا[١٦]. بە مردنی ولیام کێشەی جێنشینی سەری هەڵدا، چونکە هێنری هیچ کوڕێکی شەرعیی

دیکەی نەبوو و تاکە منداڵی شەرعیی ماتیلدا بوو، کە هاوسەرگیریی لەگەڵ هێنری پێنجەمی ئەڵمانیا کردبوو و لە ئەنجامدا بە ئیمپراتۆرە ناسرابوو. ئەمەش ڕێگریی کرد لەوەی ببێتە میراتگری تەختەکەی باوکی[١٧]. کارەساتی کەشتی سپی خەریکبوو ڕیسەکەی هێنری بکاتەوە بە خوری، هێنریش زۆر هەوڵی دا ڕێگریی لەمە بکات و دوای ماوەیەکی کەم لە مردنی کوڕەکەی، هێنری هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەدلاید (Adeliza of Louvain) کرد، بەڵام ئەم شاژنە منداڵی لە پاشا نەبوو و ئەو میراتگرەکەی کە هێنری هیوای بۆ دەخواست، نەهاتە دونیاوە و ماتیلدا وەک تاکە منداڵی شەرعیی هێنری مایەوە[١٨].

هێنری یەکەم دوای مردنی هێنری پێنجەم و گەڕانەوەی ماتیلدا و بێهیوابوونی لەوەی شاژنەکەی منداڵێک بێنێتە دونیاوە، بڕیاری دا کە تاکە کیژەکەی وەک جێنشینی خۆی و میراتگری تەختی شاهانە بناسێنێت[١٩].

هەرچەندە پێشتر هیچ ژنێک لە هیچ کام لەم وڵاتانەدا (نۆرماندی و ئینگلتەرا) فەرمانڕەوایی نەکردبوو، ئەستەم بوو کە کیژێک ڕاستەوخۆ ببێتە میراتگری تەختی شاهانە و دەسەڵات وەربگرێت، سەرەڕای ئەوەش هێنری ئامادە نەبوو دەسەڵاتەکەی بگوازێتەوە بۆ پیاوێکی دەرەوەی خێزانەکەی و لە ساڵی (١١٢٧)ز کۆبوونەوەیەکی فراوانی ساز کرد، کە قەشە و بارۆنەکان لە ئینگلتەرا بەشدارییان تێدا کرد[٢٠] و لەبەردەم پاشادا گفتیان دا و سوێندیان خوارد، یان ناچار کران سوێند بخۆن، کە کیژی پاشا وەک شاژنی داهاتووی خۆیان پەسەند دەکەن[٢١].

هەرچەندە بارۆنەکان سوێندیان خواردبوو، کە ماتیلدا بە شاژنی خۆیان پەسەند دەکەن، بەڵام سەرەڕای ئەم سوێندخواردنەش، هێشتا پێگەی ماتیلدا وەک میراتگری تەختی ئینگلتەرا مسۆگەر نەبوو، چونکە هێشتا ئەگەری هەبوو هاوسەری دووەمی هێنری منداڵێک بهێنێتە دونیاوە، یاخود وەک ئەوەی مێژوونووس ویلیام لە مالمێسبێری ئاماژەی پێکردووە، کە سوێندەکە مەرجی ئەوەی لەخۆگرتبوو ئەگەر هات و پاشا بێ میراتگرێکی نێر سەری نایەوە، ئەوا بارۆنەکان بەبێ دواکەوتن و دوودڵیی ماتیلدا بە سەروەریی خۆیان پەسەند دەکەن، ئەمەو ماتیلدا تەمەنی بیستوسێ ساڵ بوو، بۆیە هێشتا چاوەڕوانکراو بوو، کە ماتیلدا شوو بکاتەوە و منداڵ بهێنێتە دونیاوە، تەنانەت لە هەمان ئەو ماوەیەی کە هێنری یەکەم گفت و سوێندی لە گەورەکان وەردەگرت، بەدوای کەسێکی گونجاودا دەگەڕا بۆ کچەکەی[٢٢]. دەشێ هەر لەو کۆبوونەوەیەدا هێنری بە ئاغاکانی ڕاگەیاندبێت، کە پێشبینی دەکات ماتیلدا منداڵ بخاتەوە و ئەگەری

ئەوە هەیە، کە جارێکی دیکە تەختەکە بگوازرێتەوە بۆ نێرێک. بەم جۆرە بارۆنەکان بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە داهاتوودا هێنری منداڵێکی کوڕی ببێت، یان ماتیلدا منداڵێکی کوڕ بهێنێتە دونیاوە، ڕازی بووبن، کە سوێند بخۆن، بە ڕادەیەک تا سەرەتای مانگی یەکی ساڵی (١١٢٧)ز هەموو ئەو قەشە و گەورەپیاوانەی کە لە کۆشکی هێنریدا ئامادەبوون، سوێندی دڵسۆزییان بۆ ماتیلدا خواردبوو[٢٣].

شایەنی باسە، لەو سەردەمەدا هەر باوک (پاشا)ێک پێی وابوو کە کچەکەی ئەگەر دووگیان نەبێت، ناتوانێت بەبێ بوونی هاوفەرمانڕەوایەکی نێر شانشینەکەی بە میرات بگرێت، بەڵام هەڵبژاردنی ماتیلدا وەک جێنشینی پاشا، ڕووداوێکی دەگمەنە و یەکەم نموونەیە کە لە سەدەی دوانزەیەمی زاییندا کچێک وەک جێنشینی باوکی هەڵببژێردرێت[٢٤]. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بگوترێت کە لە ڕاستیدا ئەم کارەی پاشاش لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە، کە پێی وابووە کچەی دەتوانێت شوێنی بگرێتەوە، بەڵکو ناچار بووە بڕیار بدات کچەکەی شوێنی بگرێتەوە، چونکە هیچ کوڕێکی شەرعیی نەبوو کە دوای خۆی شوێنی بگرێتەوە.

## تەوەری چوارەم: هاوسەرگیریی ماتیلدا لەگەڵ جۆفریکونتی ئەنجو

هەرچەندە وا بڕیاربوو کە دوای مردنی هێنری یەکەم و ئەگەر میراتگرێکی نێری لەدوا بەجێ نەمابوو، ئەوا ماتیلدای کچی شوێنی باوکی دەگرێتەوە و دەچێتە سەر تەختی دەسەڵات، وەلێ بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی ئەوکات کۆمەڵگەیەکی نێرسالار بوو و ژنێک بۆئەوەی لەناو کۆمەڵدا وەک فەرمانڕەوا پەسەند بکرێت، پێویستی بەوە بوو لەگەڵ نێرێک بە هاوبەشی فەرمانڕەوایەتی بکات. باوکیشی لەم ڕاستییە ئاگادار بوو، هەر بۆیە دوای ماوەیەکی کەم لە سوێندخواردنەکە، هەوڵی دا ماتیلدا بە شوو بداتەوە، بۆ ئەو مەبەستە هاوسەرێکی گونجاوی دۆزییەوە کە جوفری کونتی ئەنجو(Geoffrey Plantagenet, Count of Anjou) بوو.

ماتیلدا سەرەتا ڕەتیکردەوە هاوسەرگیریی لەگەڵ کونتێکدا بکات، چونکە پێگەی ئەوی دادەبەزاند، دوای ئەوەی لە بەشێکی بەرچاو لە ژیانیدا وەک ئیمپراتۆرە کاری کردووە. جگە لەوەش، ماتیلدا دوانزە ساڵ لە جۆفری بەتەمەنتر بوو، ئەمەش ڕەنگە هۆکارێک بووبێت بۆئەوەی لە سەرەتای ناڕەزایی بووبێت، وەلێ دواتر ماتیلدا ملکەچی خواستی باوکی بوو و ئەو دووانە لە ساڵی (١١٢٨)ز-دا هاوسەرگیرییان کرد[٢٥]. بە هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ جۆفری، ماتیلدا بوو بە کوانتێسی ئەنجو(countess of Anjou) ، لەکاتێکدا چەندین مێژوونووس لە سەدەی دوانزەیەمدا ماتیلدا بە کوانتێسی ئەنجو ناودەبەن، بەڵام ماتیلدا هەرگیز بەو نازناوەوە ئاماژەی بە خۆی نەکردووە و بە درێژایی ژیانی بەردەوام بوو لە واژۆکردنی بەڵگەنامە و نامە و بەیاننامە نووسراوەکان، وەک ئیمپراتۆرە ماتیلدا، پاشانیش هەر بەم جۆرەش ناوی چووەتە ناو مێژووەوە و لە مێژوودا بە ئیمپراتۆرە ماتیلدا دەناسرێت[٢٦].

لە ڕاستید ماتیلدا بەم هاوسەرگیرییە دڵخۆش نەبوو، چونکە بەراورد بە پێگەکەی لەم هاوسەرگیرییەدا و بەراورد بە هاوسەرگیریی یەکەمی، پێگەیەکی نزم بووە، ئەمەو هاوسەرەکەی لەخۆی بچووکتر بوو و هێشتا نەگەیشتبووە تەمەنی پانزە ساڵی، لەکاتێکدا ماتیلدا لە تەمەنی بیستوپێنج ساڵیدا بوو، هەروەها دەڵێن بەردەوام لەگەڵ یەکتردا شەڕیان کردووە[٢٧]. تەنانەت ساڵێک دوای هاوسەرگیرییەکە و بۆ ماوەی لانیکەم ساڵێک، جیابوونەوە، لەو ماوەیەدا ماتیلدا جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ نۆرماندی، بەڵام جیابوونەوەیەکی لەو شێوەیە نەدەبوو بەردەوام بێت، دواجار لەسەر فەرمانی هێنری یەکەم و بارۆنەکان، ماتیلدا گەڕایەوە بۆ لای هاوسەرەکەی، چونکە

چاوەڕوان دەکرا ماتیلدا منداڵ بهێنێتە دونیاوە، بێگومان بۆ ئەمەش دەبوو لە تەک جۆفری ئاشت ببێتەوە[٢٨].

لە ڕاستیدا تەنیا ماتیلدا نەبوو کە ئەم هاوسەرگیرییەی بەدڵ نەبوو، بەڵکو ئەم هاوسەرگیرییەش لەلای بارۆنەکانی هەردوو وڵاتی نۆرماندی و ئینگلتەرا لەڕادەبەدەر ناپەسەند بوو، چونکە زۆرجار لەگەڵ کوانت و بارۆنەکانی ئەنجو شەڕیان کردووە و ئەنجویان وەک دوژمنی باوککوشتەی خۆیان سەیر دەکرد و نەیان دەویست جۆفری پاشایان بێت، بەڵام بەبێ گوێدانە خواستی ماتیلدا و بارۆنەکان ئەم هاوسەرگیرییە ئەنجام درا، چونکە پەیوەندیی کونتی ئەنجو لەگەڵ بنەماڵەی شاهانەی نۆرماندی و ئینگلتەرا بۆ بنەماڵەی شاهانەی ئینگلیز بەنرخ بوو، چونکە دوو گەورەترین پارێزگای فەڕەنسا لەژێر دەستی ئەواندا یەکدەخران[٢٩].

دوای ئاشتبوونەوەی ماتیلدا و جۆفری، نۆبەرەکەیان لە مانگی ئازاری ساڵی (١١٣٣)ز لەدایک بوو و ناوی لێنرا هێنری، کە نها بە هێنری دووەمی ئینگلتەرا ناسراوە(Henry II of England) ، دوای ساڵێک کوڕی دووەمی بە ناوی جۆفری لەدایک بوو، کە نها بە جۆفری شەشەم(Geoffrey VI) ناسراوە، بەڵام ماتیلدا نزیک بووە لەوەی بەسەر منداڵەکەیەوە بڕوات، لە کۆتاییدا چاکبووەوە و گەڕایەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆی. مێژوونووسی ئینگلیزی مارجۆری چیبنال ئاماژەی پێکردووە، ئەگەری ئەوە هەیە کە دوای لەدایکبوونی دوو کوڕەکەی ماتیلدا، سوێندی نوێ خورابێت، لەگەڵ هەندێک ئەگەری ئەوەی کە هێنری تازە لەدایکبوو لەم کاتەدا وەک میراتگری هێنری یەکەم ناودێر کرابێت، تەنانەت ئەگەر لەم کاتەدا هێنری بە تایبەتی وەک میراتگر ناوی نەهێنرابێت، پلانی ئەوەی کە وەک میراتگری هێنری ڕۆڵ بگێڕێت، بە باشی جێگیر بووە. بەم چەشنە هێنری یەکەم پلانی دانابوو کە تۆرمەکەی لە ڕێگەی ماتیلدا و نەوەکانییەوە بۆ چەندین ساڵ بەردەوام بێت[٣٠].

ماتیلدا بۆ سێیەم جار دووگیان بوو، زۆر کەم لەبارەی کردەوە ڕامیارییەکانی ماتیلدا لەم ماوەیەدا دەزانرێت، تەنانەت دوای ئەوەی باوکی کۆچی دوایی کرد، نەیتوانی گەشت بکات بۆ ئینگلتەرا، ئەگەری هەیە بەهۆی سێیەم دووگیانییەوە، یان بەهۆی بەردەوامیی جەنگەوە بووبێت لە ئەنجو.

ئەمەش وایکردووە کاترین هانلی پێشنیاری ئەوە بکات، کە لەوانەیە لە ماوەی دووگیانییەکەیدا زۆر نەخۆش بووبێت، یان لە شوێنێکدا مابێتەوە بۆئەوەی پێش و پاش لەدایکبوون پشوو بدات[٣١].

## تەوەری پێنجەم: مردنی هێنری یەکەم و تاج لەسەردانانی ستیڤن وەك پاشای ئینگلتەرا

هێنری یەکەم لە کانوونی دووەمی ساڵی (١١٣٥)ز کۆچی دوایی کرد[٣٢]. دوای مردنی هێنری باوەڕ وابوو، کە ماتیلدا بە ئاشتی لەسەر تەخت دادەنیشێت، بەڵام ستیڤن (Stephen of Blois)ی پوزرای یەکەم کەس بوو کە سوێندەکەی شکاند[٣٣]. دواتر وڵات کەوتە ناو قۆناغێکی ململانێ و جەنگی ناوخۆیی، کە بەهۆی ناکۆکی لەسەر میراتگرتنی تەختی پاشایەتی هەڵگیرسابوو[٣٤]، کە ئەم قۆناغە کارەساتبارە لە مێژووی ئینگلیزدا، بە پاشاگەردانییەکە(The Anarchy) ناسراوە[٣٥].

ستیڤن کاتێک هەواڵی کۆچی دوایی هێنری خاڵی پێگەیشت، بە خێرایی بەرەو ئینگلتەرا بەڕێکەوت، لە لەندەن خەڵکی شارەکە وەک پاشای نوێی خۆیان پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد[٣٦]. دواتر ستیڤن لەندەنی بەجێهێشت و بەرەو وینچێستەر بەڕێکەوت، بۆئەوەی پشتگیری پیاوانی ئایینی و ئاغاکان بەدەستبهێنێت و لەسەر تەختی پاشایەتی دابنیشێت و دەست بەسەر گەنجینەی شاهانەدا بگرێت[٣٧].

لە سەرەتادا ویلیام لە کۆربێل(William of Corbeil) ، کە وەک سەرۆکی قەشەکانی کانتربێری سوێندی خواردبوو، ماتیلدا وەک سەروەری خۆی پەسەند بکات، دوودڵ بوو لە شکاندنی سوێندەکەی، بەڵام براکەی ستیڤن هێنر لە بلۆیس(Henry of Blois) ، کە قەشەی وینچێستەر بوو ویلیامی دڵنیا کردەوە ئەگەر ستیڤن تاجی لەسەر دابنرێت، ئەوا براکەی بەرژەوەندییەکانی کڵێسا دەپارێزێت. ئەوە بوو ویلیام بڕیاری دا پشتگیری لە ستیڤن بکات، چونکە ئاشکرا بوو کە هێنری لەسەرەمەرگدا بۆچوونی خۆی سەبارەت بە جێنشینەکەی گۆڕیوە، ئەم ئاشکراکردنە لەلایەن هیو بیگۆد (Hugh Bigod)ەوە بوو، کە بارۆنێکی ئەنگلیای ڕۆژهەڵات(East Anglia) بوو، بانگەشەی ئەوەی کرد، کە ئەو و دوو سوارچاک لە سەرەمەرگی هێنریدا ئامادە بوون و لە خودی هێنری بیستوویانە، کە بۆچوونی گۆڕیوە و سوێندخۆرەکانی لە سوێندەکانیان ئازاد کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە تەنها دەنگۆیەک بوو کە هیو بیگۆد بڵاوی کردبووەوە، چونکە دواتر دەرکەوت ناوبراو درۆی کردووە و لە کاتی مردنی هێنریدا ئامادە نەبووە، لێ پێش ئەوەی گومان لەسەر قسەکانی هیو بیگۆد دروست بکرێت، ویلیام لە کۆربێل ڕەزامەندیی دەربڕی لەسەر تاج لەسەردانانی ستیڤن[٣٨]و لە (٢٢)ی کانوونی دووەمی (١١٣٥)ز لە وێستمینستەر تاجی لەسەر دانا و بووە پاشای ئینگلتەرا[٣٩].

ستیڤن ئێسکسووک و میهرەبان و بەڕەوشت بوو، هەروەها ئازا و سوارچاکیش بـوو[٤٠]. ئەمەو بەهۆی ئـەوەی لە خێزانی شاهانەی نۆرمانەکان بـوو، هەروەها ڕەچەڵکی دەگـەڕایـەوە بۆ سـەر پاشاکانی ئەنگلۆسەکسۆنەکان، ئەمەو پشتگیری کڵێسای بەدەستهێنابوو، ئەمانە هەندێک لە هۆکارە سەرەکییەکان بوون کە وایان کرد کەسایەتییەکەی ستیڤن پتر لە کەسایەتیی ماتیلدا پەسەندبکرێت و ستیڤن بتوانێت تاجی پاشایەتی وەربگرێت، بەڵام دوای تاج لەسەرنانی ستیڤن نەیتوانی بە تەواوی ڕۆڵی پاشەیەتیی ببینێت، چونکە لە فەرمانڕەوایی بە تایبەت لە بواری کارگێڕیدا، ئەزموونی نەبوو، هەروەها نیشانی دا کە کەسێکی لاواز و دڕدۆنگە و ئاغاکانیش سوودیان لە دڕدۆنگیی وی وەرگرت و هەژموونی خۆیان زێدە کرد و ستیڤنیش نەیتوانی بەرەنگاری تەماحەکانیان ببێتەوە[٤١].

ماتیلدا بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەبوو کە ستیڤن پاشای ئینگلتەرا بێت و چەند قەشەیەک ڕەوانـەی ڕۆمـا کـران، بـۆئەوەی ستیڤن تۆمەتبار بکات بە شکاندنی سوێندەکەی و دەستبەسەرداگرتنی تەخت. لە ڕاستیدا سوێندخواردنەکە مافێکی یاسایی بەهێزی ماتیلدا بوو، گەر ستیڤن دڵسۆزیی بۆ ماتیلدا ڕەت بکردایەتەوە، ئەوا تاوانبار دەبوو بە تاوانی سوێندخواردنی درۆ و کۆمەڵگە لێی خۆش نەدەبوو، بەڵام ستیڤن ژیرانە دەسەڵاتی دادوەریی پاپای پەسەندکرد و پاپاش بەهۆی ئەوەی ستیڤنی بە مەترسی بۆ سەر کڵێسا دانەدەنا، لە ئەنجامدا پاپا سیاسەتێکی بێلایەنی گرتەبەر، بەوەی ستیڤن نە مەحکوم کرا و نە بە بێتاوان دانرا[٤٢].

## تەوەری شەشەم: خەباتی ماتیلدا بۆ تاج لەسەردانان و وەرگرتنی تەختی ئینگلتەرا

بە شێوەیەکی نەریتی ماتیلدا بەهۆی هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی تەختی ئینگلتەرا و حوکمڕانی لە مافی خۆیدا یاد دەکرێتەوە، کە بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێکی ناوخۆیی لە ئینگلتەرا و نۆرماندی، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە داوای ماتیلدا لەسەر بەمیراتبردنی تەختی ئینگلتەرا، بووەتە جێگەی سەرنج، چونکە لەو سەردەمەدا هیچ ژنێک لە ئینگلتەرا تەختی پاشایەتی بە میرات نەگرتبوو، چ جای سەرکردایەتیی سوپا بکات، بۆئەوەی ئاڵنگاریی پاشای تاج لەسەردانراو بکات[٤٣]. هەرچەندە پێش ماتیلدا ژنان لە ئینگلتەرا دەسەڵاتیان هەبووە و بەکاریانهێناوە، لێ هەمیشە بە ناوی مێردەکانیانەوە، کە بە هەر هۆکارێک بێت لە وڵات ئامادە نەبوون، یان بە ناوی کوڕەکانییەوە وەک ڕاسپێری تەخت تا ئەوکاتەی کوڕەکەی دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن و خۆی فەرمانڕاویی دەکات. لەژێر ڕۆشنایی ئەم باسەدا دەردەکەوێت، کە پێش ماتیلدا هیچ ژنێک هەوڵی نەداوە فەرمانڕەوایی بەسەر ئینگلتەرادا بکات، بەبێ هاوبەشی نێرێک و لەسەر بنەمای مافی ڕاستەوخۆی خۆی وەک تاکە فەرمانڕەوا[٤٤]. هەر لەبەر ئەمەشە یاد دەکرێتەوە و ململانێی لەگەڵ ستیڤن لەسەر تەخت، بە گرنگترین قۆناغی ژیانی ڕامیاریی ماتیلدا دادەنرێت. لەم سۆنگەیەشەوە هەوڵ دەدەین لەم تەوەرەیەدا بەکورتی ئاماژە بە گرنگترین هەوڵەکانی ماتیلدا بۆ تاج لەسەردانان و وەرگرتنی تەخت بدەین.

کاتێک هێنری کۆچی دوایی کرد، ماتیلدا دووگیان بوو بە منداڵی سێیەمیان و لە زەوییەکانی هاوسەرەکەی لە ئەنجو دەژیا. پاشان بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتوو، ماتیلدا لە نۆرماندی مایەوە[٤٥]. وا دیارە بڕیاری مانەوە لە نۆرماندی، جەختنەکردنەوە لەسەر مافەکانی لە ئینگلتەرا، بڕیاری جۆفری بووە، لەبەرئەوەی پێش مردنی هێنری لەسەر قەڵاکانی نۆرمان لە نزیک سنووری ئەنجێڤین، لەگەڵ هێنری یەکەمدا لە ململانێدا بوو. لێرەوە دەردەکەوێت کە جۆفری بڕیاری داوە ئەو قەڵایانە وەربگرێتەوە. هەرچەندە ماتیلدا پەیوەندییەکی گرنگی لەگەڵ ناوچەکەدا هەبوو، بەڵام لەم ماوەیەدا ڕۆڵێکی کەمی بینیوە و هاوژینەکەی بەهۆی بەرژەوەندییە سەرەکییەکانییەوە ڕۆڵێکی چالاکانەی بینیوە[٤٦].

هەرچییەک بێت، لە کۆتاییدا ماتیلدا بە کردەوە هەوڵی وەرگرتنەوەی مافی خۆی لەسەر نۆرماندی و ئینگلتەرا دەستپێکرد، بۆ ئەو مەبەستە هاتە ئینگلتەرا، لەکاتێکدا هاوسەرەکەی بە ناوی ئەوەوە هێرشی کردە سەر نۆرماندی. زۆرێک لە بارۆنەکان لایەنی ئەویان گرتەبەر، هەندێکی تریش وەفادار بوون بۆ ستیڤن، بەم جۆرە جەنگێکی ناوخۆیی سەریهەڵدا، کە پتر لە پانزە ساڵ بەردەوام بوو. لە ماوەیەشدا ئێرلەکان و بارۆنەکان و سوارچاکەکان بەهۆی بەرژەوەندییەکانیانەوە چەندین جار بەرەی خۆیان گۆڕی، بەوەی سەرەتا لایەنگری لایەنێکیان دەگرت، پاشان بەرەی خۆیان دەگۆڕی و دەچوونە پاڵ لایەنەکەی دیکەوە. لە ڕاستیدا بارۆنەکان سوودیان لە ناکۆکی لەسەر تەخت وەرگرتووە، بۆئەوەی لە سەربەخۆییدا بژین، بە چەشنێک بە مۆڵەتی یەکێک لە لایەنە ناکۆکەکان، یان بەبێ مۆڵەتی هەردوو لایەنەکە قەڵاکانیان بەهێز دەکرد[٤٧].

ماتیلدا ئامادە نەبوو تەختەکە بۆ پورزاکەی بەجێبهێڵێت، ئەوەبوو هاوسەرەکەی بەجێهێشت، بۆئەوەی بەرژەوەندییەکانیان لە نۆرماندی مسۆگەر بکات و خۆشی لە ساڵی (١١٣٩)ز لەگەڵ کۆمەڵێک سوارچاکدا پەڕینەوە بۆ ئینگلتەرا و لەوێ لەلایەن ڕۆبێرت لە گلۆستێر (Robert of Gloucester)ی زڕبرای، کە بەرەی خۆی گۆڕیبوو و گفتی پشتگیریکردنی دابوو بە زڕخوشکەکەی، لەگەڵ هەندێک لە بارۆنەکان پشتیگرییان لە دۆزەکەی کرد[٤٨]، بەڵام دەبوو نزیکەی دوو ساڵ لە شەڕ و پەڤچوون و گەمارۆدانی بچووک بەسەر ببەن، تا بتوانن لە شەڕی لینکۆڵندا ستیڤن بەدیل بگرن و سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنن[٤٩]. ماتیلدا دوای سەرکەوتنی گەورەکەی، هەوڵی دا بە دەستەبەرکردنی گەنجینەی ئینگلتەرا و بەدەستهێنانی پشتیوانیی هاوپەیمانە ستراتیژییەکانی لە پیاوانی ئایینی و دونیایی مەراسیمی تاج لەسەرنانی بۆ ئەنجام بدرێت. بۆ ئەو مەبەستە دوای هەیڤێک لە شەڕی لینکۆڵن (لە ٢ی ئازاری ١١٤١ز) لەگەڵ هێنری برای ستیڤن کۆبووەوە، هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بوو کە ماتیلدا سوێندی بۆ قەشە هێنری وینچێستەر خوارد، کە دەبێت کاروبارەکانی کڵێسا بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی ئەوەوە، ئەگەر کڵێسا وەک خانم وەریبگرێت، پاشان هێنری گفتی پشتگیریی دا، بە مەرجێک ماتیلدا بەڵێنەکەی نەشکێنێت. هۆکاری ئەم بڕیارەی هێنرییش ئەوە بوو، کە ستیڤن هاوڕێیەکی باشی کڵێسا نەبووە و ڕەنگە هێنری هیوای خواستبێت ماتیلدا بژاردەیەکی باشتر بێت لە براکەی[٥٠]. ڕۆژی دواتر (٣ی ئازاری ١١٤١ز) ماتیلدا چووە ناو شاری

وینچێستەر، لەوێ هێزی خاوەندارێتی گەنجینەی شاهانە و کلیلی قەڵاکەی پێدا، لەکاتێکدا فەرمانبەرێک بە ناوی تۆرستین (Turstin) تاجی شاهانەی پێبەخشی[٥١]. ئەمەو ماتیلدا نازناوی خانمی ئینگلیزەکانی[٥٢] بەدەستهێنا و زۆر نزیکبووەوە لە بەدەستهێنانی تاجەکە[٥٣].

ماتیلدا ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی وڵات کرد و بەرەو لەندەن ڕۆیشت، بۆئەوەی لەوێ بە فەرمی تاجی لەسەر دابنرێت، ئەوە بوو لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ساڵی (١١٤١)ز ماتیلدا وەک خانمی ئینگلیزەکان چووە ناو لەندەن و لە هۆڵی شاهانە لە وێستمینستەر نیشتەجێ بوو[٥٤]، بەڵام هەرگیز مەراسیمی تاج لەسەردانانەکەی ئەنجام نەدرا، چونکە ماتیلدا ماوەیەکی کەم لە لەندەندا مایەوە، کە لەم ماوەیەدا چێژی لە دەسەڵاتەکەی وەرگرت وەک شاژنی دیفاکتۆ ، بەجۆرێک کە دەوترێت هەوڵی داوە سەربەخۆتر حوکمڕانی بکات و تۆمەتبار کراوە بەوەی سووکایەتی بە لایەنگرە نوێیەکانی کردووە، کە دوای شەڕی لینکۆڵن لایەنی ئەویان گرتبوو، هەروەها ئامۆژگارییەکانی ئێرلی گلۆستێر و قەشەی وینچێستەری پشتگوێخستووە، ئەمەو بەهۆی ڕەفتارە خۆبەزلزانینەکانییەوە کە تاڕادەیەکی زۆر پەسەندنەکراو بوو، خەڵکی لەندەن لە دژی ڕاپەڕین و ناچاریان کرد لە (٢٤)ی حوزەیرانی (١١٤١) ز لە باژێڕەکە هەڵبێت و لە ئۆکسفۆرد بگیرسێتەوە[٥٥].

هەرچەندە بەهۆی ڕاپەڕینی خەڵکی لەندەوە ماتیلدا ناچار بوو هەڵبێت، بەڵام نابێت ڕۆڵی شاژن ماتیلدا (Matilda I, Countess of Boulogne)ی هاوسەری پاشا ستیڤن نادیدە بگرین، کە ئیمپراتۆرە ماتیلدا حیسابی بۆ کردەوەکانی ئەم شاژنە نەکردبوو، کە ناوبراو سیفەتەکانی سەرکردایەتیی سەربازیی نیشان دا و لە وەڵامی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانی نێردراوانی شاژن بۆ ئازادکردنی ستیڤن، شاژن فەرمانی بە سوپاکەی کرد، کە لادێکان تاڵان بکەن بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە دوور نەبوو لەو شوێنەی کە ئیمپراتۆرە لە دەرەوەی شارەکە سەربازگەی لەسەر دانابوو. هاوڵاتییان بە ناچاریی کەوتنە جوڵە و پەیماننامەیەکیان لەگەڵ شاژن بەست و دواتر بەپەلە بەرەو سەربازگەکەی ئیمپراتۆرە ڕۆیشتن و ئیمپراتۆرە و هەڤاڵەکانیان ڕاونان[٥٦].

ئیمپراتۆرە ماتیلدا هێزەکانی لە ئۆکسفۆرد کۆکردەوە و پاشای سکۆتلەندی ڕازی کرد، کە جارێکی دیکە یارمەتی بدات، ئەوە بوو ئیمپراتۆرە و ڕۆبێرت لە گلۆستێر بە یاوەری دەیڤیدی سکۆتلەندا پێشڕەوییان بەرەو وینچێستەر کرد و تا

(٣١)ی تەمموز وینچێستەر لەلایەن هێزەکانی ئیمپراتۆرەوە گەمارۆدرا. بۆ ماوەیەک دەروازەکانی شارەکە لە دژی هێرشبەرەکان داخران، بەڵام دواتر کرانەوە و گەمارۆدانەکە بەرتەسک بووەوە لە گەمارۆدانی قەڵای قەشەکەدا، بەڵام لەکاتێکدا کە گەمارۆدانەکە هێشتا بەردەوام بوو، هێزەکانی پشتیوانی ستیڤن لەژێر فەرمانی شاژنە ماتیلدا بە هانای گەمارۆدراوەکانەوە هاتن و گەمارۆدەرەکانیان گەمارۆ دا. لەم نێوەندەدا ئیمپراتۆرە ماتیلدا بەهۆی ئازایەتی و خۆبەختکردنی ڕۆبێرت، لە گلۆستێرەوە هەڵات بۆ قەڵای دیڤیز، بەڵام سوپاکەی تووشی شکستێکی قورس بوو، هەروەها زڕبراکەشی بەدیل گیرا[٥٧].

بە دیلبوونی زڕبراکەی، ئیمپراتۆرە ماتیلدا گورزێکی گەورەی بەرکەوت، چونکە بەبێ ڕۆبەرت لە گلۆستێر، ماتیلدا سەرکردەیەکی نەبوو کە بتوانێت لە ڕووی سەربازییەوە فشار بخاتە سەر نەیارەکانی، بەم پێیەش ناچار بوو دانوستان لەگەڵ شاژنە ماتیلدا بکات و لەم دانوستانانەدا هەردوو ماتیلداکە بەهیوا بوون، کە بتوانن زۆترین قازانج بە کەمترین زیان بەدەستبهێنن. لە کۆتاییدا ڕێککەوتنێک لەنێوان هەردوو ماتیلداکە کرا. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە ئیمپراتۆرە ستیڤنی ئازادکرا و لە بەرانبەردا شاژن ڕۆبێرتی ئازاد کرد، بەڵام ئەم دانوستانانە کۆتایی بە جەنگی ناوخۆ نەهێنا و جەنگەکە بەردەوام بوو[٥٨].

دوای گەمارۆدانی وینچێستەر و لە کانوونی دووەمی ساڵی (١١٤١)ز-دا، قەشە هێنری ماتیلدای سەرکۆنە کرد، کە بەڵێنەکانی بۆ کڵێسا جێبەجێ نەکردووە و ستیڤن وەکو پاشای شەرعیی وڵات ناسێنرایەوە و هێنری یارمەتی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی ستیڤنی بۆ ڕۆژهەڵاتی نۆرماندی و ناوەڕاستی ئینگلتەرا دا[٥٩].

هاوینی ساڵی (١١٤٢)ز ستیڤن بڕیاری دا بە یەکجاریی کۆتایی بە ڕکابەرەکەی بهێنێت، کە لە ئۆکسفۆرد بوو. لەم کاتەدا ڕۆبێرت لە گلۆستێر لە نۆرماندی بوو و هەوڵی دەدا جۆفری ڕازی بکات، کە چالاکانە بەشداری لە دۆزی هاوسەرەکەیدا بکات، بەڵام پێش ڕۆیشتنی قەڵای ئۆکسفۆردی خستبووە دۆخێکی بەرگرییەوە، هەر بۆیە سەرەڕای بەکارهێنانی هەموو چەکێکی هێرشبەریی کە ئەوکات ناسرابوو، هێرشی ڕاستەوخۆ هیچ ئەنجامێکی نەبوو و ستیڤن ناچار بوو ئابلۆقەی قەڵاکە بدات، کە نزیکەی سێ مانگی خایاند، کە لەم ماوەیەدا و بەدیاریکراویی لە مانگی کانوونی دووەمدا گلۆستێر لە نۆرماندی گەڕایەوە ئینگلتەرا، بەڵام لە کۆتاییدا برسێتی بڕستی لە گەمارۆدراوەکان بڕی و بە ناچاریی خۆیان ڕادەست

کرد، بەڵام پێش ئەوەی دەروازەکانی قەڵاکە بەڕووی پاشادا بکرێتەوە، ئیمپراتۆرە ماتیلدا لەگەڵ چەند لایەنگرییەکی نزیکی دووبارە هەڵات و خۆی ڕزگار کرد[٦٠].

هەرچەندە لایەنگرانی ماتیلدا لە ئینگلتەرا شکستیان هێنا، بەڵام جۆفری سەرکەوتوو بوو لە کۆنترۆڵکردنی نۆرماندی و لە ساڵی (١١٤٢)ز پاشای فەڕەنسا وەک دوکی شەرعیی نۆرماندی ناساندی[٦١].

ئابلۆقەدانی ئۆکسفۆرد کۆتا شەڕی ماتیلدا نەبوو، بەڵکو ئاڵنگارییەکەی ماتیلدا ماوەی شەش ساڵی دیکە بەردەوام بوو، کە لەم ماوەیەدا وردە وردە حیزبەکەی ماتیلدا داڕما و لاواز بوو، بە تایبەت کە لایەنگرە بەهێزەکەی ڕۆبێرت لە گلۆستێر لە ساڵی (١١٤٧)ز کۆچی دوایی کرد. دوای ساڵێکیش ماتیلدا وازی لە مافی بەمیراتگرتنی تەخت هێنا و بۆ هەمیشە ئینگلتەرای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ نۆرماندی[٦٢].

هەرچەندە لەوکاتەی ماتیلدا لە ئینگلتەرادا بوو، بە ڕێوڕەسمێکی فەرمی تاجی لەسەر دانەنرا، کە بۆ فەرمانڕەواییکردن پێویست بوو، سەرەڕای ئەمەش ماتیلدا وەک فەرمانڕەوایەک ڕۆڵی خۆی بینی، بەوەی کە دادپەروەریی کردووە و دراوی لێداوە، کە ئەمانە بە کردەوەکانی فەرمانڕەوا دێنە ئەژمار[٦٣].

## تەوەری حەوتەم: وازهێنانی ماتیلدا لە مافی بەمیراتبردنی تەخت و پشتگیرکردن لە مافی هێنری کوڕی بۆ بەمیراتبردنی تەختی پاشایەتی ئینگلتەرا

ماتیلدا پێش کۆتاییهاتنی جەنگی ناوخۆ، بە دیاریکراویی لە ساڵی (١١٤٨)ز وازی لە مافی بەمیراتبردنی تەخت هێنا و ئینگلتەرای بەجێهێشت و هەرگیز نەگەڕایەوە، وەلێ هێشتا لە دوورەوە چالاک بوو لە ململانێیەکاندا. شایەنی باسە ئەم وازهێنانە گۆڕینی ئارمانجەکانی ماتیلدا بوو، چونکە زانی کە هەرگیز نابێت شاژن بێت، لەبری ئەوە چاوی لەسەر ئەوە بوو، کە هێنری شوێنی ستیڤن بگرێتەوە[٦٤]. پێش ئەوەی لەبارەی پشتگیرییەکانی ماتیلدا لە کوڕەکەی بۆ وەرگرتنی تەختی پاشایەتی ئینگلتەرا بدوێین، وامان بەباش زانی لە خوارەوە گرنگترین ئەو هۆکارانە بخەینە ڕوو، کە بوونە هۆی ئەوەی ماتیلدا واز لە مافی خۆی بۆ بە میراتبردنی تەخت بهێنێت:

١. ئەو سەردەمە بۆ فەرمانڕەوایی ژنان نەگونجاو بوو، چونکە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە نێرسالار بووە و ئەندامانی کۆمەڵگە ئامادە نەبوون ژنێک وەک فەرمانڕەوای خۆیان پەسەند بکەن، بۆیە دەتوانین بڵێین، کە ئەمە سەرەکیترین و گرنگترین هۆکار بوو کە بووە هۆی شکستی ماتیلدا لەوەی تاجی لەسەر دابنرێت و بە فەرمی ببێتە فەرمانڕەوای ئینگلتەرا.

٢. هاوسەرگیرییەکانی ماتیلدا کاریگەریی نەرێنی هەبوو لەسەر دۆزی ماتیلدا و دەرفەتی تاج لەسەردانانی ماتیلدایان کەمکردەوە، چونکە بەهۆی یەکەم هاوسەرگیرییەوە ماتیلدا لە منداڵییەوە لە ئینگلتەرا دوورکەوتبووەوە و ئینگلیزەکان پێیان وابوو کە لەو ماوەیەی ئیمپراتۆرە لە ئەڵمانیا ژیاوە، پەیوەندی لەگەڵ نەریتە ئینگلیزییەکان پچڕاوە، بۆیە ئامادە نەبوون بە فەرمانڕەوایی خۆیان پەسەندی بکەن، سەبارەت بە هاوسەری دووەمیشی لەلایەن نۆرمانەکانەوە بە دوژمن دەناسرا و دەترسان لەوەی لە داهاتوودا ببێتە پاشایان، بۆیە ئەوانیش ئامادە نەبوون ماتیلدا بە فەرمانڕەوای خۆیان پەسەند بکەن[٦٥].

٣. ماتیلدا لەناو ئاغا و ئەندامانی چینە باڵا و دەستڕۆیشتووەکاندا هاوپەیمانییەکی کەمی هەبوو و پشتیوانییەکی سنووورداری لێ کرا، ئەمەش دەرفەتی ماتیلدای بۆ بوون بە شاژنی فەرمانڕەوای ئینگلتەرای لاواز کرد[٦٦].

٤. هەرچەندە ماتیلدا کیژی شا هێنری یەکەم بوو و لە خێزانی شاهانەی نۆرمانەکان بوو، بەڵام ستیڤنیش بەهەمان شێوە لە خێزانی شاهانەی نۆرمانەکان بوو، تەنانەت ڕەچەڵەکیشی دەگەڕایەوە سەر خێزانی شاهانەی ئەنگلۆسەکسۆنەکانی ئینگلتەرا، کە ئەمە هەلی تاج لەسەرنانی بەراورد بە ماتیلدا زیدەتر کرد[٦٧].

٥. هەرچەندە ماتیلدا دیندار و دڵسۆزی کڵێسا بوو، وەلێ پیاوە ئایینییە پلەباڵاکان دڵسۆزی دۆزەکەی ئەو نەبوون و هەر لە سەرەتاوە ستیڤن توانی پشتگیری کڵێسا بەدەستبهێنێت، ئەویش لە ڕێگەی هێنری برایەوە، کە قەشە بوو لە وینچێستەر و توانی هاوکارەکانی ڕازی بکات، کە پشتگیری لە ستیڤن بکەن، بە تایبەتی خودی سەرۆکی قەشەکانی کانتربێری، کە تاجی لەسەر هێنری دانا. هەرچەندە دواتر و پاش شەڕی لینکۆڵن، کڵێسا و ماتیلدا بوونە هاوپەیمان، بەڵام بەهۆی دۆڕانی وینچێستەرەوە، تەمەنی ئەم هاوپەیمانێتییە کورت بوو و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەنجامی گشتیی ململانێکان نەبوو[٦٨].

٦. ئەوکاتەی هێنری کۆچی دوایی کرد، ماتیلدا بە سێیەم منداڵی دووگیان بوو، بۆیە نەیتوانی بلەز بچێتە ئینگلتەرا، بۆئەوەی تاجی لەسەر دابنرێت، ئەوەبوو ستیڤن ئەم هەلەی قۆستەوە و بەخێرایی خۆی گەیاندە ئینگلتەرا و لەوێ تاجی لەسەر دانرا، ئەم تاج لەسەردانانە بووە کەتوار و ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر، کە سوودێکی هێمایی و پیرۆزی بۆ مافی ستیڤن لەسەر تەخت هەبوو، بەجۆرێک پێگەی یاسایی و شەرعیی ناوبراوی لە بەرانبەر ماتیلدادا بەرزتر کردەوە و بەدرێژایی ململانێیەکانیان ماتیلدا نەیتوانی بەسەر ئەم بەربەرستەدا زاڵ بێت و تاج لەسەردانانی ستیڤن هەڵبوەشێنێتەوە و ستیڤن لە پاشایەتی لابدات[٦٩].

٧. هەرچەندە جۆفری کونتی ئەنجو، پیاوێکی بەهێز و بەدەسەڵات بوو، بەڵام نەیتوانی هەندێک سوارچاک کۆبکاتەوە و بیاننێرێت بۆ یارمەتیدانی هاوسەرەکەی لە ئینگتلەرا، لەبری ئەوە سەرنجی خۆی خستە سەر نۆرماندی و لە ساڵی (١١٤٢)ز پاشای فەڕەنسا وەک دوکی شەرعیی نۆرماندی ناساندی[٧٠].

٨. ماتیلدا ئەزموونی سەربازیی کەم بووە[٧١]، بەجۆرێک کە مێژوونووس مارجۆری چیبنال ئاماژەی بەوە کردووە، کە ماتیلدا لە سەرکردایەتیی سەربازییدا بێئەزموون بووە، هەر لەبەر ئەمەش بەشێک لە جەنگی ناوخۆ هەبووە کە ماتیلدا نەیتوانیوە چالاکانە بەشداری تێدا بکات، بەجۆرێک نە سەرکردایەتیی سوپایەکی کردووە و نە بەشداری لە هیچ کام لەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەدا کردووە، لەبری ئەوە زڕبراکەی ڕۆبێرت لە گلۆستێر سەرکردایەتیی سوپاکەی ماتیلدای کردووە. کاتێکیش زڕبراکەی لە گەمارۆی وینجێستەر بەدیل گیرا، ماتیلدا گورزێکی گەورەی بەرکەوت، چونکە بەبێ زڕبراکەی، ماتیلدا سەرکردەیەکی نەبوو کە بتوانێت لە ڕووی سەربازییەوە ڕکابەری نەیارەکانی بکات، بەم پێیەش ناچار بوو دانوستان لەگەڵ شاژن ماتیلدا بکات، کە لەم دانوستانانەدا ماتیلدا ناچار بوو ستیڤن ئازاد بکات تا زڕبراکەی ئازاد بکرێت[٧٢]. ساڵێک دوای مردنی

زڕبراکەشی ماتیلدا وازی لە مافی خۆی بۆ بە میراتبردنی تەخت هێنا. بەم جۆرە کەمئەزموونیی ماتیلدا لە بواری سەربازیی[٧٣]، هۆکارێکی سەرەکی دی بوو کە لە کۆتاییدا ماتیلدای ناچار کرد واز لە مافی خۆی بهێنێت و لەبری ئەوە پشتیگری لە مافی کوڕەکەی بۆ وەرگرتن تەختی پاشایەتی بکات.

٨. لە کۆتاییدا باس لەوە دەکرێت، کە ماتیلدا کەسێکی بێزراو بووە، بەهۆی ئەوەی لە کەسایەتییەکەیدا چەندین ڕەوشتی خراپی هەبووە، وەک: زۆرداریی، لووتبەرزیی، خۆبەزلزانی، زمانپیسی، کە ئەمانە بە تەواوی لەلای گەلی ئینگلیزەوە ناپەسەند بوون[٧٤]. ئێمە پێمان وایە ئەمە هۆکارێکی لاوەکییە و زۆر پەیوەندی بە شکستی ماتیلداوە نییە، ئەمەو ڕەنگە مێژوونووسان لە پیشاندانی لایەنە خراپەکانی کەسێتی ماتیلدا زیادەڕەوییان کردبێت، بە تایبەت ئەو مێژوونووسانەی کە لایەنگری ستیڤن بوون، یاخود بە گیان و عەقڵییەتێکی نێرسالار و ژنکوژانەوە مێژوویان نووسیوەتەوە و هەموو هەوڵکیان ئەوە بوو ماتیلدا بە بەدکار نیشان بدەن و لایەنە باشەکانی کەسێتییەکەی بشارنەوە.

تا ساڵی (١١٤٨)ز زۆربەی لایەنگرانی سەرەکی ماتیلدا کۆچی دواییان کرد، لەوانە مایلز لە گلۆستێر (Miles of Gloucester)، لە ساڵی (١١٤٣)ز، جۆفری دی ماندیڤیل(Geoffrey de Mandeville) ، لە ساڵی (١١٤٤)ز، ئێرل ڕۆبەرت لە گلۆستێری زڕبرای لە ساڵی (١١٤٧)ز، کاتێک یەک لە دوای یەک لایەنگرانی سەرەکی گیانیان لەدەست دا و ماتیلدا دەرفەتی کەمتر دەبووەوە بۆ بردنەوەی جەنگەکە، تا دواجار بەهۆی کۆچی دوایی زۆربەی لایەنگرە سەرەکییەکانەوە، ماتیلدا ناچار بوو وازبهێنێت و تا سەرەتای ئازاری (١١٤٨)ز گەڕایەوە بۆ نۆرماندی، بەم جۆرە وا دێتە پێش چاو، کە ستیڤن لە جەنگەکەدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، وەلێ سەرکەوتنەکەی ڕواڵەتی بوو، چونکە دڵسۆزانی کۆنی ماتیلدا وردە وردە جێگەیان بۆ بەشداربووانی نوێ و گەنج چۆڵ کرد، کە بە شێوەیەکی جیاواز لە دایک و باوکیان سەیری قەیرانی جێنشینییان دەکرد[٧٥].

کاتێک ماتیلدا لە ساڵی (١١٤٨)ز-دا ئینگلتەرای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ نۆرماندی و وازی لە مافی خۆی بۆ بە میراتبردنی تەخت هێنا. لەبری ئەوە پشتیوانی لە مافی کوڕەکەی بۆ بەمیراتبردنی تەختی پاشایەتی کرد، کە دوای وازهێنانی دایکی ببووە سەرۆکی لایەنگرانی ئەنجێڤین[٧٦].

هێنری بەو پێیەی کوڕی ماتیلدا بوو و مافی بەمیراتبردنی تەختی هەبوو، داوای میراتی خۆی لە شانشینی ئینگلتەرا کرد، بۆ ئەو مەبەستەش جەنگی دژی ستیڤن دەستپێکرد، گرنگترین هەڵمەتی هێنری بۆ سەر ئینگلتەرا لە زستانی (١١٥٣)ز-دا بوو، کە لەو هەڵمەتەدا

(١٤٠) سوارچاك و (٣٠٠٠) پیادە و (٣٦) كەشتی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئەم هێزانە ئەوەندە گەورە نەبوون بۆ داگیركارییەكی تەواو، بەڵام ئەوەندە گەورە بوون كە مەترسییەكی بەرچاو دروست بكەن. لەگەڵ ئەمەشدا تەنیا سەركەوتنێكی كەمیان تۆمارد كرد و ستیڤن كە لە ماوەی حەوت ساڵی مانەوەی ماتیلدا لە ئینگلتەرادا بەرگەی هەموو جۆرە هێرشێكی گرتبوو، بەرەنگاری هێنری بووەوە و نەیهێشت هێنری لە هەڵمەتە سەربازییەكانیدا سەركەوتنی گەورە بەدەستبهێنێت[٧٧]. لە كۆتاییدا گیانی بەرخۆدانی پاشای بەتەمەن لاواز بوو، دوای ئەوەی میراتگرەكەی كۆچی دوایی كرد و ناچار بوو لەگەڵ خاڵۆزازا گەنجەكەیدا بسازێت، ئەوەبوو هەردوو لایەنە ناكۆكە لە ساڵی (١١٥٣)ز و لە والینگفۆرد كۆبوونەوە، لەو كۆبوونەوەیەدا هەردوو لایەنەكە گەیشتنە رێككەوتنێك، كە ستیڤن لە ماوەی ژیانیدا لەلایەن هەمووانەوە وەک پاشا دانی پێدا دەنرێت، بەڵام هێنری وەک میراتگری خۆی پەسەند دەكات و لەدوای مردنی شوێنی دەگرێتەوە. لەسەر ئەم مەرجانە هەردوو لایەنەكە ئاشتبوونەوە و (پەیماننامەی والنگفۆرد)یان ڕاگەیاند، كە بەپێی ئەم پەیماننامەیە لایەنگرانی ماتیلدا و هێنری سوێندیان خوارد، كە ستیڤن فەرمانڕەوای یاسایی ئەوانە، لە بەرانبەردا پیاوەكانی ستیڤن هێنرییان وەک پاشای داهاتوو دانا. بەم چەشنە دواجار جەنگی ناوخۆ كۆتایی هات. هەرچی ستیڤنە تەنها ساڵێكی دیكە ژیا و لە پاییزی ساڵی (١١٥٤)ز-دا كۆچی دوایی كرد[٧٨]. دواتر هێنری دووەم بوو بە پاشای ئینگلتەرا، كە لەگەڵ هاتنە سەر تەختدا دەسەڵاتی بنەماڵەی نۆرمان لە ئینگلتەرا كۆتایی هات و دەسەڵاتی بنەماڵەی پلانتاجینێت دەست پێدەكات، كە جگە لە ئینگلتەرا حوكمڕانیی نزیكەی نیوەی فەڕەنساشیان دەكرد و دەوڵەتەكەیان لە مێژوودا بە ئیمپراتۆرییەتی ئەنجیڤین(Angevin Empire) ناسراوە، لە ڕاستیدا ئەم ئیمپراتۆرییەتە یەكگرتوو نەبوو، بەڵكو بەپێچەوانەوە تێكەڵەیەک بوو لە وڵاتانی سەربەخۆ، كە لەژێر دەسەڵاتی یەک پیاودا كۆببوونەوە[٧٩].

شایەنی باسە كاتێک هێنری لە زستانی ساڵی (١١٥٣)ز-دا بەرەو ئینگلتەرا ڕۆیشت، ماتیلدا مایەوە بۆئەوەی حوكمڕانیی بكات و ئاشتی لە نۆرماندی بپارێزێت، بەڵام ئەمجارە دژایەتی نەكرا، چونكە ئەم دەسەڵاتەی بە ناوی نێرێكەوە بەكاردەهێنا، كە ئەو سەردەمە ئەم جۆرە دەسەڵات بەكارهێنانە لە كۆمەڵگەدا پەسەندكراو بوو، بە پێچەوانەی هەوڵەكانی پێشووی بۆ وەرگرتنی تاجی ئینگلیزی و بەكارهێنانی دەسەڵات بە ناوی خۆیەوە[٨٠].

لە كۆتاییدا دەڵێین، هەرچەندە ماتیلدا هەرگیز نەبووە شاژنی فەرمانڕەوای ئینگلتەرا، بەڵام گەورەترین سەركەوتنی ئەوە بوو، كە كوڕەكەی لە ساڵی (١١٥٤)ز تاجی لەسەر دانرا و لەژێر ناوی هێنری دووەم بووە پاشای ئینگلتەرا[٨١].

# تەوەری هەشتەم: ڕۆڵی ماتیلدا وەك جێگر و ڕاوێژكاری هێنری دووەمی پاشای ئینگلتەرا

هەرچەندە هەوڵەکانی ماتیلدا بۆ تاج لەسەردانان و وەرگرتنی تەخت بە گرنگترین و دیارترین ڕووداوەکانی ژیانی ڕامیاریی ماتیلدا دادەنرێت، بەڵام پاش کۆتاییهاتنی جەنگی ناوخۆ، ژیانی ڕامیاریی ماتیلدا بەدوایی نەهات، بەڵکو وەک جێگر و ڕاوێژکاری پاشا هێنری دووەمی کوڕی ڕۆڵی خۆی بینیوە، بۆیە لەم تەوەرەیەدا هەوڵدەدەین ڕووناکییەک بخەینە سەر ئەم قۆناغەی ژیانی ڕامیاریی ماتیلدا. شایەنی باسە، ئیمپراتۆرە ماتیلدا ڕۆڵێکی بەرچاوی وەک ڕاوێژکارێک بۆ کوڕەکەی بینیوە، سەرەتا کاتێک کە کوڕەکەی دوکی نۆرماندی بوو، دواتریش کە بووە پاشای ئینگلتەرا[٨٢].

لە سەرەتای سەردەمی هێنریدا، دەتوانرێت بە ئاسانی کاریگەریی ماتیلدا دەستنیشان بکرێت، بە تایبەت کاتێک هێنری لە نۆرماندی دوور بوو و سەرپەرشتی بەشەکانی دیکەی دەسەڵاتە فراوانەکەی دەکرد، ماتیلدا وەک جێگری ئەو ڕۆڵی خۆی بینی[٨٣].

هەرچەندە ماتیلدا دوای وازهێنانی و تا مردنی لە نۆرماندی نیشتەجێ بوو، بەڵام بەرژەوەندییەکانی لە ئینگلتەرا هەرگیز کەم نەبووەوە. لەکاتێکدا دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی لە ئینگلتەرا دوای جەنگی ناوخۆیی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبووەوە، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر سیاسەت هەبووە لەو وڵاتەدا[٨٤] و دەتوانرێت ئەم کاریگەرییەش لەسەر فەرمانڕەوایی هێنری لە ئینگلتەراش دەستنیشان بکرێت. بۆ وێنە لە ساڵی (١١٥٥)ز-دا هێنری سەرنجی خۆی خستە سەر ئێرلەندا، بە هیوای ئەوەی داگیری بکات، بۆ ئەو مەبەستە و بە ڕەزامەندیی پاپا، ویلیام (William Fitz Empress)ی برا بچووکەکەی وەک ئاغای ئەو وڵاتە دانا، وەلێ ماتیلدا ئاگاداری کردەوە و لەبری ئەوە پێشنیاری کرد کە سەرنجی لەسەر چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی و بەرقەرارکردنی ئاسایش لە سەرانسەری شانشینی خۆیدا بێت. ئەوە بوو هێنری زەوییە بەرفراوانەکانی لە ئەنگلیای ڕۆژهەڵات و ساسێکس بە ولیامی برای بەخشی، هەروەها ناوچەی (دیپێ)ی لە نۆرماندی بەخشی بە ویلیام لە بلۆیس، کە کوڕە بچووکەکەی ستیڤن بوو[٨٥].

لە ساڵی (١١٦٢)ز-دا تیۆباڵد لە بێک(Theobald of Bec) کۆچی دوایی کرد و هێنری بڕیاری دا هاوڕێکەی تۆماس بێکێت(Thomas Becket) لە پۆستی سەرۆکی قەشەکانی کانتربێری دابنێت. هەرچەندە ناوبراو کەسێکی متمانەپێکراو بوو، هەروەها بە دڵسۆزیی خزمەتێکی زۆری بە پاشاکەی کردبوو، بەڵام ماتیلدا دژی ئەم بڕیارەی کوڕەکەی بوو و ئاگاداری کردەوە، کە تۆماس دانەمەزرێنێت، هۆکارەکەشی ئەوە بوو، کە ماتیلدا دەترسا هێنری دووەم هەمان هەڵەی هاوسەری یەکەمی دووبارە بکاتەوە، ئەو هەڵەیەش ئەوە

بوو کە هاوسەری یەکەمی ماتیلدا پلەی ئەدالبێرت(Adalbert I von Saarbrücken)ی لە ڕاوێژکاری خۆیەوە بۆ سەرۆکی قەشەکانی ماینز بەزرکردەوە، هەرچەندە ئادالبێرت لە خۆڕاگرترین بەرگریکارانی مافە ئیمپراتۆرییەکان بوو، بەڵام دوای ئەوەی بووە سەرۆکی قەشەکانی ماینز، گۆڕا بۆ سەرکردەی چاکسازیخوازان لە کڵێسای ئەڵمانی. سەرەڕای نارەزایەتییەکانی ماتیلدا، هێنری بەردەوام بوو لە پلانەکانی و لە (٢)ی حوزەیرانی (١١٦٢)ز بێکێت دەستی لە پۆستی ڕاوێژکاریی کێشایەوە و لە کانتربێری وەک سەرۆکی قەشەکان دەستنیشانکرا. بێتوانایی ماتیلدا لە ڕێگریکردن لە بەزرکردنەوەی پۆستی بێکێت، بەو مانایە نایەت کە ماتیلدا بێدەسەلات بووە، یان پشتگوێخراوە، بەڵکو بەو مانایە دێت کە کاریگەرییەکەی تا هەڵبژاردنی ئەسقفەکانی ئینگلیزی درێژ نەبووەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئاماژەیە بۆ سەرەتای دابەزینی کاریگەریی ماتیلدا بەسەر کوڕەکەیدا[٨٦].

بێکێت لە یەکەم ساڵی ژیانیدا وەک سەرۆکی قەشەکانی کانتیبێری دژی خواستی ولیام بوو و ڕێگریی لە هاوسەرگیریی نێوان کوڕەکەی ماتیلدا و میراتگری خێزانی وارنە(Warenne family) کرد، بەڵام ململانێی نێوان هێنری و بێکێت بەرجەستە نەبوو تا بابەتی مافی شاهانە لە پەیوەندی لەگەڵ کڵێسادا سەریهەڵدا. هێنری ویستوویەتی مافە تەقلیدییە شاهانەییەکان بپارێزێت، بۆئەوەی دەسەڵاتی دادگا دونیاییەکان بەسەر پیاوانی ئایینی ئینگلیزییدا بمێنێتەوە، لەکاتێکدا بێکێت هیوای خواست مافەکانی سەرۆک قەشەکان فراوانتر بکات. هەنگاوی داهاتووی هێنری بریتیبوو لە داڕشتنی دەستوورێک، کە دابونەریتە شاهانەییەکانی لە کلارندۆن بخاتەڕوو، داوای ئەوەی کرد هەموو قەشەکان سوێند بخۆن، کە ڕەچاوی ئەو دابونەریتە شاهانەیە بکەن. سەیر نییە بێکێت بەرەنگاری بووەوە و ساڵی (١١٦٤)ز بڕیاری دا بچێتە لای پاپا، ناوبراو بۆ ماوەی شەش ساڵ لە تاراوگە مایەوە، لەم ماوەیەدا هەردوو لایەنی ڕکابەر پێیان وابوو ماتیلدا دەتوانێت نێوەندگیریی بکات و چارەسەرێک بۆ مشتومڕەکە بدۆزێتەوە، چونکە ماتیلدا سەلماندبووی ڕاوێژکارێکی سەرکەوتووی کوڕەکەیەتی، بەڵام لە ڕاستیدا ماتیلدا شارەزا بووە لە چارەسەرکردنی کێشەکان لە بوارەکانی ناکۆکی خێزانییدا، لە توانایدا نەبوو شانشینێک یەکبخاتەوە، کە بەهۆی مشتومڕێکی گەورەوە دابەش ببوو. لەگەڵ ئەوەشدا ماتیلدا تا مردنی لە بەرزکردنەوەی پلە و بەرگریکردن لە هێنری و یارمەتیدانی کوڕەکەی لە هەندێک بابەتدا بەردەوام بوو و توانی هەندێک لە کاریگەری و دەسەڵاتی خۆی بپارێزت، بەڵام ڕۆڵی وەک ڕاوێژکاری پاشا زۆر کەمبووەوە. دواجار لە ساڵی (١١٧٠)ز-دا ئاشتەوایی کرا و بێکێت گەڕایەوە بۆ ئینگلتەرا، بەڵام ئەم ئاشتییە بەناو بوو، چونکە بێکێت لە کاتدراڵی کانتربێری کوژرا. بێگومان ماتیلدا سێ ساڵ پێشتر و بەدیاریکراویی لە (١٠)ی ئەیلولی (١١٦٧)ز-دا کۆچی دوایی کردبوو، بەم جۆرە ئەوەندە نەژیاوە تا ئەنجامی ململانێکان ببینێت[٨٧].

## تەوەری نۆیەم: ماتیلدا لە ڕوانگەی مێژوونووسانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە

هەڵوێست و تێڕوانین و وێناکردنی ماتیلدا، بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بەڵام ئێمە بواری ئەوەمان نییە بەدرێژیی لەبارەی ئەم گۆڕانکارییانەوە بدوێین[٨٨]، هەر بۆیە لەم تەوەرەدا تەنێ دکارین کە بە سەرپێیی خوێندنەوەیەک بۆ هەندێک لە بەرهەمەکانی مێژوونووسانی سەدەی ناوەڕاست بکەین. تا لەم ڕێگەیەوە بتوانین بە گشتی هەڵوێست و تێڕوانینی خەڵکی ئەو سەردەمە لەسەر کەسێتی و دەسەڵاتی ژنێک بخەینە ڕوو.

پێش ئەوەی لەبارەی تێڕوانین و ڕوانگەی هەندێک لە دیرۆکنووسانی سەدەکانی ناوین لەسەر ماتیلدا بخەینە ڕوو، دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، زۆربەی سەرچاوە ڕەسەنەکان کە پەیوەندییان بە ماتیلداوە هەیە، لەلایەن پیاوانەوە نووسراون، چونکە مێژوونووسانی ئەو سەردەمە پیاو بوون، لەبەرئەوەی کە فێربوون بە شێوەیەکی گشتی لەم سەردەمەدا بۆ پیاوان تەرخانکرابوو، هەرچەندە لە سەدەکانی ناویندا کە ئەو ژنانەی لە دێرەکاندا دەژیان، توانیویانە بەشداری لە هەوڵە فیکرییەکانی وەک خوێندنەوە و نووسیندا بکەن، بەڵام بەداخەوە لەم قۆناغەدا هیچ نووسینێک نییە کە لەلایەن مێینەیەکەوە لەبارەی ماتیلداوە نووسرابێت[٨٩].

جێی گوتنە چەندین دیرۆکنووسی سەدەکانی ناوین هەبوون کە لەو ماوەیەدا ژیاون و خەریکی نووسین بوون، کە ماتیلدا داوای مافی خۆی لەسەر تەخت کردووە. ئەم جۆرە سەرچاوانە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئیمپراتۆرە ماتیلدا، فرە گرنگن، چونکە هەندێک جار بە دەستی یەکەم باسی ئەو ڕووداوانە دەکەن کە لەو کاتەدا ڕوویان داوە. جگە لەوەش ئەوان هەڵوێستەکانی نەیارانی بیرۆکەی فەرمانڕەوایی ژنان لەو کاتەدا پیشان دەدەن، بە جۆرێک باسێکی ورد لە هەندێک لەو ئاڵنگارییانە دەکەن، کە ماتیلدا تەنها لەسەر بنەمای ڕەگەزەکەی ڕووبەڕووی بووەتەوە[٩٠].

یەکێک لەو دیرۆکنووسانەی سەدەکانی ناوین کە بەدواداچوونی بۆ سەردەمی ماتیلدا کردووە، ئۆردریک ڤیتالیس (Orderic Vitalis) بووە، کە دیرۆکی کڵێسای نووسیوەتەوە. پەرتووکەکەی ڤیتالیس لە ڕوانگەیەکی ئایینییەوە نووسراوە، لەگەڵ ئەمەشدا زۆرێک لە وردەکارییەکانی کەسایەتی و ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی ئینگلتەرا نیشان دەدات، کە بەدڵنیاییەوە ماتیلدایشی تێدابووە. لە ڕاستیدا لە کارەکانی ڤیتالیسدا، ماتیلدا هەمیشە وەک کوانتێسی ئەنجو دەناسێنرێت، لەبری

ئیمپراتۆره، لەکاتێکدا ڕاستە کە بەهۆی هاوسەرگیریی دووەمی لەگەڵ جۆفری کونتی ئەنجو، ماتیلدا کوانتێسی ئەنجو بووە، بەڵام نازناوی کوانتێس بچووکترە لە نازناوی ئیمپراتۆره، بەڵام ڤیتالیس بە پشتگوێخستنی نازناوی ئیمپراتۆره، کە ماتیلدا سەرەتا وەک هاوسەری هێنری پێنجەمی ئیمپراتۆری ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆز هەڵیگرتبوو، خزمەت بە بێ ناوبانگکردنی دەسەڵات و ئەزموونی ماتیلدا دەکات، بەم شێوەیەش هەوڵەکانی بۆ وەرگرتنی تەختی پاشایەتی دەشێوێنێت. ئەمەو سووکایەتیی زۆرتری پێدەکات، لە نموونەیەکدا ڤیتالیس تەنیا ئاماژە بە ماتیلدا دەکات وەک هاوسەری جۆفری، کونتی ئەنجو، تەنانەت خۆی بە بەکارهێنانی ناوەکەیەوە سەرقاڵ ناکات. ئەگەر ئەم بەرهەمە بە بۆچوونی گشتی کڵێسا لەسەر دۆزی ماتیلدا دابنێین، ئەوا دکارین بێژین کە پیاوانی ئایینی بە گشتی و نووسەرانی کڵێسا بە تایبەتی لایەنگری ستیڤن بوون[٩١].

پێدەچێت پەرتووکی مێژووی پاشاکانی ئینگلتەرا: لە سەرەتاییترین سەردەمەوە تا حوکمڕانی شا ستیڤن (Chronicle of the Kings of England: From the Earliest Period to the Reign of King Stephen)، کە لەلایەن ویلیام لە مالمێسبێرەوە نووسراوە، دیدێکی تاڕادەیەک هاوشێوەی ڤیتالیسی هەیە، ویلیام لە مالمێسبێری بە شێوەیەکی بەرفراوان ئاماژە بە ماتیلدا ناکات وەک ئیمپراتۆره، بەڵکو لەبری ئەوە بە سادەیی بە ماتیلدا ناوی دەبات، دواتر هەندێک ئاماژە بە کچەکەی هێنری یەکەم دەکات، بەڵام لە چوارچێوەی بڕگەیەکدا سەبارەت بە مردنی هێنری پێنجەمی ئیمپراتۆری ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆز، ویلیام لە مالمێسبێری بە کورتی ئاماژە بە ماتیلدا دەکات وەک ئیمپراتۆره[٩٢].

پەرتووکێکی دیکە کە دیدێکی نەگونجاوی دی لەبارەی ماتیلدا دەخاتە ڕوو، پەرتووکی گێستا ستیفانی (Gesta Stephani)یە. نووسەری ئەم پەرتووکە نادیارە، بەڵام وەک لە ناونیشانەکەیدا دەردەکەوێت، لە بەرژەوەندیی ستیڤن نووسراوە. نووسەری ئەم پەرتووکەش هاوشێوەی ئۆردریک ڤیتالیس ئاماژە بە ماتیلدا دەکات، وەک کوانتێسی ئەنجو، لەبری ئیمپراتۆره، بەڵام لەناو ئەم پەرتووکەدا بەکارهێنانی نازناوی کوانتێس، بچووکترین سووکایەتییە بە کەسێتی ماتیلدا، چونکە نووسەر تەنیا بەوەوە نەوەستاوە کە کەڵک لە نازناوی کوانتێسی وەربگرێت بۆ سووککردنی ماتیلدا، بەڵکو لە یەکێک لە حاڵەتە دیارەکاندا زۆرتر دابەزیوە و ئاماژەی بە ماتیلدا داوە وەک خوشکی ڕۆبێرت لە گلۆستێر[٩٣].

به تێڕوانینی ئەو سەردەمە، ئەمە یەکێک لە گەورەترین سووکایەتیی بووە کە بە ماتیلدا کرابێت، چونکە ڕۆبێرت زڕبرای ماتیلدا بووە، واتە کوڕێکی ناشەرعیی بووە و هەر لەبەر ئەمەش شوێنی هێنری باوکی نەگرتووەتەوە و نووسەریش بە مەبەست ئاماژەی بە ماتیلدا کردووە بە خوشکی ڕۆبێرت، بۆئەوەی ماتیلدا دابەزێنێتە ئاستی ڕۆبێرت و بڵێت ماتیلدا شایەنی ئەوە نییە شوێنی هێنری باوکی بگرێتەوە.

لە کۆتاییدا پەرتووکی مێژووی کاروبارەکانی ئینگلیز(The History of English Affairs)، کە لایەن ویلیام لە نیوبۆرگ (William of Newburgh) لە کۆتایی سەدەی دوانزەیەمدا نووسراوە، تێڕوانینێکی تاڕادەیەک هاوسەنگ لەسەر ماتیلدا دەخاتە ڕوو. نووسەر لەم پەرتووکەدا خۆبەخشیی ئاغاکانی بەرانبەر بە ماتیلدا نیشان داوە، لەهەمان کاتدا باسی کەموکورتی و سیفەتە خراپەکانی ماتیلدای کردووە، بە تایبەت خۆبەزلزانی، کە لەو سەردەمەدا زۆرجار بە سیفەتێکی خراپی ژنان دادەنرا. لە ڕاستیدا ویلیام لە نیوبۆرگ لەکاتێکدا خەریکی نووسینی بەرهەمەکەی بووە، کە کێشەی جێنشینی چارەسەر ببوو، بۆیە ڕەنگە ئاشنابوونی ئەو بە ڕووداوەکان وای لێکردبێت پتر مەیلی ئەوەی هەبێت، کە نەرمیی بەرانبەر ماتیلدا نیشان بدات، بە پێچەوانەی دیرۆکنووسانی پێشووەوە، کە بەرانبەری توووند بوون(٩٤).

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، کە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

١. ئیمپراتۆرە ماتیلدا بە یەکێک لە بەناوبانگترین و کاریگەرترین ژنەکانی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا دادەنرێت.

٢. ئیمپراتۆرە ماتیلدا لە تەمەنێکی بچووکدا لە ئیمپراتۆر هێنری پێنجەم مارەکراو و دواتر ڕەوانەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆز کرا و لەوێ بە باشترین شێوە خوێندوویەتی و پەروەردە کراوە، تا ئەو ئەرکانەی وەک ئیمپراتۆرە بۆی دانراوە، بە باشی جێبەجێ بکات، ماتیلداش توانای ئەرکەکانی سەرشانی خۆی ڕابپەڕێنێت تا ئەو ڕادەیەی لە کۆشکی شاهانەی هاوژینەکەیدا بە ماتیلدای باش ناسراو بوو.

٣. ماتیلدا لە کۆشکی هاوسەرەکەیدا ڕۆڵەکانی وەک تکاکار و ڕاسپێری تەختی بینیوە، ئەمەش بە سەرەتا و دەستپێکی ژیانی ڕامیاریی ئەم خانمە دادەنرێت.

٤. ئیمپراتۆرە ماتیلدا بەدرێژایی ماوەی هاوسەرگیریی یەکەمی چەندین جار ڕۆڵی ڕاسپێری تەختی بینیوە، کە ئەم ڕۆڵە ئەزموونی سەرکردایەتیی بە ماتیلدا بەخشی، کە تا کۆتایی ژیانی سوودی پێگەیاند.

٥. هەرچەندە ماتیلدا بەدرێژایی ژیانی چەندین نازناوی پێدراوە، بەڵام خودی خۆی حەزی بە بەکارهێنانی نازناوی ئیمپراتۆرە کردووە و لە زۆربەی ژیانیدا ئەم نازناوەی بەکارهێناوە. لەم ڕووەشەوە مێژوو لەگەڵیدا دادپەروەر بووە و لە مێژوودا بە ئیمپراتۆرە ماتیلدا دەناسرێت.

٦. بە پلەی یەکەم ماتیلدا بەهۆی هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی تەختی ئینگلتەرا و حوکمڕانی لە مافی خۆیدا یاد دەکرێتەوە، کە بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێکی ناوخۆیی لە ئینگلتەرا و نۆرماندی، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە داوای ماتیلدا لەسەر بەمیراتبردنی تەختی ئینگلتەرا بووەتە جێگەی سەرنج، چونکە لەو سەردەمەدا هیچ ژنێک لە ئینگلتەرا تەختی پاشایەتی بە میرات نەگرتبوو، چ جای سەرکردایەتیی سوپا بکات، بۆئەوەی ئاڵنگاریی پاشای تاج لەسەر دانراو بکات. بەم چەشنە ململانێی ماتیلدا لەگەڵ ستیڤن لەسەر تەخت، بە گرنگترین قۆناغی ژیانی ڕامیاریی ماتیلدا دادەنرێت.

٧. هەرچەندە ماتیلدا نەیتوانی بەسەر ستیڤندا سەربکەوێت و هەرگیز نەبووە شاژنی فەرمانڕەوای ئینگلتەرا، بەڵام گەورەترین سەرکەوتنی ئەوە بوو، کە کوڕە گەورەکەی لە ساڵی (١١٥٤)ز تاجی لەسەر دانرا و لەژێر ناوی هێنری دووەم بووە

پاشای ئینگلتەرا. ئەمەو ئیمپراتۆرە ماتیلدا ڕۆڵێکی بەرچاوی وەک ڕاوێژکارێک بۆ کوڕەکەی بینیوە، سەرەتا کاتێک کە کوڕەکەی دوکی نۆرماندی بوو، دواتریش کە بووە پاشای ئینگلتەرا.

٨. ڕەخنەکانی مێژوونووسانی هاوچەرخی ماتیلدا لەسەر کەسێتی ئیمپراتۆرە ماتیلدا ئەوە دەردەخات، کە زۆربەی مێژوونووسان هەوڵیان داوە لە کەسێتی ژنە ناودارەکان بدەن و بەدناویان بکەن، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە بەشێوەیەکی گشتیی گوتاری مێژوونوسی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نێرسالارانە و ژنکوژانە بووە.

٩. لە کۆتاییدا و بە ئاوڕدانەوە لە ژیانی ڕامیاریی ئیمپراتۆرە ماتیلدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە بواری ڕامیارییدا ژنانیش وەک پیاوان ڕۆڵیان بینیوە و کەسانی کاریگەر و گرنگ بوون و جێپەنجەیان بەسەر ڕووداوەکانەوە دیارە.

ئەم ڕۆڵانەی ژنانیش ئەو تیۆرییانە پووچەڵ دەکاتەوە، کە ڕەتیان کردووەتەوە ژنان بتوانن فێری کاروباری حوکمڕانیی ببن.

## توێژینەوەی چوارەم:

# مارگرێت لە ئەنجو و ڕۆڵی لە جەنگەکانی دوو گوڵدا (١٤٥٥-١٤٨٥)ز

## پێشەکی

جەنگەکانی دوو گوڵ، بە یەکێک لە خوێناویترین و وێرانکەرترین جەنگە ناوخۆییەکانی مێژووی ئینگلتەرا دادەنرێت، بێگومان لەم زنجیرە جەنگەدا چەندین کەسێتیی دەرکەوتن، کە ڕەوتی ڕووداوەکانی جەنگەکانیان ئاڕاستە کرد، یەکێک لەو کەسێتییانە مارگرێت لە ئەنجوی شاژنی ئینگلتەرا بوو، کە ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە بەشێک لە ڕووداوەکانی ئەم زنجیرە جەنگانەدا.

ئەوەندەی لای ئێمە زانراوە، تا هەنووکە ڕۆڵی مارگرێت لە ڕووداوەکانی جەنگەکانی دوو گوڵدا بابەتی توێژینەوەیەکی سەربەخۆ نەبووە، کە بە زمانی کوردی نووسرابێت، ئەمەش هۆکار و پاڵنەرمان بوو تا ئەم بابەتە هەڵبژێرین و توێژینەوەیەکی تایبەتی لەبارەوە بنووسین.

ئامانجمان لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، خوێنەرانی کورد ئاشنا بکەین بە ڕۆڵی ژنێک لەناو ڕووداوەکانی جەنگەکانی دوو گوڵدا، کە بە یەکێک لە خوێناوترین و وێرانکتەرین جەنگە ناوخۆییەکانی مێژووی ئینگلتەرا دادەنرێت.

لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا تووشی چەندین گرفت و ئاستەنگ بووین، لەوانە: نەزانینی زمانە ئەوروپییەکان، بەردەست نەبوونی هەندێک لە بەڵگەنامە و سەرچاوەکان.

بەدەر لە پێشەکی و ئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان، ئەم توێژینەوەیە لە شەش تەوەر پێکدێت، لە تەوەری یەکەمدا باسمان لە ژیانی منداڵیی مارگرێت کردووە. لە تەوەری دووەمیشدا هاوسەرگیریی مارگرێتمان لەگەڵ هێنری شەشەمی پاشای ئینگلتەرادا خستووەتە بەر باس. هەرچی تەوەری سێیەمە تایبەتە بە جێپەنجەی مارگرێت بەسەر ئەو ڕووداوانەوە، کە زەمینەی هەڵگیرسانی جەنگەکانی دوو گوڵی خۆش کرد. هۆکارەکانی هەڵگیرسانی جەنگەکان و گرنگترین بۆچوونەکان لەسەر ساڵی دەستپێکی جەنگەکان لە تەوەری چوارەمدا خراونەتە ڕوو. لە تەوەری پێنجەمیشدا ڕۆڵی مارگرێت لە ڕووداوەکانی قۆناغی یەکەمی جەنگەکان خراوەتە ڕوو. لە تەوەری شەشەمیشدا باسمان لە ڕۆڵی مارگرێت لە ڕووداوەکانی قۆناغی دووەمی جەنگەکان کردووە. لە کۆتا تەوەری ئەم توێژینەوەیەشدا، کۆتا ساڵەکانی ژیانی مارگرێتمان خستووەتە بەر باس.

ماوەتەوە بڵێین، کە هیچ کارێکی مرۆڤ بێ هەڵە و کەموکورتی نییە، بەم پێیەش بێت ئەم توێژینەوەی ئێمە لە هەڵە و کەموکورتی بەدەر نییە و هیوادارین خوێنەران بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ئەم توێژینەوەیە بخوێننەوە و لە هەڵە و کەموکورتییەکان ئاگادارمان بکەنەوە.

## تەوەری یەکەم: لەدایکبوون و ژیانی منداڵی مارگرێت

مارگرێت لە (٢٣)ی ئازاری (١٤٢٩)ز هاتووەتەوە دونیاوە[١]. ناوبراو پێنجەم زارۆکی ڕێنێ (René of Anjou)ی دوکی ئەنجو و ئیزابێلای دوکەی لۆرین (Isabella, Duchess of Lorraine) بووە[٢].

جێی گوتنە باوکی مارگرێت، کەسایەتییەکی بەناوبانگ بووە و بە شێوەیەکی گشتی پێی دەگوترا پاشا ڕێنێ. ئەو کوڕێکی بچووکی ئەو خێزانە بووە، کە حوکمڕانیی دوکایەتیی ئەنجویان دەکرد. لەم سۆنگەیەشەوە مارگرێتیش بە مارگرێت لە ئەنجو ناودێر کراوە. هەرچی دایکی مارگرێتە کیژی چارلزی دوکی لۆرین (Charles II, Duke of Lorraine) بوو. ناوبراو خانمێکی گەنجی جوانی گەورە و زۆر تێگەیشتوو بوو، هەروەها میراتگری هەموو موڵک وماڵی باوکیشی بووە[٣].

پاش ئەوەی چارلزی باوکی ئیزابێلا کۆچی دوایی کرد، دەبوو دوکایەتییەکە ببێتە موڵکی ئیزابێلا و هاوژینەکەی، بەڵام لەناکاو پسمامی ئیزابێلا دەرکەوت، کە ناوی ئەنتۆنی لە ڤۆدیمۆنت(Anthony of Vaudemont) بوو. ناوبراو داوای ئەوەی کرد دوکایەتییەکە موڵکی ئەوە. لە ڕاستیدا بە میراتبردنی دوکایەتیی لۆرین مافێکی ڕەوای ئیزابێلا بوو، وەلێ بەهۆی ئەوەی ئەنتۆنی دەسەڵاتی زۆرتری هەبوو، بڕیاری دا دەست بەسەر دوکایەتییەکادا بگرێت، بۆیە لایەنگرانی کۆکردەوە و سوپایەکی تەیار کرد. لە بەرانبەردا ئیزابێلا هەموو هەوڵێکی خۆی دا بۆئەوەی خەڵکی وڵات هان بدات، کە پشتگیری لە دۆزەکەی بکەن. ئەمەو ڕێنێ فەرماندەیی ئەو هێزانەی گرتە ئەستۆ، کە بە ناوی هاوژینەکەیەوە دروستکرابوون و چوو بۆ ئەوەی چاوی بە ئەنتۆنی بکەوێت. ئیزابێلا و منداڵەکانیشی چوونە باژێڕی نانسی، کە ئەوکات باژێڕی سەرەکی لۆرین بوو، هەروەها سەلامەتترین شوێن بوو بۆئەوەی لەوێوە چاوەڕێی ئەنجامی ململانێکان بکات. دواتر ئەنتۆنی و ڕێنێ لە شەڕی بولگنێڤیل (Battle of Bulgnéville) ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لە شەڕەکەدا ڕێنێ شکستی هێنا و بە دیل گیرا. لەم کاتەدا مارگرێت تەمەنی نزیکەی دوو ساڵ بوو[٤].

دوای شەڕەکە ئیزابێلا چاوی بە ئەنتۆنی کەوت و داوای لێ کرد، کە ئاشتی لەگەڵدا بکات و هاوسەرەکەی ئازاد بکات، بەڵام ئەنتۆنی پێی ڕاگەیاند کە ئازادکردنی

ڕێنێ لە دەسەڵاتی ئەو دەرچووە، چونکە ئەو ڕادەستی دوکی بورگەندی کردووە، کە هاوپەیمانی بووە لە شەڕەکەدا و دوکەکەش گەیاندوویەتییە قەڵاکەی لە دیجۆن و لەوێ زیندانیی کردووە، ڕەنگە ئامادە بێت وازی لێبهێنێت ئەگەر پارەی ئازادکردنی بدرێت. هەروەها پێی ڕاگەیاند، کە ئامادەیە بۆ ماوەی شەش مانگ ئاگربەست لەگەڵ ئیزابێلا ئەنجام بدات. ئەوەبوو لە کۆتاییدا ئاگربەست کرا و دوای دانوستانێکی درێژخایەن، چەند مەرجێکی ئاشتی دانران. یەکێک لەو مەرجانە ئەوە بوو، کە ڕێنێ لە بەرانبەر پێدانی بڕە پارەیەکی زۆر بە دوکی بورگەندی، ئازاد دەکرێت، بۆئەوەی ئەم مەرجە جێبەجێ بکرێت، ڕێنێ ئازادکرا تا پارەکە کۆبکاتەوە، بەڵام دوو کوڕی ڕێنێ وەک بارمتە ڕادەستی دوک کران، تا ئەوکاتەی ڕێنێ تەواوی پارەکە دەدات[٥]. یەکێکی دیکە لە مەرجەکانی ئاشتی ئەوە بوو، کە کیژە گەورەکەی ئیزابێلا کە ناوی یۆلانتێ(Yolande) بوو، کە لەو کاتەدا تەمەنی نزیکەی نۆ ساڵ بوو، دەبێتە دەستگیرانی فردریکی کوڕەکەی ئەنتۆی، بۆئەوەی ئەم مەرجە جێبەجێ بکرێت، دەبوو یۆلانتێ دەستبەجێ بگەیەنرێتە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی هاوسەری ئەنتۆنی، کە دایکی هاوسەری داهاتوویەتی. بەم شێوەیە هەموو منداڵەکان لە ئیزابێلا سەندرانەوە، جگە لە مارگرێت، بەڵام لە مارگرێتیش نەگەڕان و ئەویشیان تێوەگلاند، چونکە ئەنتۆن پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد، کە ئەویش دەستگیرانی یەکێک لە لایەنگرەکانی بێت، بۆ زەلیکردنی ڕێنێ و هاوسەرەکەی ئەو کەسەی کە هەڵبژێردرا، بۆئەوەی ببێتە هاوسەری داهاتووی، کونتی سانت پۆل بوو، کە لە شەڕی بولگنێڤیل ڕێنێی بەدیل گرتبوو. هەرچەندە ئەم مەرجانە زۆر سەخت بوون، بەڵام ئیزابێلا ڕەزامەندیی دەربڕی بۆئەوەی هاوسەرەکەی ئازاد بکرێت[٦].

دوای ئەوەی ڕێنێ ئازادکرا، بۆی دەرکەوت کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی، ناتوانێت ئەو پارەیە بەدەستبهێنێت کە دوکەکە بۆ ئازادکردنی داوای دەکرد. بەم پێیە بۆئەوەی کوڕەکانی ڕزگار بکات، کە وەک بارمتە ڕادەستی دوکەکەی کردبوو، ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆ دیجۆن و خۆی ڕادەست بکاتەوە. دوکەکە ڕێنێی لە ژوورێکی سەرەوەی لە بورجێکی قەڵای دیجۆن زیندانیی کرد، کە بۆ چەند ساڵێک لەوێ مایەوە و یەکێکیش لە کوڕەکانی لەگەڵیدا هێڵدرایەوە، بەڵام ئەوی دیکەیان ئازادکرا. مارگرێتی منداڵیش کە باس لەوە کراوە، لەو کاتەدا منداڵێکی زۆر جوان و زیرەک بووە، لەگەڵ دایکیدا مایەوە[٧].

لە ساڵی (١٤٣٦)ز-دا لویس (Louis III of Anjou)ی پاشای ناپۆلی و برا گەورەکەی ڕێنێ، لە کۆتا ساتەکانی ژیانیدا ڕێنێی وەک میراتگری خۆی دەستنیشان کرد. لەم کاتەدا ڕێنێ هێشتا لە قەڵای دیجۆن دیل بوو و نەیدەتوانی هیچ بکات بۆئەوەی مافی خۆی لەسەر ئەم میراتە نوێیە دووپات بکاتەوە. لەبری ئەو، ئیزابێلا لەگەڵ ئەو دوو منداڵەی کە لەژێر چاودێریی ئەودا مابوونەوە، کە ئەوانیش لویس و مارگرێت بوون، لە مارسیلیاوە بەرەو ناپۆلی ڕۆیشت. پاشان ئەوان لە کاپوا نیشتەجێ بوون و ئیزابێلا نازناوی شاژنی وەرگرت، هەروەها بووە هۆی ئەوەی مێردەکەی بە پاشا بناسێنرێت[٨].

دوای ماوەیەک لە مانەوە لە کاپوا، ڕێنێ ڕزگاری بوو و بە خێزانەکەی شادبووەوە، بەڵام زۆر چێژیان لەم بەیەکگەیشتنەوەیە وەرنەگرت و بەهۆی ئەوەی مافی وی بۆ شانشینی ناپۆلی جێی مشتومڕ بوو، ئیتاڵیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ فەرەنسا. گەڕانەوەی ئەم خێزانە بۆ فەرەنسا وەک ئەوە وابوو بچنە ناو دۆزەخەوە، چونکە ئینگلیزەکان ئەنجو و لۆرینیان داگیرکردبوو و دەتوانین بڵێین ئەو خێزانە بێ ماڵ و حاڵ بوون. دوای گەڕانەوەیان بۆ فەرەنسا و ئیزابێلا لەگەڵ منداڵەکانیدا جارجارە پەنایان دەبردە بەر یەکێک لە خێزانە گەورەکان، کە خزمایەتییان لەگەڵدا هەبوو و لەگەڵیان دەژیان، بە تایبەت شاژنی فەرەنسا، کە خزمێکی نزیک بوو. ڕێنێش بە سەرگەردانیی دەژیا و نازناوی پاشا هیچی بۆ نەهێنا و تا کۆتایی ژیانی پاشایەکی بێ شانشین بوو، لەگەڵ ئەوەشدا نازناوەکەی پاراست و تا ئێستاش بە پاشا ڕێنێ دەناسرێت[٩].

جێی گوتنە کە لە سەرەتادا مارگرێت لەلایەن دایەنێکی دڵسۆز بە ناوی تیۆفانی(Theophanie la Magine) بەخێوکرا و پەروەردە بوو، دواتر کە چوونە ئیتاڵیا دایکی گرنگی بە بەردەوامبوونی پرۆسەی پەروەردەی کیژەکەی دا و لەوێ مارگرێت لەژێر چاودێریی دایکیدا پەروەردە بوو[١٠].

وەک پێشتر باسکرا، باوکی مارگرێت ڕەزامەندیی دەربڕی کە مارگرێت لەگەڵ کوڕێکی کونتی سەینت پۆل هاوسەرگیریی بکات، بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەی باوکی مارگرێت نەیتوانی پارەی پێویست بۆ ئازادکردنی خۆی کۆبکاتەوە و لەدیلێتدا مایەوە، بۆیە ڕێکەوتننامەکە جێبەجێ نەکرا و ئەو هاوسەرگیرییەش کە بڕیاربوو ئەنجام بدرێت، هەرگیز ئەنجام نەدرا[١١]. پاشان چەندین جار داواخوازی مارگرێت کرا، بەڵام دایکی هەموویانی ڕەتکردەوە، چونکە ئیزابێلا زۆر شانازیی

بە کچەکەیەوە دەکرد و پڕۆسەی هاوسەرگیریی ئەوی بە چارەنووسساز دەزانی، بۆیە بە هیچ شێوەیەک مەیلی ئەوەی نەبوو کە پەلە بکات لەوەی کیژەکەی بەشوود بدات[١٢]. لەکۆتاییدا مارگرێت لەگەڵ هێنری شەشەمی پاشای ئینگلتەرا هاوسەرگیریی کرد، کە لە تەوەری دووەمدا بەوردیی دەربارەی ئەم هاوسەرگیرییە دەدوێین.

## تەوەری دووەم: هاوسەرگیریی مارگرێت لەگەڵ هێنری شەشەمی پاشای ئینگلتەرادا

مارگرێت کەنیشکێکی جوان بووە و جوانییەکەی لە فەرەنسا و ئینگلتەرادا دەنگی دابووەوە[١٣]. وەک باس دەکرێت پیاوێک بە ناوی شامپچیڤرییێر (Champchevrier)، کە لە کاتی جەنگەکانی نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرادا لە ئەنجو بە دیل گیرابوو، بەڵام ئەو سوارچاکەی کە گرتبووی، لە زینداندا نەیهێشتەوە، بەڵکو ڕێگەی پێدا لە ئینگلتەرا بە ئازادی بسوڕێتەوە، بەو مەرجەی سوێند بە شکۆی خۆی بخوات، کە هەڵنایەت و ناگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی تاوەکو پارەی ئازادکردنی دەدرێت. ئەم پیاوە زۆرجار لەگەڵ پاشا گفتوگۆی دەکرد لە یەکێک لەو چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ پاشادا پەسنی جوانی و زیرەکی و سەرنجڕاکێشیی مارگرێتی کرد. لە بەرانبەردا پاشا وتی: زۆر حەزم لێیە وێنەی خانمە گەنجەکە ببینم. شامپچیڤرییێر وەڵامی دایەوە، کە دەتوانێت بە ئاسانی وێنەی ئەو بۆ جەنابی پاشا بەدەست بهێنێت، ئەگەر جەنابی پاشا ڕاییسپێرێت کە بۆ ئەو مەبەستە بچێتە لۆرین. پاشاش ڕەزامەندیی دەبڕی و پیاوەکە لەگەڵ ویلیام دی لا پۆلی دوکی سۆفۆلک( ١st Duke ,William de la Pole of Suffolk) چوو بۆ لۆرین، کە ئەوکات مارگرێت لەگەڵ دایکیدا لەوێ دەژیا، هەر لەوێش لەلایەن یەکێک لە هونەرمەندەکانی فەرەنساوە نیگارێکی مارگرێت کێشرا، دواتر شامپچیڤرییێر و ویلیام گەڕانەوە بۆ ئینگلتەرا. ئەو سوارچاکەی شامپچیڤرییێری بەدیل گرتبوو، دوای ئەوەی بیستی کە دیلەکەی ئینگلتەرای بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ فەرەنسا، توڕە بوو و پێی وابوو کە ویلیام بەڵێنەکەی شکاندووە. بۆیە ئەو سوارچاکە چووە لای هامفری دوکی گلۆستێر (Humphrey, Duke of Gloucester) و داوای لێ کرد، کە نامەیەک بۆ چارلزی حەوتەمی پاشای فەرەنسا بنووسێت و ئاگاداری بکاتەوە کە شامپچیڤرییێر هەڵاتووە و داوای لێ بکات داڵدەی نەدات و بینێرێتەوە. هامفرییش نامەیەکی نووسی و ناردی بۆ پاشای فەرەنسا. کاتێک پاشای فەرەنسا نامەکەی بەدەست گەیشت و خوێندییەوە شامپچیڤرییێر و یاوەرەکەی لە ڕێگادا بوون بۆئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئینگلتەرا، بەڵام ڕێگریی لێکرا و هێنرایە بەردەم پاشا، شامپچیڤرییێر بە پاشای وت، کە بە هیچ شێوەیەک بەڵێنەکەی نەشکاندووە، بەڵکو بە فەرمانی پاشای ئینگلتەرا هاتووەتە فەرەنسا، هەروەها ڕوونی کردەوە کە بۆ چی هاتووە و ئەو نیگارەی کە هەڵیگرتبوو بۆ پاشا، پیشانی

چارلزی دا. بۆ سەلماندنی ڕاستیی ئەو قسانەی کە گوتبووی ئەو بەڵگە نووسراوەی ڕێپێدانەکەی (safe–conduct)، کە پاشای ئینگلتەرای پیشاندا، کە شا هێنری پێی بەخشیبوو. پاشای فەڕەنسا زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە پاشای ئینگتلەرا ئەندێشەی بۆ خانمێک هەیە، کە نزیکە لە بنەماڵەی شاهانەی فەڕەنساوە و پێی وابوو، کە ڕەنگە هاوسەرگیرییەکی لەو شێوەیە ببێتە هۆی ئاشتی لەگەڵ ئینگلتەرا، بۆیە پێشنیاری کرد کە بە زووترین کات بەرەو ئینگلتەرا بڕوات و لەوێ هەموو هەوڵێکی خۆی بدات، بۆئەوەی شا هێنری هان بدات کە مارگرێت وەک هاوسەر و شاژنی داهاتووی خۆی هەڵبژێرێت. شامپچیڤرییریش گەڕایەوە بۆ ئینگلتەرا و ئەنجامی ئەرکەکەی خۆی ڕاگەیاند. پادشا زۆر دڵخۆش بوو بەو نیگارە و یەکسەر بڕیاری دا جارێکی دیکە شامپچیڤرییر بنێرێتەوە بۆ لۆرین بۆ ئەرکێکی نهێنی بۆ لای دایکی مارگرێت، بەڵام سەرەتا بڕیاری دا شامپچیڤرییر بە تەواوی ئازاد بکات، بۆیە خۆی پارەی ئازادکردنی دا[١٤].

بێگومان هامفری و لایەنگرانی، کە نەیاری ویلیام بوون، بە توندیی دژی ئەوە بوون پاشا لەگەڵ مارگرێت هاوسەرگیریی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش کەوتە ناو کێبڕکێیەکی درێژخایەنەوە لەگەڵ ویلیام و لایەنگرانی، تا دواجار ویلیام سەرکەوت و لە ساڵی (١٤٤٤)ز-دا بە فەرمی نوێنەرەکان لەلایەن حکومەتەکانی ئینگلتەرا و فەڕەنساوە دەستنیشان کران، بۆئەوەی لە شاری تۆرس لە ڕۆژێکی دیاریکراودا کۆببنەوە، بۆ دانوستاندن لەسەر ئاگربەست لەنێوان هەردوو وڵاتدا و ئامادەکاریی بۆ ئاشتییەکی هەمیشەیی. بڕیاربوو کە شا هێنری لەگەڵ مارگرێت هاوسەرگیریی بکات و ئاگربەستێک بۆ ماوەی دوو ساڵ ڕابگەیەنرێت، بۆئەوەی کە کاتی تەواو هەبێت بۆ ڕێکخستنی هەموو وردەکارییەکانی ئاشتی نێوان هەردوو وڵاتەکە[١٥].

کاتێک کە هەواڵی ئەم ئاگربەستە گەیشتە ئینگلتەرا، دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا و هامفری و لایەنگرانی حیزبێکی سیاسیی بەهێزیان پێکهێنا بۆ دژایەتیکردنی ئاشتی. ئەوان بە ئاشکرا بەرانبەر بە هاوسەرگیرییەکە نارازیی نەبوون، بەڵکو دژی پلانی ئاشتی بوون لەگەڵ فەڕەنسادا. ئەو گفتوگۆ و ناکۆکییانەی کە لە کۆشک و پەرلەماندا لەسەر ئەم بابەتە سەریان هەڵدا، زۆر توند بوون، بەڵام لە کۆتاییدا هێنری بیوفۆرت و حیزبەکەی سەرکەوتوو بوون و پاشا ویلیامی وەک باڵیۆزی خۆی لە کۆشکی فەڕەنسا دانا بۆ دانوستاندن لەسەر مەرج و ڕێساکانی ئەو ئاشتییە هەمیشەییەی کە بڕیاربوو لەنێوان هەردوو وڵاتدا بکرێت. لەهەمان کاتیشدا

ڕاسپێردا بۆئەوەی داخوازیی مارگرێت لە باوکی کیژەکە بکات و لەسەر مەرجەکانی هاوسەرگیرییە لەگەڵ خێزانی کیژەکە بگەنە ڕێککەوتنێک[١٦].

هەرچەندە لەو کاتەدا ڕێنێ چەندین نازناوی وەک پاشای ناپۆلی و سیسیلیا و قودس، هەروەها کونتی سەروەریی پرۆڤانس و ئەنجو و مەینی هەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم نازناوانە هیچیان بۆ نەهێنا و لە ڕووی ماددییەوە هەژار بوو. هەر ئەم هەژارییەشی بوو کە ڕەزامەندیی دەربڕی لەسەر هاوسەرگیرییەکە، بەو مەرجەی کە مارەیی کچەی نادات، هەروەها داوای کرد کە هێنری موڵک و ماڵی میراتی خۆی لە ئەنجو و مەین بۆ بگەڕێنێتەوە، کە لێی زەوتکرابوو[١٧]. دواتر ویلیام گەڕایەوە بۆ ئینگلتەرا و پەیمانی ئاشتی و گرێبەستی هاوسەرگیریی لەگەڵ خۆی هێنا، بۆئەوەی لەلایەن ئەنجوومەنی پاشا و پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت. دیسان کێبڕکێیەکی نوێ لەنێوان لایەنگرانی هامفری و هێنری بیوفۆرتدا دەستی پێکرد. لەم نێوەندەدا پاشا چووە پاڵ هێنری بیوفۆرت و لە ئەنجامدا پەیماننامەکە و گرێبەستەکە پەسەند کران و ویلیامیش وەک پاداشتێک بۆ خزمەتەکانی کرا بە مارکیز (marquis)و وەک وەکالەتی پاشا دەستنیشانکرا، بۆئەوەی بچێتە فەڕەنسا و بە ناوی پاشاوە هاوسەرگیریی لەگەڵ بووکەکەدا بکات[١٨].

شایەنی باسە، لە کڵێسای سانت مارتن لە نانسی، لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٤٤٤) ز-دا و لە تەمەنی پانزە ساڵیدا مارگرێت بە وەکالەت هاوسەرگیریی کرد. مەراسیمەکە بە ئامادەبوونی باوک و دایکی بووک و ماری لە ئەنجوی شاژنی فەڕەنسا و چارلزی حەوتەم و چەندین کەسی دیکەی پلەبەرز لە هەردوو شانشینییەکەدا، ئەنجامدرا[١٩]. مارگرێت نزیکەی شەش مانگ لە فەڕەنسادا مایەوە هۆکارەکەشی ئەوەبوو، پەرلەمان تا لە (٢٥)ی شوباتی (١٤٤٥)ز کۆنەبووەوە و ڕەزامەندیی لەسەر خەرجییەکانی ئاگربەست و هاوسەرگیرییەکە دەرنەبڕی[٢٠]. دوای ئەوەی خەرجیی ئاگربەست و هاوسەرگیرییە دابینکرا، مارگرێت بە یاوەریی ویلیام دەستی بە گەشتەکەی کرد بۆ ئینگلتەرا، بۆئەوەی شا هێنری بناسێت، کە بە وەکالەت هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردبوو. لە ڕێگاکەیدا بەناو نۆرماندیدا تێپەڕی، کە موڵک و ماڵی هێنری بوو لە فەڕەنسا، لەوێ لەلایەن ڕیچاردی دوکی یۆرک( ٣rd Duke ,Richard of York of York) و حاکمی نۆرماندییەوە بە شێوەیەکی شاهانە پێشوازیی لێکرا، دواتر بە کەشتی پەڕییەوە ئینگلتەرا و لە (٩)ی نیسانی (١٤٤٥)ز لە پۆرتامۆس دابەزی[٢١]. کاتێک مارگرێت گەیشتە ئینگلتەرا، سەرەڕای ناڕازیبوونی میللەت لە نەبوونی مارەیی،

سووکایەتیکردنیان بە هەژاریی باوکی و ئەو خزمایەتییەی کە لەگەڵ بنەماڵەی شاهانەی فەڕەنسا هەیانبوو، بەڵام جوانیی مارگرێت بووە هۆی ئەوەی کە لەلایەن گەلی ئینگلیزەوە بە جۆش و خرۆشەوە پێشوازییەکی باشی لێ بکرێت، بەجۆرێک، باس لەوە دەکرێت کە خەڵکێکی زۆر لە دەوروبەری بووکەکە کۆبوونەتەوە و فشاریان خستووەتە سەر یەکتر بۆئەوەی جوانیی بووکەکە بە چاوی خۆیان ببینن[٢٢].

هێنری و مارگرێت لە (٣٣)ی نیسانی (١٤٤٥)ز-دا، هاوسەرگیرییان کرد و ئاهەنگی هاوسەرگیرییان لە تیچفیلْددا بەڕێوەچوو، پاشان مارگرێت لە هەژدەیەمین ڕۆژی مانگی ئایاردا هاتە ناو لەندەن، لەوێ لەلایەن هەموو ئاغاکانی ئینگلتەرا و بە تایبەتی لەلایەن دوکی گلۆستێرەوە پێشوازی لێکرا، کە بە توندیی دژی ئەو هاوسەرگیرییە بوو[٢٣]. پاشان مارگرێت لە وێستمینستەر و لە (٣٠)ی ئایاریش تاجی شاژنی لەسەر دانرا و بە فەرمی بووە شاژنی ئینگلتەرا[٢٤].

## تەوەری سێیەم: جێپەنجەی مارگرێت بەسەر ئەو ڕووداوانەوە کە زەمینەی هەڵگیرسانی جەنگەکانی دوو گوڵی خۆشکرد

بێگومان پاشخان و ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی جەنگەکانی دوو گوڵ زۆر قوڵە و لەم تەوەرەیەدا ئێمە ناتوانین بەوردیی باسیان لێوە بکەین، بەڵکو تەنێ ئاماژە بە گرنگترین ئەو ڕووداوانـەی، کە زەمینەی هەڵگیرسانی جەنگەکانی خۆشکرد و مارگرێت تێیاندا بەشدار بووە، دەکەین، بە تایبەت ئەو ڕووداوانەی کە ناوبراو ڕۆڵی سەرەکی تێیاندا بینیوە.

کاتێک مارگرێت هاتە ئینگلتەرا، تەمەنی شانزە ساڵ بوو، ناوبراو پەروەردەیەکی باش کرابوو، هەروەها پڕ بوو لە شانازیی و ئازایی و بەرزخوازیی و زیرەکی. ئەو کە مەیلی حوکمڕانیی هەبوو. یەکسەر دەستی کرد بە بەشداریکردنی چالاکانە لە هەموو شتێکی دەوروبەریدا. دەوترێت یەکەم کردەوەی ڕامیاریی ئەو، نامەیەک بوو بۆ پاشای فەڕەنسا و داوای لێکردبوو ئاشتی بەردەوام بێت لەگەڵ ئینگلتەرا[٢٥].

هەرچەندە مارگرێت شاژنی ئینگلتەرا بوو، بەڵام بەهۆی کەمیی تەمەنییەوە بۆ شاژنێتی گونجاو نەبوو، بەهۆی ئەوەی ژنێکی پێنەگەیشتوو بوو، لەبری ئەوەی دۆستی زۆرتر بۆ خۆی دروست بکات، دوژمنی بۆ خۆی دروستکرد، ئەو دوژمنەش دوکی گلۆستێر بوو، کە مارگرێت ڕقێکی زۆری لێ هەڵگرتبوو و وەک دوژمنی سروشتی خۆی سەیری دەکرد، چونکە دژی هاوسەرگیریی ئەو و پاشا بوو. هەر ئەم ڕقەش وای لە مارگرێتی بێئەزموون کرد، بەو گیانەی کە لایەنگرانی ئاواتیان دەخواست، بچێتە ناو ململانێیەکانەوە، بە جۆرێک کە دەسەڵات و کاریگەرییەکانی خۆی بەکارهێنا، بۆئەوەی هێنری بیوفۆرت و ویلیام کە پشتگیریی هاوسەرگیرییەکەیان کردبوو، پتر لە پاشا نزیک ببنەوە و تا لەو ڕێگەیەوە بەتەواوی کۆنترۆڵی کۆشک و حکومەتە بگرنە دەست[٢٦].

مارگرێت ئەوەندە بەهێز بوو، کە هەموو هەڤاڵەکانی هێنایە ناو ئەنجوومەنی پاشاوە، کە زۆرجار پێی دەگوترا ئەنجوومەنی تایبەت. ئەمەو هەموو ئەوانەشی دەرکرد، کە بە هەر شێوەیەک بێت نەیاری سیاسەتەکەی بوون[٢٧].

لە ساڵی (١٤٤٧)ز-دا هامفری بە تۆمەتی ناپاکیی دەستگیرکرا، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بووبێت، کە ناوبراو، خۆشەویستی خەڵک و میراتگری تەخت بووە، هەروەها

بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی هەژموونی شاژن مەیلی مەترسیداری نیشاندابوو، بۆئەوەی دۆزێکی هاوبەش لەگەڵ ڕیچاردی دوکی یۆرکدا دروست بکات، هەر لەم سۆنگەیەشەوە هەندێک لە مێژوونووسان شیمانەی ئەوەیان کردووە، کە هاوپەیمانیی نێوان ڕیچاردی دوکی یۆرک و هامفری ئەوەندە مەترسیدار بووە، کە بۆ ڕێگریکردن لەو هاوپەیمانێتییە، سیاسەتمەدارە خراپەکانی ناو کابینەکەی شا هێنری، پلانیان داڕشتووە بۆئەوەی لەو نەیارە ترسناکەیان ڕزگاریان بێت. پاشان دوای حەڤدە ڕۆژ لە دەستگیرکردنی بە مردوویی لە جێگاکەیدا دۆزرایەوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەقینە نییە هامفری کوژرابێت، چونکە لایەنگرێکی هاوچەرخ و گەرمی دوکی گلۆستێر دەڵێت، کە بەهۆی نەخۆشییەکەوە مردووە، هەروەها نە مێژوونووس ویلیام لە ورسیستەر(William of Worcester) و نە هیچ نووسەرێکی هاوچەرخی دیکە هەوڵیان نەداوە شاژن لەو ڕووداوەوە تێوە بگلێنن[٢٨].

ماوەیەکی زۆر کورت دوای مردنی هامفری، هێنری بیوفۆرتی کۆنە ڕکابەری هامفرییش کۆچی دوایی کرد. ئەو قسەوباسەی کە گلۆستێر کوژراوە و ئەو ڕاستییەی کە هێنری بیوفۆرت بەدوایدا ڕۆیشتە ناو گۆڕ، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ئەندێشەی خەڵک دروستکرد و ناڕەزایی بە ئاشکرا لە دژی ویلیام و سیاسەتەکەی دەستی پێکرد[٢٩]. دۆخەکە خراپتر بوو کاتێک لە ساڵی (١٤٤٨)ز-دا جەنگ دەستی پێ کردەوە و هێزەکانی ئینگلیز لە شەڕەکەیاندا لەگەڵ فەڕەنسا داڕما، بۆیە پاشا ناچاربوو پەرلەمان بانگهێشت بکات بۆئەوەی لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٤٤٩)ز-دا کۆببێتەوە، بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ هێزەکانی ئینگلیز. لە ژانویەی (١٤٥٠)ز-دا ڕیچاردی دوکی یۆرک سەرکردایەتیی بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی کرد لەناو پەرلەماندا و ویلیامی دوکی سۆفۆلکیش بە ناپاکی تۆمەتبار کرا، چونکە کەمتەرخەم بووە لە بەرگریکردن لە نۆرماندی، هەروەها ڕوون بوو کە دوژمنانی ویلیام لە پەرلەمان بڕیاریان داوە لەسێدارەی بدەن[٣٠].

ئەمەش وایکرد شا هێنری شەشەم دەستتێوەردان بکات، بۆئەوەی ژیانی هەڤاڵ و ڕاوێژکارەکەی ڕزگار بکات و تا بتوانێت بەرگریی لێ بکات. بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاری دا سەرۆکایەتیی لیژنەی دادگاییکردنەکەی بکات و فشاری خستە سەر ئەنجوومەنی لۆردەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزاکە و کەمکردنەوەی تۆمەتەکانی سەر ویلیام. لە ئەنجامدا پەرلەمان فەرمانی زیندانیکردنی دەرکرد و دواتر فەرمانی دەرکردنی لە ئینگلتەرا بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەکرد، بەڵام هەر کە ویلیام بە کەشتی بەرەو مێلفا لە

کالێس ڕۆیشت، بە شێوەیەکی نهێنی کوژرا. ئەمە پاشای دڵتەنگ کرد و شاژنیش کە زۆر خۆشیدەویست، ناشتنێکی فەرمی بۆ ئەنجامدا[٣١].

سەرەڕای سەرکۆنەکردن و کوشتنی ویلیام، هێنری شەشەم گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە بازنەی کەسانی نزیک لە خۆی نەکرد، ئەوە نەبێت کە ئێدمۆندی بیوفۆرتی دوکی سۆمەرسێت(Edmund Beaufort, 2nd Duke of Somerset) بوو بە جێگرەوەیەک بۆ ویلیام. هەڵبژاردنی ئێدمۆند جارێکی دیکە ئاغاکان و پەرلەمانی ورووژاند، بە تایبەت دوای ئەوەی ئێدمۆند تۆمەتبار بوو بە خراپ بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، تەنانەت بابەتەکە گەیشتبووە ئەو ئاستەی، کە دوای شکستی سوپای ئینگلیز لە شەڕی فۆرمینی(Battle of Formigny) لە مانگی ئازاری ساڵی (١٤٥٠) ز-دا بە ناپاکیی تۆمەتبار بکرێت[٣٢].

ناڕازیبوون لە شکستەکانی ئینگلیز لە جەنگی سەد ساڵە و سیاسەتە ناوخۆییەکانی شا هێنری شەشەم و کەسانی نزیکی لە هاوینی ساڵی (١٤٥٠)ز-دا گەیشتە ترۆپک، کاتێک یاخیبوونی جاک کید (Jack Cade's Rebellion) سەریهەڵدا، ئەم یاخیبوونە ڕاپەڕینێکی جەماوەریی بوو، کە ئامانجەکانی بریتیبوون لە ڕووخاندنی پارتی دەسەڵاتدار و کۆتاییهێنان بە گەندەڵی دارایی و چەوساندنەوەی بەرپرسانی پاشا. شا هێنری و ڕاوێژکارەکانی باوەڕیان وابوو، کە ڕیچاردی دوکی یۆرک هاندەری شاراوەی پشت ئەم یاخیبوونە بووە، چونکە داواکارییەکی یاخیبووان بریتیبوو لە دەرکردنی هەموو ئەو ڕاوێژکارانەی کە لە سەردەمی ویلیامدا بوون و دانانی شازادە شاهانەییەکانی وەک ڕیچاردی دوکی یۆرک لە شوێنیان، بەڵام یاخیبووان ڕەتیان کردەوە، کە ئەو هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە هەبێت و هێزێکی یاخیبووان چوونە ناو لەندەنەوە، بەڵام نەیانتوانی حکومەت بڕوخێنن و دوای لەسێدارەدانی سەرکردەکەیان، ڕاپەڕینەکە سەرکوتکرا[٣٣].

کاتێک ئەم ڕاپەڕینە سەری هەڵدا، ڕیچارد لە ئیرلەندا بوو، چونکە کەوتبووە بەر ڕقی مارگرێت، لەبەرئەوەی بە میراتگری گریمانەی تەخت دادەنرا و بەهۆی کاریگەریی مارگرێتەوە، لە ئیدارەی شاهانەدا دوورخرابووەوە و لە ئیرلەندا پۆستی پێدرابوو[٣٤]. ڕیچارد لە ماوەی مانەوەی لە ئیرلەندا توانی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ هۆزی ئۆنیڵ دروست بکات، کە یەکێک بوو لە گەورەترین هۆزەکانی ئیرلەندا، جگە لەوەش ڕیچارد لەنێو بەشێکی زۆری ئاغاکاندا پێگەی هەبوو، هەر بۆیە ئەویش بوو تامەزرۆی گەڕانەوەی بوو بۆ ئینگلتەرا، بۆئەوەی لە ڕووداوە سیاسییەکانی ئەوێ

نزیک بێتەوە، بە تایبەت کە زۆر ناڕازی بوو لە هەڵبژاردنی ئێدمۆند وەک جێگرەوەیەک بۆ ویلیام و پێی وابوو، کە خۆی شایستەی ئەم پۆستەیە، بۆیە هەر کە یاخیبوونی جاک کەید سەریهەڵدا، گەڕایەوە بۆ ئینگلتەرا و چوار هەزار شوێنکەوتووی کۆکردەوە بە هیوای ئەوەی چاکسازیی لە شانشینییەکەدا ئەنجام بدات، بەڵام دوای ئەوەی پاشا گفتی پێدا کە بە فەرمی لەلایەن پاشاوە پێشوازیی لێدەکرێت و ڕێگریی لێ ناکرێت لە بەشداریکردن لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی داهاتوودا. ڕیچاردیش پاشەکشەی کرد و گەڕایەوە بۆ قەڵای فۆزۆرینگە[٣٥].

ئینگلیزەکان لە شەڕی کاستیلۆن(Battle of Castillon) لە تەممووزی ساڵی (١٤٥٣) ز-دا شکستیان هێنا، تەنانەت فەرمانده‌ی هێزەکانی ئینگلیز، کە جۆن تالبۆت (John Talbot) کوژرا[٣٦]. ئەم شەڕە کۆتا شەڕی جەنگی سەد ساڵە بوو. بەم شێوەیە دوای نزیکەی سەدەیەک لە شەڕی پچڕپچڕ، هەوڵی ئینگلیزەکان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی پاشایەتی لە فەڕەنسا، بە کارەسات کۆتایی هات و بە تەنیا کالیس لە ئەنجامی ڕشتی خوێن و خەرجکردنی پارەیەکی زۆر مایەوە[٣٧].

دوای ماوەیەکیش لە شکستی ئینگلتەرا لە جەنگی سەد ساڵەدا، بەدیاریکراویی لە مانگی ئابی ساڵی (١٤٥٣)ز-دا هێنری شەشەم شێت بوو، ئەمەش کۆتایی بە دەسەڵاتی مارگرێت هێنا، چونکە ئێستا پاشا پێویستی بە ڕاسپێری تەخت هەبوو، بەڵام دوای لەدایکبوونی کوڕەکەی لە مانگی ئۆکتۆبەردا، پێگەی مارگرێت بەهێز بوو، ڕەنگە ئیرەیی ڕکابەرەکانیشی زیدەتر کردبێت. پاشان مارگرێت داوای لە پەرلەمان کرد کە پۆستی ڕاسپێری تەختی پێ بدەن، بەڵام لەلایەن خەڵکەوە ناپەسەند بوو، بۆیە داواکارییە جێبەجێ نەکرا. لەبری ئەو، ڕیچاردی دوکی یۆرک کرا بە ڕاسپێری تەخت. ئێستا بۆ یەکەمجار مارگرێت خۆی بینی، کە بە تەواوی بێدەسەڵاتە لە کاروباری شانشینەکەدا، چونکە پێشتر ساڵانێک بە ناوی هاوسەرەکەیەوە حوکمڕانیی کردبوو[٣٨].

لەکاتێکدا ڕیچاردی دوکی یۆرک پارێزەر بوو، ئێدمۆند و دوکی ئێکستەر زیندانیی کران. دوای ئەوەی هێنری شەشەم لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٤٥٤)ز-دا چاکبووەوە، ڕیچاردی دوکی یۆرک ناچار بوو واز لە پارێزگارییەکەی بهێنێت و ئێدمۆند دەسەڵاتی وەرگرتەوە، بەڵام دواجار هەردوو لایەنەکە لە مانگی ئایاری ساڵی (١٤٥٥)ز-دا و لە یەکەم شەڕی سانت ئەلبانس(First Battle of St Albans) دا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، کە بەزۆری بە سەرەتای جەنگەکان دادەنرێت[٣٩].

## تەوەری چوارەم: هۆکارەکانی هەڵگیرسانی جەنگەکانی دوو گوڵ و گرنگترین بۆچوونەکان لەسەر ساڵی دەستپێکی جەنگەکان

سەرەتا پێش ئەوەی باس لە گرنگترین هۆکارەکانی هەڵگیرسانی جەنگەکان بکەین، وا باشە لەبارەی هۆکاری ناونانی بە جەنگەگانی دوو گوڵ (Wars of the Rosses) بدوێین.

هەر زوو دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سەد ساڵە، زنجیرە جەنگێکی ناوخۆیی لە ئینگلتەرا هەڵگیرسا، کە بۆ ماوەی نزیکەی سی ساڵ (١٤٥٥-١٤٨٥)ز بەردەوام بوو، ئەم جەنگانە لە مێژوودا بە جەنگەکانی دوو گوڵ ناسراوە، هۆکاری ئەم ناونانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردوو لایەنی سەرەکی جەنگەکان دروشم و ئاڵایان گوڵ بوو، بەجۆرێک کە ئاڵای یۆرکەکان گوڵی سپی بوو و دواتر لانکستەرەکان گوڵی سووریان کردە ئاڵای خۆیان[٤٠].

لە ڕاستیدا لە پشت هەڵگیرسانی جەنگەکانی دوو گوڵەوە، چەندین هۆکار هەن، هەوڵدەدەین بە چەند خاڵێک گرنگترین هۆکارەکانی هەڵگیرسانی ئەم زنجیرە جەنگانە بخەینە ڕوو:

١. سەرەکیترین هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگەکانی دوو گوڵ، بریتیبوو لە ململانێی نێوان ئاغاکان لەسەر دەسەڵات[٤١].

٢. هەرچەندە هێنری کەسێکی خواپەرست و باش بوو، بەڵام پیاوێکی لاواز بوو و نەیتوانی کۆنترۆڵی وڵاتەکەی بکات، ئەمەش وایکرد ڕیچاردی دوکی یۆرک داوای دەسەڵات بکات لەسەر بنەمای ئەوەی، کە نەوەی ئێدواردی سێیەمە، ئەمەش بووە هۆی دابەشبوونی شانشینییەکە، کە دواجار سەری کێشا بۆ هەڵگیرسانی جەنگێکی ناوخۆیی، کە بە جەنگەکانی دوو گوڵ ناسراوە[٤٢].

٣. هۆکاری تایبەت و ڕاستەوخۆی هەڵگیرسانی ئەم جەنگانە، ئەوە بوو کە هێنری شەشەم دوای لەدەستدانی موڵک و ماڵی ئینگلیزەکان لە فەڕەنسا (جگە لە کالیس) شێت بوو. لەم کاتەدا پێویست بوو کەسێک بکرێت بە ڕاسپێری تەخت. دواتر دەسەڵاتی ڕاسپێری تەخت درا بە ڕیچاردی دوکی یۆرک، کە هیوای دەخواست دوای مردنی هێنری شەشەم شوێنی بگرێتەوە و بچێتە سەر تەختی پاشایەتی، بەڵام شاژن مارگرێت کوڕێکی بوو و پێداگریی کرد لەسەر مافەکانی ئەو لەسەر تەختی پاشایەتی و شازادەکانی ماڵی لانکستەریش پشتگیرییان لێ دەکرد. لەدایکبووی ئەم کوڕەکە

کۆتایی خەونی ڕیچارد بۆ وەرگرتنی تەختی پاشایەتی بە ئاشتی هێنا و ناچار بوو دەست بداتە چەک تا پاشا هێنری لەسەر تەخت دابگرێت و خۆی بچێتە شوێنی، ئەم کردەوەیەی ڕیچاردیش دواجار بووە هۆی ئەوەی هەردوو لایەنەکە لە یەکەم شەڕی سانت ئەلبانسدا ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، کە زۆرجار بە یەکەم شەڕی جەنگەکانی دوو گوڵ دادەنرێت.

٤. هەروەها نابێت خراپیی باردۆخی ئابووری پشتگوێ بخەین، کە هۆکارێکی دیکەی هەڵگیرسانی جەنگەکان بوون، بە تایبەتی خراپیی درێژخایەنی بارودۆخی دارایی شاهانە لە ساڵانی (١٤٥٠)دا[٤٣].

٥ -١٣٣٧□

١٤٥٣)ز-دا هۆکارێک دیکەی هەڵگیرسانی جەنگەکانی دوو گوڵ بوو، چونکە دۆڕانی ئینگلتەرا لە جەنگی سەد ساڵەدا، هەستی شانازیی نەتەوەیی ئینگلیزەکانی زامدار کرد و زۆربەی ئاغاکان ماڵی لانکستەریان بە بەپرسیاری ئەم شکستە دەزانی و پێیان باش بوو هێنری شەشەم، کە پاشایەکی لاواز بوو، لەسەر تەخت لاببرێت و پاشایەکی بەهێز دابنرێت تا شکۆی ئینگلتەرا بگەڕێنێتەوە، کاتێکیش هەوڵەکانیان بۆ گۆڕینی پاشا بە ئاشتی شکستیان هێنا، هەوڵیان دا بە چەک پاشا لاببەن و کەسێکی تر لە شوێنی دابنێن، بەم جۆرە جەنگەکان دەستیان پێ کرد.

٦. ماوەتەوە بڵێین، کە هەندێک توێژەر هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگەکە دەگەڕێننەوە بۆ گیانی شەڕانگێزیی مرۆڤ و جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئاغاکانی ئینگلیز لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سەد ساڵە، لە ژیانێکی نەرم بێزار بوون بە دوای پاساوێکدا دەگەڕان تا خوێن برێژن و پێویستییە گیانییەکانیان تێر بکەن، بۆ ئەمەش دەبوو شەڕ لەگەڵ دوژمنە کەسییەکانیان بکەن، تا لەو ڕێگەیەوە گیانیان بە کوشتن و بڕین تێر بکەن[٤٤].

لە ڕاستیدا مێژوونووسان لەسەر دیاریکردنی ساڵی دەستپێکی جەنگەکانی دوو گوڵ هاوڕا نین و چەندین بۆچوونی جیاوازیان هەیە. لە خوارەوە هەوڵدەدەین هەندێک لەو بۆچوونانە بخەینە بەر باس:

١. هەندێک لە مێژوونووسان ساڵی (١٣٩٩)ز-یان وەک سەرەتای ڕاستەقینەی جەنگەکان دیاری کردووە، ئەمەش پاشخانێکی کۆنی هەیە و لەمێژە ئەم بۆچوونە خراوەتە ڕوو، بەجۆرێک کە لایەنگرانی لانکستەر و یۆرک پێیان وابووە، کە تۆوی ململانێییەکان لەو ساڵەدا چێنراوە. تەنانەت نووسەرانی سەردەمی تیودۆریش

هەستیان بە ڕاکێشانی بەهێز دەکرد بۆ ساڵی (١٣٩٩)ز، وەک دەستپێکردنی نزیکەی سەدەیەک لە گێژاوی ناوخۆیی. لە ڕاستیدا تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمیش ئەم بۆچوونە مابوو، بۆ نموونە لە ساڵی (١٨٨٨)ز-دا، ویلیام دێنتۆن (William Denton) هێشتا دەیتوانی بە دڵنیاییەوە ڕایبگەیەنێت، کە کوشتنی ڕیچاردی دووەم و وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن هێنریی چوارەمەوە، بووە هۆی دەستپێکردنی ململانێی نێوان دوو لقی بنەماڵەی شاهانە، کە بە جەنگەکانی دوو گوڵ ناسراوە، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا ساڵی (١٣٩٩)ز تا ڕادەیەکی زۆر وازی لێ هێنراوە و لەبری ئەوە مێژوونووسان چەندین ڕێکەوتی جۆراوجۆریان لەنێوان ساڵانی (١٤٥٠- ١٤٥٩)ز پێشکەش کردووە[٤٥].

٢. هەندێک لە مێژوونووسانی هاوچەرخ، وەک کیس دۆکرای (Keith Dockray) ئاماژەی بەوە کردووە، کە سەرەتای جەنگەکان لە ساڵی (١٤٥٠)ز، کە لەو ساڵەدا ڕاپەڕینی جاک کید سەری هەڵدا و متمانەی ڕژێمەکەی نەهێشت[٤٦].

٣. هەندێک مێژوونووسی دیکە خۆپیشاندانی چەکداریی ڕیچاردی دوکی یۆرک دژی دەرکردنی لە کۆشک لە ساڵی (١٤٥٢)ز، بە سەرەتای جەنگەکان دادەنێن[٤٧].

٤. زۆربەی مێژوونووسان پێیان وایە دەستپێکی جەنگەکان یەکەم شەڕی سانت ئەلبانسە، کە لە (٢٢)ی ئایاری (١٤٥٥)ز-دا ڕوویدا و لەو شەڕەدا ئیدمۆند کوژرا و هێنری شەشەم کەوتە ژێر دەستی یۆرک و هاوپەیمانەکانی، پاشان ئیدارەیەکی یۆرکیی ناجێگیر و کورتخایەن دامەزرا[٤٨].

٥. هەندێک لە مێژوونووسان لەگەڵ هیچ کام لەو بۆچوونانەی سەرەوەدا نین، ئەوان پێیان وایە ساڵی (١٤٥٩)ز ساڵی ڕاستەقینەی دەستپێکی جەنگەکانە، یەکێک لەوانە مێژوونووسی بەریتانی و پسپۆڕ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەنتۆنی جەیمس پۆلارد (Anthony James Pollard)[٤٩]ە، هەروەها مێژوونووسی ئینگلیزی و پسپۆڕی سەدەکانی ناوەڕاست ماری کریستین کارپێنتەر(Mary Christine Carpenter) ، هەمان بۆچوونی ئەنتۆنی هەیە، ناوبراو هەرچەندە ئاماژە بەوە دەکات، کە بە شێوەیەکی ئاسایی وا بیردەکرێتەوە، کە جەنگەکانی گوڵەکان بە یەکەم شەڕی سانت ئەلبانس لە ساڵی (١٤٥٥)ز دەستی پێکردبێت، بەڵام ئەو پێی وایە کە جەنگەکان لە ڕاستیدا تا کۆتایی ساڵی (١٤٥٩)ز دەستی پێ نەکردووە[٥٠].

لەم بابەتەدا ئێمە لەگەڵ بۆچوونی زۆرینەی مێژوونووسانداین و لەم توێژینەوەیەدا ساڵی (١٤٥٥)ز-مان بە ساڵی دەستپێکی جەنگەکان داناوە.

## تەوەری پێنجەم: ڕۆڵی مارگرێت لە ڕووداوەکانی قۆناغی یەکەمی جەنگەکانی دوو گوڵدا (١٤٥٥-١٤٦٠)ز

کاتێک ڕیچاردی دوکی یۆرک کرایە ڕاسپێری تەختی پاشایەتی، بە خێرایی ئیدمۆندی خستە زیندانەوە[٥١]، بەڵام پاشا هێنری لە مانگی یەکی ساڵی (١٤٥٥)ز-دا، ئاوەزی بۆ گەڕایەوە، وا دەهاتە پێشچاو کە چاکبوونەوەی پاشا شتێکی دڵخۆشکەر بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆ، چونکە شاژنە مارگرێت بە تەواوی پاشای جڵەو کردبوو و هەوڵی دەدا بە ناوی هاوسەرەکەیەوە حکومەت کۆنترۆڵ بکات[٥٢]، بۆ ئەو مەبەستە مارگرێت دەستبەجێی پاشای لاوازی گەیاندە ئەنجوومەنی لۆردەکان و لەوێ پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە و ئیدمۆندی ئازاد کرد[٥٣].

ڕیچاردی دوکی یۆرک فەرمانی ئازادکردنی نەیارەکەی بە سووکایەتی بە خۆی زانی، بۆیە چەکی هەڵگرت و بەرخۆدانی چەکداریی دەستپێکرد و ڕایگەیاند، کە ئارەزووی ڕزگارکردنی پاشا لە ڕاوێژکارە خراپەکانی دەکات. لە یەکەم شەڕی سانت ئەلبانسدا، کە بە سەرەتای جەنگەکانی دوو گوڵ دادەنرێت، هەردوو لایەنەکە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە[٥٤]. جێی گوتنە کە یەکەم شەڕی سانت ئەلبانس کە لە بەیانی پێنجشەممە (٢٢)ی ئایاری (١٤٥٥)ز دەستی پێکرد، بۆ ماوەی چوار کاتژمێر بەردەوام بوو، لەم شەڕەدا ڕیچاردی دوکی یۆرک سەرکەوتوو بوو و ڕکابەرەکەی ئیدمۆندی دوکی سۆمەرسێت کوژرا و شا هێنری شەشەمیش گیرا. مێژوونووسی ئینگلیزی چارلز ئارسەر جۆن ئارمسترۆنگ(Charles Arthur John Armstrong) تێبینی کردووە، کە شەڕەکە ناسراوترین شەڕی ناو جەنگەکانی دوو گوڵە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا باسکردنی یەکەم شەڕی سانت ئەلبانس کارێکی ئاسان نییە، چونکە قەبارە و پێکهاتەی سوپاکان بە تەواوی نازانین. ئەمەو سەرچاوە ڕەسەنەکان لایەنگرن و لە کاتی خۆیدا لایەنگرانە ڕووداوەکانیان تۆمار کردووە[٥٥].

دوای شەڕەکە دیسان پاشا نەخۆشکەوتەوە و ڕیچاردی دوکی یۆرک کرایەوە بە ڕاسپێری تەخت[٥٦]. شایەنی باسە لەو پەرلەمانەی کە تێیدا ڕیچارد وەک ڕاسپێری تەخت هەڵبژێردرا، شاژن مارگرێتیش بۆ یەکەمجار بە ئاشکرا سەرزەنشت کرا، بەهۆی دەستتێوەردانەکانی لە کاروباری دەوڵەتدا. پاشان هەر کە دوکی یۆرک دەسەڵاتی جێبەجێکردنی تاجەکەی کەوتە دەست، وازی لە چاودێریکردنی تەندروستی پاشا هێنا

بۆ شاژن و فەرمانی پێکرد، کە لەگەڵ خۆی و کوڕەکەیدا بچێتە قەڵای هێرتفۆرد و لەوێ بمێنێتەوە. مارگرێت لە بارودۆخێکدا نەبوو، کە ئەم فەرمانە ڕەت بکاتەوە، بەڵام بە هەڵسوکەوتەکانی لەم قۆناغەدا وا دەردەکەوێت، کە ناوبراو هیچ شتێکی لەسەر زەوی بە شایستەی سەرنجی خۆی نەزانیبێت، جگە لە دۆخی تەندروستیی هاوسەرەکەی و بەخێوکردنی کوڕەکەی، هەروەها لەم نێوەندەدا ئەو گوڵی سووری بە ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نهێنی بەهێزتر کرد، کە لەم کۆبوونەوانەدا لەگەڵ شازادە ڕزگاربووەکانی ماڵی لانکستەر و زڕبراکانی پاشا هێنری و گەنجە بەجەرگەکان، تیۆدۆرەکان، کە پەیوەندیی خوێنیان هەبوو لەگەڵ گوڵی سوور کۆدەبووەوە. ئەمەو کۆمەڵێک ئاغای گەنجی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، کە باوکیان لە یەکەم شەڕی سانت ئەلبانس کوژرابوون و تەنێ دەژیان بۆئەوەی تۆڵەی خوێنی باوکیان بکەنەوە[٥٧]. بەم جۆرە مارگرێت خۆی ئامادە کرد و هەر کە پاشا لە ساڵی (١٤٥٦)ز-دا جارێکی دیکە لە نەخۆشییەکەی چاکبووەوە و گەڕایەوە پەرلەمان و داوای گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی شاهانەی خۆی کرد، ڕیچاردی دوکی یۆرک ناچار بوو دەسەڵاتەکان بداتەوە پاشا و یەکسەر لایەنگرانی پاشاش پۆستەکانیان وەرگرتەوە و دەسەڵات گەڕایەوە دەستی شاژن[٥٨].

لە ماوەی ساڵانی (١٤٥٦-١٤٥٩)ز-دا قۆناغێکی تاڕادەیەک بێدەنگ بوو، لەم ماوەیەدا مارگرێت کۆنترۆڵی کۆشک و حکومەتی وەرگرتبووەوە، بەڵام کۆنترۆڵی کالیسی نەکردبوو، چونکە لە کالیس نەتوانرا ڕیچارد نیڤل(Richard Neville) ، کە بە وارویک پاشا دروستکەر(Warwick the Kingmaker) ناسراوە، لە پۆستی سەرهەنگی (captaincy) دەربکرێت، کە لە ساڵی (١٤٥٥)ز-دا پۆستەکەی وەرگرتبوو و لەوێ ناوبراو فەرماندەیی تاکە سوپای جێگری پاشایەتی دەکرد و ئەو شوێنە باشترین پێگەی پێبەخشی بۆ ئامادەکاریی بۆ هێرشی داهاتووی[٥٩]. بە گشتی دەتوانین بڵێین کە ئەم ماوەیە بێدەنگیی پێش زریان بوو، چونکە هەردوو لا خۆیان ئامادە دەکرد، بۆئەوەی ئەوی دیکەیان لەناو ببەن.

هەوڵدان بۆ سزادانی وارویک بەهۆی کردەوەیەکی چەتەی دەریاییەوە، کە وەک حاکمی کالیس ئەنجامیدابوو، بووە هۆی نوێبوونەوەی جەنگ. لانکستەرەکان لە شەڕی بلۆرهیس (Battle of Blore Heath) ، کە لە ساڵی (١٤٥٩)ز ڕوویدا، شکستیان هێنا، بەڵام دواتر لە مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا، سوپای یۆرک لە لودفۆرد شکستی هێنا، بەڵام سەرکردەکانیان هەڵاتن. دوای ماوەیەکی کەم و لە نائامادەیی یۆرکدا و

له پەرلەماندا ئەو و شوێنکەوتووانی بە ناپاکیی گەورە تاوانبار کران. سەرکەوتنی لانکستەرەکان درێژەی نەکێشا و وارویک سوپای نوێی لە کالیس کۆکردەوە و هەر لەوێوە هێرشی یەکلاییکەرەوەی دەستپێکرد و لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٤٦٠)ز-دا لەگەڵ کوڕە گەنجەکەی دوکی یۆرک، کە ناوی ئێدوارد بوو، نۆکەندەکەیان بڕی و دواتر لەندەنیان کۆنترۆڵ کرد و پاشان پێشڕەوییان کرد بۆ نۆرسامپتۆن و لە مانگی تەمموزدا و لە شەڕی نۆرسامپتۆن (Battle of Northampton) دا سوپای پاشایان شکست پێهێنا و دیسانەوە پاشایان بە دیل گرت[٦٠]. شاژن مارگرێت خۆی لە شەڕەکەدا بەشدار نەبوو، بەڵکو لەگەڵ کوڕەکەی لە شوێنێکی دوور لە مەیدانی شەڕەکە جێگر ببوو، کە لەوێوە دەیتوانی سەیری شەڕەکە بکات و پەیوەندی لەگەڵ ژەنەڕاڵەکانی بکات. پاشان مارگرێت بە هەستکردن بە ئەنجامی کارەساتباری شەڕەکە، لەگەڵ کوڕەکەی هەڵات بۆ قەڵایەک لە باکووری وێڵز[٦١].

دوای شەڕی نۆرسامپتۆن، لایەنگرانی ڕیچاردی دوکی یۆکر حکومەتیان کۆنترۆڵ کرد و دوکەکە لە پاییزدا هاتە پەرلەمان و بۆ یەکەمجار داوای تەختی پاشایەتی کرد، بەڵام پەرلەمان ئامادە نەبوو هێنری لە پۆستەکەی دووربخاتەوە. لەبری ئەوە ڕیچاری دوکی یۆرک کرا بە پارێزەر و میراتگری پاشا و بڕیاربوو دوای مردنی پاشا، ڕیچاردی دوکی یۆرک شوێنی بگرێتەوە و ببێتە پاشای ئینگلتەرا. لەم سەروبەندەدا شاژن مارگرێت لە باکوور سوپایەکی ئامادە دەکرد، تا بێتەوە لەندەن و پاشا ئازاد بکات[٦٢].

## تەوەری شەشەم: ڕۆڵی مارگریت لە ڕووداوەکانی قۆناغی دووەمی جەنگەکانی دوو گوڵدا (١٤٦٠-١٤٨٣)ز

دوای شەڕی نۆرسامپتۆن، شاژن مارگریت لە باکوور سوپایەکی دروستکرد تا بێتەوە لەندەن و پاشا ئازاد بکات. هەرچی ڕیچاردی دوکی یۆرکە بۆ لەناوبردنی هێزەکانی شاژن بەرەو باکوور جوڵا. لە بەرانبەردا مارگریت لەگەڵ سوپایەکی گەورەدا بەرەو ڕیچاردی دوکی یۆرک ڕۆیشت و ڕیچاردیش پەنای بردە بەر قەڵایەکی بەهێز و لەوێ چاوەڕێی هاتنی ئیدواردی کوڕی و هێزی پشتەڤانی بوو، بەڵام مارگریت قەڵاکەی گەمارۆدا و بە ئاڵنگاریی و گاڵتەجاڕی هانی دا، کە بێتە دەرەوە بۆ شەڕ، ڕیچاردی دوکی یۆرکیش هاتە دەرەوە بۆئەوەی شەڕ بکات. ئەوە بوو لە (٣٠)ی کانوونی دووەمی (١٤٦٠)ز-دا و لە شەڕی وەیکفیلد(Battle of Wakefield) دا ڕیچارد کوژرا و مارگریت سەرکەوت[٦٣].

دوای سەرکەوتنی لە شەڕی وەیکفیلددا و لە سەرەتای ساڵی (١٤٦١)ز-دا، مارگریت لەگەڵ کۆمەڵێک چەکداری بەکرێگیراوانی سکۆتلەندی و وێڵزی و بیانییەکانی دیکە بەرەو لەندەن بەڕێکەوت، بۆئەوەی شا هێنری لە دەستی یۆرکەکان ڕزگار بکەن. وەک باس دەکرێت، لە هەر شوێنێک لایاندابێت، ئەو شوێنەیان تاڵان کردووە. لە (١٧)ی شوباتی (١٤٦١)ز-دا و لە دووەم شەڕی سانت ئەلبانس(Second Battle of St Albans) دا ڕووبەڕووی هێزێکی یۆرک بوونەوە، کە لەلایەن وارویکەوە سەرکردایەتی دەکرا و لەگەڵ شا هێنری لە لەندەنەوە هاتبوون، بۆئەوەی پێشڕەوییەکانی هێزەکانی شاژن ڕابگرن. لەم شەڕەدا وارویک نەیتوانی ڕووبەڕووی ئەو پیاوە باکوورییە ئازایانەی کە شەڕیان بۆ شاژن مارگریت دەکرد، ببێتەوە و ناچاربوو هەڵبێت، دواتر شا هێنرییش ئازادکرا و پاشا هێنری کوڕەکەی و زۆرێک لە لانکستەرەکانی بەهۆی ئازایەتییەکەیانەوە کردە سوارچاک، لێ بەپێچەوانەی پاشاوە کردەوەکانی شاژن زۆر دڵڕەقانە بوو، ناوبراو کوڕە گەنجەکەی کە لەو کاتەدا تەمەنی حەوت ساڵ بوو، کردە سەرۆکی ئەو دادگایەی کە تێیدا سێر تۆمای کویرێل و کوڕەکەی سەرکۆنە کران و پاشان لەسێدارە دران. دوای ئەم شەڕە ڕێگا بۆ لەندەن کراوە بوو، بەڵام لەکاتێکدا مارگریت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا قسەی دەکرد، هێزێکی یۆرک بە سەرکردایەتیی ئیدواردی کوڕە گەورەی ڕیچاردی کۆچکردوو، کە ئێستا نازناوی باوکی هەڵگرتبوو، لە (١)ی ئازاری (١٤٦١)ز-دا چووە ناو لەندەنەوە و لەوێ لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی

لێکرا، چونکە مارگرێت ڕێگەی بە پیاوە باکوورییەکانی دابوو، کە ئینگلیزەکان تاڵان بکەن. دواتر مارگرێت ناچار بوو بکێشتەوە بۆ باکوور و ئێدواردیش لەژێر ناوی ئێدواردی چوارەم وەک پاشا ناسێندرا[٦٤].

ئێدواردی کوڕی ڕیچاردی دوکی یۆرک، دوای ئەوەی بە پاشا ناسێندرا. لەشکرێکی کۆکردەوە و بە خێراییەکی زۆرەوە بەرەو باکوور ڕۆیشت و لە یۆرکشایر و لە شەڕی تاوتۆن(Battle of Towto) دا، کە بە خوێناویترین شەڕی جەنگەکانی دوو گوڵ دادەنرێت و تێیدا زۆرێک لە سەرکردەکانی لانکستەر کوژران، سەرکەوتنێکی یەکلاییکەرەوەی بەدەستهێنا. دوای شەڕەکەش هێنری و ماگرێت بەرەو سکۆتلەندا هەڵاتن[٦٥].

هەرچەندە هێزە کۆکراوەکانی لانکستەرەکان لە تاوتۆن شکستیان هێنا، بەڵام جەنگەکان بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ بۆ ماوەی سێ ساڵ لە باکوور بەردەوام بوون، چونکە هێزەکانی لانکستەر لەگەڵ مارگرێت و هێنری شەشەم پاشەکشەیان کردبوو بۆ سنووری سکۆتلەندا، لەوێوە هەوڵیان دەدا دەست بەسەر قەڵا سنوورییەکانی وەک ئالنویک و بامبۆرۆ بگرن، ئەمەش چەندین هەڵمەتی یۆرکەکانی بۆ باکووری وڵات بەدوای خۆیدا هێنا، تا لە ساڵی (١٤٦٤)ز هێزەکانی شاژن و هەندێک لە فەڕەنسییەکان شکستیان هێنا و قەڵا سنوورییەکان بە توندی لەژێر دەستی یۆرکەکاندا مانەوە. دوای ماوەیەکی کەمیش هێنری شەشەم دەستیگر کرا و لە قەڵای لەندەن زیندانیی کرا، چونکە ناوبراو نەیتوانیبوو وەک پەنابەرێکی سیاسی لە سکۆتلەندا بمێنێتەوە، گەڕابووەوە ئینگلتەرا و لە لانکاشایر لە ساڵی (١٤٦٥)ز دۆزرایەوە و دەستگیر کرا[٦٦]. لەم نێوەندەدا مارگرێت لە بنکەکەی لە باکوورەوە دەستی بە سیاسەتی خۆی کردبوو، کە بریتیبوو لە هەوڵی وەرگرتنی یارمەتی لە کۆشکی پاشایەتی فەڕەنسا، بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی (١٤٦٢)ز-ەوە چەندین گەشتی مەترسیداری ئەنجام دا، بۆئەوەی داوای یارمەتی لە پاشای فەڕەنسا لویسی یانزەیەم بکات[٦٧]، بەڵام ئەو یارمەتییانەی لە فەڕەنسا پێشکەشی کرا، تەرازووی هێزی نەگۆڕی، تا ئەوکاتەی واروێک بەرەی خۆی گۆڕی و لەگەڵ مارگرێت و پاشای فەڕەنسا بووە هاوپەیمان، کە دواتر باسی دەکەین.

دوای ئەوەی دوا بەرخۆدانی بەرچاوی لانکستەر لە ساڵی (١٤٦٤)ز-دا کۆتایی پێهات، وا دیاربوو جەنگەکان کۆتاییان هاتبێت، بەڵام بەو پێیەی ئێدواردی کوڕی هێنری شەشەم هێشتا لە ژیاندا بوو، کێشەکە بە چارەسەرنەکراویی مایەوە. دواتر

شەڕی ئاشکرای ئێدواردی چوارەم و وارویک ڕێگەی خۆشکرد بۆ نوێبوونەوەی جەنگی ناوخۆ[٦٨]. هەرچی مارگرێتە لەم ماوەیەدا، واتە لەنێوان ساڵانی (١٤٦٤-١٤٧١) ز-دا لە زەوییەکانی باوکیدا نیشتەجێ ببوو. بەهۆی ئەو کێبڕکێ وێرانکەرانەی کە باوک و براکەی لەگەڵ ئەراگۆن خەریکی بوون، نەیانتوانی هاوکاریی مارگرێت بکات. لەوێ مارگرێت لە ژیانێکی ناخۆشدا دەژیا، هەرچەندە ژیانی ناخۆش بوو، بەڵام کاتەکانی خۆی بۆ پەروەردەکردنی کوڕەکەی تەرخانکردبوو، بە جۆرێک زۆربەی کاتەکانی لە ڕاهێنان و چاودێریکردنی کوڕەکەیدا بەسەر برد[٦٩].

لەکاتێکدا وارویک ڕەوانەی فەڕەنسا کرابوو، بۆئەوەی هاوسەرگیریی شاهانەی ئێدوارد لەگەڵ خوشکی شاژنی فەڕەنسا ڕێکبخات، ئێدوارد بە نهێنی هاوسەرگیریی کرد لەگەڵ ئەلیزابێس ودڤڵ (Elizabeth Woodville) ، کە لە ماڵی لانکستەر بوو[٧٠]. ئەمەش وارویکی توڕە کرد، چونکە تێگەیشت کە هەژموونی بەسەر پاشای گەنجدا لەدەست دەدات، وای دەبینی کە ئێدوارد هیوای خواستووە ببێتە پاشای هەموو میللەت لە یەکخستنی بەرژەوەندییەکانی یۆرکییەکان و لانکستەرییەکان، نەک تەنیا سەرۆکی کوتلەیەک بێت. لەم کاتەوە شا ئێدوارد و وارویک لە یەکتر جیابوونەوە و هەریەکەیان هەمیشە گومانیان لە یەکتر هەبوو. پەیوەندی نێوانیان خراپتر بوو کاتێک پاشا کەسوکاری هاوسەرەکەی بەرزکردەوە بۆ بەرزترین پۆستەکانی شانشینەکە، ئەمەش بێبایەخکردنی تەواوەتی وارویک و ئەوانی دی بوون، کە یارمەتییان دابوو بێچتە سەر تەخت[٧١].

دواجار کردەوەکانی ئێدوارد پاڵی نا بە وارویکەوە بۆئەوەی بچێتە ناو ئۆپۆزیسیۆنەوە. ئەمەو جۆرجی دوکی کلارنس( George Plantagenet, Duke of Clarence) برای پاشا، ڕازی کرا کە ببێتە سەرۆکی ناڕازییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش کچە گەورەکەی وارویک هاوسەرگیریی لەگەڵ جۆرجی برای پاشا کرد. دوای ئەوەی لە ناوچە جیاوازەکانی ئینگلتەرا سەرهەڵدانەکان ڕوویان دا وارویک و لایەنگرانی ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە و بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بۆ ئێدواردی چوارەم ڕاگەیاند و بە کەڵکوەرگرتن لەوەی هێزە سەربازییەکانی پاشا، کە بەرەو باکوور دەڕۆیشتن، بۆئەوەی شۆڕشگێڕان لە یۆرکشایر سەرکوت بکەن، وارویک و لایەنگرانی بەبێ بەرخۆدانێکی بەرچاو هاتە ناو لەندەن و پاشان هێرشیان کردە سەر بنەماڵەی یۆرک، لە شەڕی ئێدجکۆت( Battle of Edgcote) دا توانییان شا ئێدواردی چوارەم بە دیل بگرن، هەروەها بەهۆی کردەوەکانی وارویکەوە، زیانیان بە خێزانی شاژن (ودڤڵەکان)

گەیشت، بە جۆرێک باوکی شاژن و یەکێک لە براکانی گیران و لەسێدارە دران. سەرهەڵدانی یاخیبوونێک لە بەرژەوەندیی هێنری شەشەم بووە هۆی ئەوەی، کە پاشا وارویک ڕازی بکات ئازادی بکات. دوای ئازادکردنی پاشا ئاشتەواییەک هاتە ئاراوە، بەڵام ئەم ئاشتییە کورتخایەن بوو و دوای ماوەیەکی کەم، یاخیبوونێکی نوێ لینکۆڵنشایر سەریهەڵدا، کە بە نهێنی لەلایەن وارویک و جۆرجەوە پشتگیریی کرا، کە ڕاسپێردرابوون بۆ سەرکوتکردنی ئەم سەرهەڵدانە، وەلێ پاشا بە ناپاکیی ئەوانی زانی و دژی ئەوان کەوتە جوڵە. دوای ئەوەی سوپای یاخیبووان هەڵاتن، دوو سەرکردەکە لە ساڵی (١٤٧٠)ز-دا پەنایان بۆ فەڕەنسا برد و لەوێ لەلایەن پاشای فەڕەنساوە پێشوازییەکی باشیان لێکرا[٧٢].

مارگرێت بانگهێشتی کۆشکی شاهانەی فەڕەنسا کرا و لەوێ پێشنیازی هاوپەیمانیی لەگەڵ وارویک لە ڕێگەی هاوسەرگیریی کوڕەکەی شاژن لەگەڵ کچی وارویکەوە بۆ کرا. مارگرێت سەرەتا ڕەزامەندیی نیشان نەدەدا، بەڵکو پانزە ڕۆژی پێچوو تا شاژن ڕەزامەندیی لەسەر هاوپەیمانیی لەگەڵ وارویک نیشان دا، ئەویش دوای ئەوەی کە بە ئامۆژگاریی ڕاوێژکارانی باوکی، ڕازی بوو بە هاوسەرگیرییەکی لەم شێوەیە[٧٣] و لە کۆتایی مانگی تەمووز، یان سەرەتای مانگی ئابی ساڵی (١٤٧٠)ز-دا ئێدواردی کوڕی مارگرێت هاوسەرگیریی لەگەڵ ئانی کچی وارویک کرد[٧٤].

شایەنی باسە، پێشتر وارویک چەندین تۆمەتی بۆ دابووە پاڵ مارگرێت، بەڵام مارگرێت لە وارویک خۆش بوو لەسەر ئەو قسانەی کە کردبووی، بۆئەوەی هێزەکانیان لە دژی شا ئێدوارد کۆبکەنەوە. پاڵنەری سەرەکی ئەم بڕیارەی مارگرێتیش ئەوە بوو، کە ناوبراو حوکمێکی باڵاتری نیشان دەدا کاتێک بابەتەکان پەیوەندییان بە مافەکانی کوڕەکەیەوە هەبووە و نەیهێشتووە بابەتی کەسیی خۆی ببێتە بەربەرست لە بەردەم چوونە سەر تەختی کوڕەکەیدا[٧٥].

دوای هاوسەرگیرییەکە ئامادەکاریی بۆ هەڵمەتێک بۆ سەر ئینگلتەرا کرا، پاشای فەڕەنسا پارە و کەشتی و پیاوی بە هاوپەیمانان بەخشی، ئەمەو دەبوو هێزی دەریایی فەڕەنسا بەرانبەر هێرشەکانی دوکی بۆرگۆندی بەرگریی لە هاوپەیمانەکانی بکات. هەرچی شا ڕێنێی باوکی مارگرێتیشە بە مرۆڤ و چەک یارمەتی کیژەکەی دا. دواتر بڕیاردرا کە وارویک بچێتە ئینگلتەرا و ئەگەر سەرکەوتوو بێت، مارگرێت و ئێدوارد کوڕەکەی بە هێزەوە بەدوایدا دەچن و لە ئینگلتەرا یەکتر دەبیننەوە[٧٦].

واروویک لەپێناو جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە لە ئەیلوولی (١٤٧٠)ز هێرشی کردە سەر ئینگلتەرا و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی پەیوەندییان پێوە کرد. بەهۆی ئەوەی ئێدوارد کەمتەرخەم بوو لە ئامادەکارییەک بۆ بەرگریکردن، بە زەحمەت هەڵات بۆ فلاندەرز (هوڵەندا)و وارویکیش چووەوە ناو لەندەن و هێنری شەشەمی ئازاد کرد و خستییەوە سەر تەختی پاشایەتی[٧٧].

جارێکی دیکە و بۆ چەند مانگێک لانکستەرەکان لە لەندەن فەرمانڕەواییان کرد، بەڵام ئەو جەنگەی کە لەنێوان فەڕەنسا و بورگەندی دەستی پێکرد، ئاسانکاریی بۆ ئێدوارد کرد، کە سەرباز و پارە لە زاواوەکەی وەربگرێت، کە دوژمنی فەڕەنسا بوو تا دژی لانکستەرەکان بوەستێتەوە، کە هاوپەیمانی فەڕەنسییەکان بوون[٧٨].

لە ساڵی (١٤٧١)ز-دا ئێدواردی چوارەم بە پشتیوانی هێزێکی بچووکی بورگەندییەکان هاتەوە ئینگلتەرا و بە خێرایی جۆرج بەرەی گۆڕی و پەیوەندی بە براکەیەوە کرد. ئێدوارد جارێکی دیکە چووەوە ناو لەندەن و خەڵکی باژێڕەکە بە شادمانییەوە پێشوازییان لێکرد، دواتر بە هێزێکی زیادبووەوە خۆی ئامادە کرد، بۆئەوەی ڕووبەڕووی سوپای لانکستەر ببێتەوە. ئەوە بوو لە نیسانی (١٤٧١)ز-دا و لە شەڕێکی یەکلاییکەرەوە، کە بە شەڕی بارنێت (Battle of Barnet) ناسراوە، واروویک کوژرا و شەڕەکە بە سەرکەوتنێکی تەواو بۆ ئێدواردی چوارەم کۆتایی هات[٧٩].

جێی گوتنە، بەدرێژایی ماوە کورتەکەی گەڕانەوەی لانکستەرەکان بۆ سەر دەسەڵات (ئۆکتۆبەری ١٤٧٠ تا نیسانی ١٤٧١)ز، مارگرێت لە فەڕەنسا مابووەوە[٨٠]. هێنری لە سەرەتای ساڵی (١٤٧١)ز-دا داوای لێکرد بگەڕێتەوە بۆ ئینگلتەرا، ئەویش هەوڵی زۆری دا بۆئەوەی نۆکەندەکە ببڕێت، بەڵام بای پێچەوانە وایکرد کە ئەو کارە مەحاڵ بێت، بەڵام شاژن وازی نەهێنا و لە کۆتاییدا و لە چواردەی نیسان لە وێیمۆس دابەزی، واتە ئەو ڕۆژەی کە شەڕی بارنێتی تێدا کرا، کە لەو شەڕەدا واروویک کوژرا و هێنری بە دیل گیرایەوە[٨١].

وەک باسکراوە، مارگرێت لەو ڕۆژەی کە شەڕی بارنێتی تێدا کرا، لە وێیمۆس دابەزی، کە بەندەرێکی گونجاو بوو تا لێیەوە پەیوەندیی ئێدمۆندی دوکی سۆمەرسێتەوە بکات، کە چەند هەفتەیەک پێش شەڕی بارنێت، لەندەنی بەرەو ڕۆژئاوای وڵاتی بەجێهێشتبوو و لەوێ توانیبووی هێزێک کۆبکاتەوە، بۆئەوەی پەیوەندی بە مارگرێتەوە بکات، کاتێک مارگرێت دادەبەزێت[٨٢].

مارگرێت لە ویێمۆس لە چەند سەد پیاوێک زۆرتری لەگەڵدا نەبوو، بۆیە چووە دێڕی سێرن، کە حەوت میل لە باکووری دۆرچێستەرەوە دوورە. لەوێدا ئێدمۆندی دوکی سۆمەرسێت و تۆماس کۆرتنی ئیرلی دیڤۆن( Thomas Courteney, Earl of Devon) لەگەڵ ژمارەیەکی باشی خەڵکدا چاویان پێی کەوت و هەواڵی ترسناکی سەرکەوتنی ئێدواردیان لە شەڕی بارنێت بۆ هێنا[٨٣].

دوای بیستنی هەواڵەکە، مارگرێت بێهیوا بوو، چونکە پێی وابوو باشترین شت بۆی، ئەوەیە بگەڕێتەوە فەڕەنسا، بۆیە پلانەکانی ئاغاکانی پەسەند نەکرد، کە بۆ جارێکی تر بەشداریی شەڕ بکات، نەک ئەوەی لە ژیانی خۆی بترسێت، بەڵکو لە مردنی تاکە کوڕەکەی دەترسا، کە هیوای گەورەی ماڵی لانکستەر بوو. لە ڕاستیدا دۆخەکە بەبێ ئومێد نەدەزانرا، چونکە هەرچەندە وارویک مردبوو و شا هێنری دیل بوو، بەڵام لانکستەرەکان بە ژمارەیەکی زۆر لە دۆرستشایر و وێڵز و باکوور چەکیان هەڵگرتبوو. هەروەها، لەسەر دەریا باستارد لە فۆکۆنبێرگ (Bastard of Fauconberg)، کەشتیگەلێکی لانکستەری هەبوو، کە هەڕەشەی دابەزینی لەسەر لەندەن دەکرد. ڕەنگە ئەمانە هۆکار بووبن کە لە کۆتاییدا مارگرێت لەسەر ئامۆژگاریی هاوڕێکانی و لەگەڵ هێزەکانیدا بەرەو ئێکستەر بڕوات، چونکە ڕۆژئاوای وڵات ئەو شوێنە بوو کە هەمیشە دۆزەکەی مارگرێتی تێدا بەهێز بوو[٨٤].

هێزەکانی مارگرێت پێش ئەوەی بگەنە وێڵز، لە شەڕی تیوکسبێریدا (Battle of Tewkesbury ) شکستیان هێنا و کوڕەکەی مارگرێت بە دیل گیرا و دواتر کوژرا. دوای شەڕەکەش شاژن لەناو دێرێکدا گیرا و هێنرایە بەردەم ئێدوارد[٨٥]. پاشا فەرمانی دا کە مارگرێت لە قەڵای لەندەن زیندانیی بکرێت. وەک باس دەکرێت هەر ئەو شەوەی کە مارگرێت لەناو دیوارە تاریکەکانیدا دانرا، هاوسەرەکەی کە حەوت ساڵی ڕەبەق بوو چاوی پێی نەکەوتبوو، لە هەمان زینداندا کوژرا[٨٦].

## تەوەری حەوتەم: مارگرێت لە کۆتا ساڵەکانی ژیانیدا

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، مارگرێت دوای شەڕی تیوکسبێری بەدیل گیرا و دواتر هێنرایە ناو لەندەن و لە قەڵای لەندەن زیندانیی کرا.

مارگرێت بۆ ماوەی پێنج ساڵی لە دیلێتی ژیا، لە سەرەتادا زیندانیکردنی مارگرێت زۆر توووند بوو، بەڵام دواتر بەهۆی تکاکردنی ئەلیزابێسی هاوسەری شا ئێدواردەوە، کە بیری هێنایەوە مارگرێت چی بۆ کردبوو، بە باشی مامەڵەی لەگەڵدا کرا و زیندانیکردنی سووک کرا، بە جۆرێک کە مارگرێت تا ڕادەیەکی بەرچاو ئازادیی کەسیی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە نزیکەوە چاودێریی و پاسەوانیی دەکرا[٨٧]. لە ڕاستیدا شوێنی زیندانیکردنی جێگر نەبوو، بەڵکو چەند جارێک گۆڕدرا، دوای ئەوەی لە قەڵای لەندەن دەرهێنرا و گواسترایەوە بۆ ویندسۆر، پاش ماوەیەکیش گواسترایەوە بۆ والینگفۆرد. لەوێ مایەوە تا لە ساڵی (١٤٧٥)ز-دا باوکی بە قوربانیدانی میراتەکەی لە پرۆڤانس، کە بە نیوەی نرخەکەی دەستی لێ هەڵگرت بۆ لویسی یانزەیەم، بۆئەوەی کیژە خۆشەویستەکەی لە دیلێتی ڕزگار بکات[٨٨].

لە کۆتاییدا باوکی مارگرێت لویسی یانزەیەمی پاشای فەڕەنسای ڕازیکرد پارەی ئازادکردنی مارگرێت بدات بە پاشای ئینگلتەرا، لە بەرانبەردا دۆمەینی خێزانەکەی لە پرۆڤانس دەداتە لویس. لویسیش لە (٢٩)ی ئابی (١٤٧٥)ز-دا لەگەڵ ئێدواردی چوارەم لەسەر فیدیەی مارگرێت ڕێککەوتن، کە لویس پەنجا هەزار تاج بە پێنج قیستی ساڵانە بدات و لە کاتی دانی قیستی یەکەمدا شاژن ئازاد بکرێت و ڕێگەی پێبدرێت بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی، هەروەها مەرج بوو بە فەرمی و بۆ هەمیشە دەستبەرداری هەموو مافەکانی ببێت، کە لەڕێگەی هاوسەرگیرییەکەیەوە لە ئینگلتەرا بەدەستی هێنابوو. دوای ئەوەی یەکەم قیستی پارەکە درا بە گەنجینەی ئێدوارد. ئەم پلانە جێبەجێ کرا و لە (٣)ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا بێوەژنە خەمبار و دڵشکاوەکەی هێنری دوای پێنج ساڵ دیلێتی، لە زیندانەکەی، لە قەڵای والینگفۆردەوە بەڕێکەوت، بۆئەوەی بگەڕێتەوە زێدی خۆی. لەم گەشتەدا لەژێر چاودێریی پیاوێکدا بوو، کە ئێدوارد پشتی پێ بەستبوو، بۆئەوەی چاودێریی وردی بکات و ئاگاداری ئەوە بێت، کە بە هێمنی بچێتە بەندەری ساندویچ و لەوێوە بە سواری کەشتییەک بگەڕێتەوە فەڕەنسا[٨٩].

لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٤٧٦)ز-دا مارگرێت بە سەلامەتی گەیشتە دیپێ، دواتر بردرایە ڕۆوان و لە (٢٢)ی کانوونی دووەم ڕادەستی نوێنەرانی

فەڕەنسای کرد. لە (٢٩)ی هەمان مانگدا مارگرێت واژۆی کرد لەسەر بەڵگەنامەی دەستبەرداربوونی هەموو ئەو مافانەی کە هاوسەرگیرییەکەی لە ئینگلتەرا پێی بەخشیبوو[٩٠]. لەهەمان کاتدا واژۆی لەسەر دەستبەرداربوون لە مافەکانی میراتی خۆی لەسەر خاکەکانی باوکی بۆ لویس یانزەیەم کرد، بەڵام بەو پێیەی چەندین میراتگری دیکە هەبوون، مارگرێت قوربانییەکی گەورە نەبوو[٩١].

دوای ئەوەی بەڵگەنامەکەی واژۆ کرد، مارگرێت لە کارەکەی دوورخرایەوە و جێهێڵدرا بۆئەوەی ڕێگەی خۆی بگرێتەبەر و بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی لە ئەنجو، کە مەبەستی بوو ئەو کاتانەی کە لە ژیاندا ماویەتی، لەوێ بەسەری ببات. پلانەکەی ئەوە بوو، کە بە ڕێگای پاریسدا تێپەڕێت، بۆئەوەی جارێکی دیکە شا لویس ببینێت، کە زۆر بە شەرەفەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردبوو، بەڵام لویس ئاگاداری کردەوە کە باشترە نەیەت و ئامۆژگاری کرد، کە لە گەڕانەوەی بۆ لای باوکی لە ئەنجو، باشترین ڕێگا بگرێتە بەر[٩٢].

مارگرێت کە لەم ڕەفتارەی پاشا نیگەران بوو، بڕیاری دا هیچ چاکەیەکی وی پەسەند نەکات و ئەو پاسەوانەی ڕەتکردەوە کە پاشا ناردبووی، بۆئەوەی لە گەشتەکەیدا بۆ ماڵەوە لەگەڵیدا بێت. دواجار لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی نزیکی کەوتە ڕێ. شەوێک مارگرێت لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ئەنجو لایدایە یەکێک لەو گوندە ئینگلیزییانەی کە لە فەڕەنسادا مابوونەوە، دانیشتووانی ئەم گوندە کە بەهۆی بێ پارەییانەوە نەیانتوانیبوو بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەیان. لە دۆخێکی زۆر خراپدا دەژیان و شاژنیان بە هۆکاری شکستی ئینگلیز لە جەنگەکاندا دەزانی. ئەم گوندنشینانە دوای ئەوەی لە کەسە نامۆکان نزیکبوونەوە، بۆئەوەی بزانن ئەوان کێن و پاش ئەوەی ئاگادارکرانەوە، کە ئەوە مارگرێتی شاژنی ئینگلتەرایە، کە لە شانشینەکەی دوورخراوەتەوە و ئێستا دەگەڕێتەوە ماڵەوە، ئەوان توڕە بوون و نزیک بوو لەوەی بیکوژن. مارگرێت دوای ئەم ڕووداوە گەڕایەوە بۆ ڕۆین و دوای ئەوەی پاسەوانێکی بۆ دابینکرا و لەژێر پاراستنی ئەو پاسەوانەدا جارێکی دیکە کەوتە ڕێ و ئەمجارەیان بە سەلامەتی گەیشتەوە زێدی خۆی لە ئەنجو و لەوێ بە میهرەبانی لەلایەن باوکییەوە پێشوازی لێکرا و لەگەڵیدا چووە ناو قەڵای ڕیکولی و نزیکەی چوار ساڵی داهاتووی ژیانی لەناو ئەم قەڵایەدا بەسەر برد[٩٣].

دوای مردنی باوکی لە ساڵی (١٤٨٠)ز-دا تا کۆتایی ژیانی، مارگرێت لە هەژاریی و گۆشەگیرییەکی گەورەدا ژیاوە، دەگوترێت بەشێک لە کاتەکانی لە خوێندنەوەدا بەسەر

بردووه، بە تایبەتی ئەو پەرتووکەی کە لەسەر داوای خۆی لەلایەن چاستیلانەوە ئامادەکراوە، کە باس لە بەدبەختییەکانی شازادە و ئاغاکانی ماڵ و ڕەگەزەکەی دەکات. پیدەچوو کات هەرگیز برینەکانی ئەوی ساڕێژ نەکردبێت، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات خەم و پەژارەی زۆرتر دەبوو، تا لە کۆتاییدا لە (٢٥)ی ئابی (١٤٨٢)ز-دا و لە تەمەنی پەنجاویەک ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، پاشان لە کاتدراڵی ئەنجەرز بە خاک سپێردرا[٩٤].

جێی گوتنە کە لە مانگی ئابی ساڵی (١٤٨٥)ز، دوای نزیکەی دوو ساڵ لە کۆچی دوایی مارگرێت (ڕیچاردی سێیەمی پاشای ئینگلتەرا) و هێنری تیۆدۆری سەرۆکی لانکستەرەکان لە شەڕی بۆسۆرس(Battle of Bosworth) ڕووبەڕووی یەکتر بوونە، کە لەو شەڕەدا ڕیچارد کوژرا و هێنری سەرکەوتنێکی یەکلاییکەرەوەی بەدەستهێنا[٩٥]. دوای شەڕەکەش، بەرخۆدانی چالاکانە بەرانبەر هێنری تیۆدۆر کۆتاییهات و خەڵکەکە کە خوازیاری ئاشتی بوون، لە هەموو شوێنێک وەک ڕزگارکەری کۆمەڵگا پێشوازییان لە هێنری کرد[٩٦]. پاشان لە پەرلەماندا هێنری وەک پاشا پەسەندکرا و بە هاوسەرگیریشی لەگەڵ ئەلیزابێس لە یۆرک (Elizabeth of York) ، کە کچی ئێدواردی چوارەم بوو، پێگەی خۆی بەهێزتر کرد[٩٧]. ئەمەو هێنری حەوتەم لە ڕێگەی ئەم هاوسەرگیرییەوە، توانی هەردوو ماڵی لانکستەر و یۆرک ئاشت بکاتەوە و کۆتایی بە ململانێ خوێناوییەکانی نێوانیان بهێنێت. بەم چەشنەش کۆتایی بە جەنگەکانی دوو گوڵ هات[٩٨]، بەڵام مارگرێت ئەوەندە نەژیا تا ئەنجامی جەنگەکان ببێنت، کە لە بەشێک لە ڕووداوەکانیدا ڕۆڵی سەرەکی بینیبوو.

بێگومان مارگرێت یەکێک بوو لە ژنە بەناوبانگەکانی سەدەی پانزەیەم، بەڵام لەلایەن هەندێک لە مێژوونووسانی ئینگلیزەوە بە هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگە ناوخۆییەکان تاوانبار کراوە، بە تایبەت لەلایەن هەردوو مێژوونووسی ئینگلیزی (هۆڵ و هۆلینشێد) ەوە، کە زۆر بە توندی سەرکۆنەیان کردووە، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بووبێت کە مارگرێت ژنێکی فەڕەنسی بووە[٩٩]. لە ڕاستیدا فەڕەنسیبوونی ئەو زۆرجار لەلایەن نەیارانییەوە، کە دەیانویست پاشا لەسەر تەخت بهێننە خوارەوە، وەک چەکێک دژی مارگرێت بەکارهێنراوە[١٠٠]. ئەوان، واتە نەیارانی پاشا، تەنێ بەوەوە نەوەستان کە بەگاڵتەجاڕانەوە بە ژنە فەڕەنسییەکە ناوی ببەن، بەڵکو پێش ئەوەی هێرش بکەنە سەر پاشا، هێرشیان دەکردە سەر کەسێتی شاژنەکەی و دەیان تۆمەتیان دەدایە پاڵ، ئامانجیش لەمە ئەوە بووە، کە مارگرێت لەبەرچاوی خەڵکدا سووک و ناشرین بکەن[١٠١].

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، کە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

١. مارگرێت یەکێکە لە ژنە بەناوبانگەکانی سەدەی پانزەیەم و هۆکاری سەرەکی بەناوبانگبوونیشی بەشداریی ناوبراو بوو لە جەنگەکانی دوو گوڵدا، کە بە یەکێک لە خوێناویترین و وێرانکەرترین جەنگە ناوخۆییەکانی مێژووی ئینگلتەرا دادەنرێت.

٢. مارگرێت جێپەنجەی بەسەر بەشێک لەو ڕووداوانەوە جێهێشتووە، کە زەمینەی هەڵگیرسانی جەنگەکانی خۆشکرد، تا ئەو ڕادەیەی کە مارگرێت لەلایەن هەندێک لە مێژوونووسانی ئینگلیزەوە بە هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگە ناوخۆییەکان تاوانبار کراوە.

٣. مارگرێت ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە بەشێک لە ڕووداوەکانی جەنگەکانی دوو گوڵدا بینیوە و کردەوەکانیشی باشترین بەڵگەن.

٤. ڕەفتارەکانی مارگرێت لە کاتی جەنگەکاندا دەیسەلمێنن، کە ناوبراو ژنێکی خۆسەپێن و دڕندە بووە، بە جۆرێک کە لەگەڵ پەرەسەندنی جەنگەکانی دوو گوڵدا هەمان مەیلی پیاوە خوێنڕێژەکانی نیشان داوە بۆ لەسێدارەدانی دیلەکان.

٥. مارگرێت ژنێکی فەڕەنسی بووە، ئەمەش زۆرجار لەلایەن نەیارانییەوە کە دەیانویست پاشا لەسەر تەخت بهێننە خوارەوە، وەک چەکێک دژی مارگرێت بەکارهێنراوە، لە ڕاستیدا ئەگەر ئەم ژنە بیانی نەبووایە، ڕەنگە سیفەتە فەرماندەییەکانی تەحەمول بکرایە و تەنانەت جەماوەریشی هەبووایە.

# پەراوێز و سەرچاوەکانی توێژینەوەکان

## پەراوێز و سەرچاوەکانی توێژینەوەی یەکەم:

**پەراوێزەکان:**

1. James Michael Illston: ‹An Entirely Masculine Activity›? Women and War in the High and Late Middle Ages Reconsidered, A Thesis Submitted in Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master of Arts in History, Department of History, University of Canterbury, 2009, p19.
2. Mary R. Beard: Woman As Force In History, Third printing, the macmillan company, New York, United States of America, 1947, p279.
3. James Michael Illston: Op, cit, p8.
4. David John Hay: the campaigns of countess matilda of canossa (1046- 1115): an analysis of the history and social significance of a woman›s military leadership, A thesis submitted in conformity with the requirements for the degree of Doctor of Philosophy, Graduate Department of Medieval Studies, University of Toronto, 2000, p1.
5. David John Hay: Op, cit, p4.
6. David John Hay: Ibid, p5.
7. David John Hay: Ibid, pp5- 6.
8. David John Hay: Ibid, p6.
9. James Michael Illston: Op, cit, p12.
10. James Michael Illston: Ibid, pp110- 111.

١١. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، وەرگێڕ: سەرکەوت جەلیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠١٣ز، ل٥١.

١٢. مەسیحییەت وەک ئایینێکی ئاسمانی دەرکەوت، کە مەسیح وەک دینێکی ڕزگاری و خۆشەویستی خستییە ڕوو. ئەم ئایینە نوێیە لەلایەن جووەکان و دەسەڵاتدارانی سیاسیی ڕۆمانی و بیرمەند و ڕۆشنبیرە بتپەرستەکانەوە هێرشی دەکرایە سەر. مەسیحییەتیش، بۆئەوەی بمێنێتەوە، دەبوو ڕووبەڕووی ئەو هێرشانە بوەستێتەوە و لە یەک کاتدا بەڵگەی لاهوتی و فەلسەفییش بەکاربهێنێت. لێرەوە ڕەگەزە فەلسەفییەکانی ناو نووسینەکانی باوکانی سەرەتای مەسیحییەت سەری هەڵدا، کە دواتر ناونران بە باوکە فەیلەسوفەکان و سەردەمەکەیان لە سەدەی یەکەمی زایینەوە دەست پێ دەکات و درێژ دەبێتەوە تا سەدەی چوارەم و لەسەر دەستی قەشە ئۆگستین دەگاتە لوتکە،

دوای ئەویش سەردەمی باوکان کۆتایی دێت و ئەوروپا پێ دەنێتە ناو سەدەکانی ناوەڕاستەوە. (د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، لل٦٣-٦٤).

١٣. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: ئەفلاتون و ژن، وەرگێڕ: هاوار محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠١٣ز، ل٢١.

١٤. نوری زادە: ژن لە فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاوادا، وەرگێڕ: ڕەسوڵ سوڵتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠٠٨ز، ل٩.

١٥. .د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: ئەفلاتون و ژن، ل٢٢.

١٦. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: ئەفلاتون و ژن، لل١٤٢،١٤٥.

١٧. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: ئەرەستۆ و ژن، وەگێڕ: سەرکەوت جەلیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠١٣ز، لل١٢١،٩.

١٨. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: ئەرەستۆ و ژن، ل١٢٢.

١٩. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، ل٢٠.

٢٠. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، لل٢٨-٢٩.

٢١. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، لل٢٩-٣٠.

22. James Michael Illston: Op, cit, p20.

٢٣. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، لل٥٣،٥١-٥٦،٥٤.

٢٤. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، لل٦٩،٦٥.

٢٥. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، ل٧٤.

٢٦. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، لل١٣٤،١١٤.

٢٧. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، ل١٤٣.

28. David John Hay: Op, cit, pp126- 128.

29. David John Hay: Ibid, p139.

٣٠. توندوتیژیی بەرانبەر بە ئافرەت کارێکی ئاسایی و ڕێگەپێدراو بوو، تەنانەت بۆ ڕاهێنانی ئافرەتان لەسەر لێدان لەسەر باوک پێویست بووە لە کەنیشکەکانی بدات و کلێساش قەبارەی ئەو کوتەک و گۆچانانەی دیاری دەکرد کە لە ئافرەتانی پێ دەدرا. (بەرهەم محەمەد مستەفا: بارودۆخی ئەوروپا و کاریگەری شارستانییەتی ئیسلامی لە سەردەمی هەڵمەتەکانی خاچدروشمەکاندا)، (٤٨٨-٦٩٠ک \١٠٩٥-١٢٩١ز)، نامەی ماستەر، بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٣ز، ل٣٩).

٣١. بەرهەم محەمەد مستەفا: س. پ، ل٣٩؛ د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، ل١٤٤؛

James Michael Illston: Op, cit, pp47- 48.

٣٢. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، ل١٤٤.

33. David John Hay: Op, cit, p126.

٣٤. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، ل١٤٣.
٣٥. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، ل١٣٧.
٣٦. سیامەک ستودە: ئافرەت لە کاروانی مێژوودا؛ لە فریشتەکانی ئاسمانەوە بۆ کۆیلەی ماڵەوە، وەرگێڕ: حامید گەوهەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی نینا لە ئۆپسالا، سوید، بێ ساڵی چاپ، ل١٧٢.
٣٧. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، ل١٤٥.
38. James Michael Illston: Op, cit, p38.
39. James Michael Illston: Ibid, p39.
40. James Michael Illston: Ibid, pp40- 41.
41. James Michael Illston: Ibid, p42.
42. James Michael Illston: Ibid, p108.
43. James Michael Illston: Ibid, pp43 -44.
٤٤. شایەنی باسە بەهۆی پشێویی و جەنگی ناوخۆوە سێ هەرێمی جیاواز لەناو شانشینی فرانکەکاندا دەرکـەوت، هەرێمی ئوستراسیا لە ڕۆژهـەڵات، کە زۆربـەی جێرمانی بوو و ژمارەیەکی زۆری جووتیاری تێدا بڵاوببووەوە، هەرێمی نوستریا لە ڕۆژئاوا، کە ڕەگەزی ڕۆمانی تێدا بڵاوبووەوە و خاوەن زەوییەکی زۆر بوو، کە کۆیلەکان ئیشیان تێدا دەکرد، سێیەمیش هەرێمی بەرگەندیا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی گال، کە جووتیاری خاوەن زەوی بچووکی تێدا بوو، ئەم دابەشبوونە بووە هۆی پێکدادانی نێوان هەرێمەکان، چونکە هەر هەرێمێک دەیویست لەسەر حیسابی ئەوی تر فراوانخوازیی بکات. لەم نێوەندەدا و لە ساڵی (٥٩٧)ز-دا برۆنهێلدا دەسەڵاتی ئوستراسیا و بەرگەندیای کەوتە دەست، بەڵام هەر زوو ڕووبەڕووی بەرەنگاریی دەرەبەگەکان بووەوە، کە بە هەموو توانایانەوە دایانە پاڵ کلوتار (Chlothar II)ی پاشای نوستریا، چونکە بەرژەوەندییەکانی ئەوانی لە خاوەندارێتی زەوی و باج پاراست و چەندین ئیمتیازی نوێی وەک چەندین تایبەتمەندی لە بواری مافە دادوەرییەکان پێبەخشین، ئەوە بوو لە جەنگێکدا بەسەر برۆنهێلدا سەرکەوتن و کوشتیان، بەم جۆرە شانشینەکە جارێکی تر لەسەر دەستی کلوتار یەکیگرتەوە، بەڵام سەرکەوتنی کلوتار بەسەر برۆنهێلدا، بە ڕادەیەکی زۆر بە سەرکەوتنی دەرەبەگەکان بەسەر دەسەڵاتی ناوەندییدا دەدانرێت، کە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ دەرکەوتنی کۆسووڕی دەرەبەگایەتی، بۆیە شتێکی سەیر نییە کە دەبینین دوای سەرکەوتنەکانی، کلوتار ناچاربوو دەست لە زۆرێک لە دەستکەوتەکانی هەڵبگرێت بۆ دەرەبەگ و پیاوانی ئایینی. (پرۆفیسۆر دکتۆر جڤری برۆن: پوختەی مێژووی ئەورووپا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ( سەردەمی کۆن، سەدەکانی ناوەڕاست، سەردەمی نوێ)، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٩ز، لل١١٩-١٢٠؛ (د. عبدالامیر محمد امین و محمد تۆفیق حسین: مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وەرگێڕ: مستەفا سەعید عەلی، چاپی یەکەم، چوارچرا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠١٠ز، لل١٠١- ١٠٢).
45. David John Hay: Op, cit, p125.

٤٦. شارلمان بەدرێژایی ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەی چەندین پەیوەندیی دیبلۆماسی لەگەڵ دەوڵەت و دەسەڵات و هێزە دەرەکییەکاندا هەبووە. یەکێک لەوانەش ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتی بوو. بۆ زانیاری پتر دەربارەی پەیوەندی و کارە دیبلۆماسییەکانی شارلمان بڕوانە: (د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠١٦ز، لل٨٤- ٨٧).

47. David John Hay: Op, cit, p127.

48. James Michael Illston: Op, cit, pp57 -59.

49. David John Hay: Op, cit, p136.

50. James Michael Illston: Op, cit, pp29- 30.

51. James Michael Illston: Ibid, p60.

52. James Michael Illston: Ibid, pp32 -33.

53. David John Hay: Op, cit, pp135- 136.

54. James Michael Illston: Op, cit, p33.

55. David John Hay: Op, cit, pp152, 158- 159,164.

٥٦. ئیمپراتۆرە ماتیلدا(Empress Matilda) ، کچی پاشا هێنری یەکەم بوو. بەهۆی ئەوەی هێنری کوڕی نەمابوو شوێنی بگرێتەوە، وەسێتی کرد ماتیلدای کیژی شوێنی بگرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەرچی گفت و پەیمانی پێویست بوو لە وەجاخزادەکان وەرگرت، وەلێ کاتێک لەساڵی (١١٣٥) ز کۆچی دوایی کرد، پەیمانەکەیان شکاند و پشتگیری ستیڤن (Stephen)یان کرد، تا لە شوێنی ماتیلدا بچێتە سەر تەختی دەسەڵات. ئەم ڕووداوەش ململانێیەکی توندی لەنێوان ماتیلدا و ستیڤن لەسەر دەسەڵاتداریتی وڵات (بەریتانیا و نۆرماندی) دروستکرد، کە سەری کێشا بۆ جەنگی ناوخۆیی و نزیکەی بیست ساڵی خایاند و لە کۆتاییدا ماتیلدا سەرکەوت و ستیڤن شکستی هێنا، کاتێک ڕازی بوو هێنری کوڕی ماتیلدا وەک پاشای وڵات پەسەند بکات. (د. عبدالامیر محمد امین و محمد تۆفیق حسین: س. پ، ل ١٤٦؛ د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: س. پ، ل ١٢٧).

57. James Michael Illston: Op, cit, p64.

58. James Michael Illston: Ibid, pp46- 47.

59. James Michael Illston: Ibid, p46.

60. James Michael Illston: Ibid, pp48 -49.

61. James Michael Illston: Ibid, p49.

62. David John Hay: Op, cit, p171.

63. James Michael Illston: Op, cit, pp50 -51.

64. James Michael Illston: Ibid, pp54- 55.

65. James Michael Illston: Ibid, pp55- 56.

٦٦. شایەنی باسە میراتی ژنێکی ئاغا، زەوییەک بوو، کە بە زۆری لە شێوەی مارەییدا بوو و خێزانی بووک لە کاتی هاوسەرگیرییدا دەیدا بە کچەکانیان و لە کاتی جیابوونەوە، یان بێوەژنبووندا، مارەیی وەک میراتی ژنان بوو و بژێویی ژیانیان بۆ دابین دەکرد؛

(James Michael Illston: Ibid, p56).

67. James Michael Illston: Ibid, pp56- 57.

68. James Michael Illston: Ibid, p57.

٦٩. شایەنی باسە ئەلبیجینسەکان لە سەدەی یازدەیەمدا و لە ناوچەکانی باشووری فەرەنسا دەرکەوتن و خاوەن پەیڕەوێکی ئایینی تایبەت بە خۆیان بوون و بانگەشەی ژیانی هەژارییان دەکرد و ڕەخنەیان لە زۆربەی پەیڕەوەکانی کڵێسای کاتۆلیکی، وەک: حەوت نهێنییەکان و پەرستنی سانتەکان دەگرت. بەهۆی هەوڵە ڕادیکاڵییەکانیانەوە لە کۆتایی سەدەی دوانزەیەمدا بوونە مەترسی لەسەر کڵێسای کاتۆلیکی و لە سەرەتای سەدەی سیانزەیەمدا لەلایەن پاپا (ئینوسنتی سێیەم)ەوە بانگەشەی لەشکرکێشی خاچی کرد بۆ قڕکردن و ڕیشەکێشکردنیان. (ئامانج نازم بیجان: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق،٢٠١٠ز، ل٩٣).

70. James Michael Illston: Op, cit, p51.

71. James Michael Illston: Ibid, p109.

72. James Michael Illston: Ibid, pp66,64,68.

73. James Michael Illston: Ibid, p69.

74. James Michael Illston: Ibid, p70.

75. James Michael Illston: Ibid, p70.

76. James Michael Illston: Ibid, p71.

77. James Michael Illston: Ibid, pp51,88.

78. James Michael Illston: Ibid, p78.

79. James Michael Illston: Ibid, p80.

80. James Michael Illston: Ibid, pp81 -83.

81. James Michael Illston:Ibid, pp83, 85.

82. James Michael Illston: Ibid, pp85- 86.

83. James Michael Illston: Ibid, pp87- 88.

84. James Michael Illston: Ibid, p111.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: پەرتووک**

**ئ. بە زمانی کوردی:**

١. ئامانج نازم بیجان: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق،٢٠١٠ز.

٢. پرۆفیسۆر دکتۆر جفری برۆن: پوختەی مێژووی ئەورووپا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ (سەردەمی کۆن، سەدەکانی ناوەڕاست، سەردەمی نوێ)، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٩ز.

د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام:

٣. ئەرەستۆ و ژن، وەگێڕ: سەرکەوت جەلیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠١٣ز.

٤. ئەفلاتون و ژن، وەرگێڕ: هاوار محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠١٣ز.

٥. فەیلەسوفی مەسیحی و ژن، وەرگێڕ: سەرکەوت جەلیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠١٣ز.

٦. د. عبدالامیر محمد امین و محمد تۆفیق حسین: مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وەرگێڕ: مستەفا سەعید عەلی، چاپی یەکەم، چوارچرا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠١٠ز.

٧. د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠١٦ز.

٨. سیامەک ستودە: ئافرەت لە کاروانی مێژوودا؛ لە فریشتەکانی ئاسمانەوە بۆ کۆیلەی ماڵەوە، وەرگێڕ: حامید گەوهەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی نینا لە ئۆپسالا، سوید، بێ ساڵی چاپ.

٩. نوری زادە: ژن لە فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئـاوادا، وەرگێڕ: ڕەسوڵ سوڵتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠٠٨ز.

**ا. بە زمانی ئینگلیزی:**

